# منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە.

"ژان بیاژێ"

**هـەل ڕەخسـاندن بەشـێکە لـە پڕۆسـەی پـەروەردەو فێرکـردن، لـەوێوە هـەنگاوەکانی فێرکردنـی منـداڵ دەسـت پێـدەکات، وەك پڕۆسـەیەکی پـەروەردەیی درێژخایـەنی بـەردەوام. بۆیـە تـا هـەل بـۆ منداڵەکە نەڕەخسێنرێت ناتوانرێت پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش دەستپێبکەین.**

**سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد**
**سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز**
**خالد سلیم محمود**
**تایپکردن : شڤان سابیر عولا**
**نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز**
**نەخشەسازی ناوەرۆك: شڤان سابیر عولا**

چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٨١٨)، ٢٠١٨، تیراژ: ٢٠٠٠دانە، نرخ: ٢٣٠٠١٧٥٠دینار
لە چاپخانەی فەرەج لە هەولێر چاپکراوە

# پەروەردەی هونەر

## بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەت

### ڕێبەری مامۆستا

ئامادەکردنی

م. خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس

پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێنساڵح

# ناوەرۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٦ | پێشەكی |
| ٧ | پێشكار |
| ٨ | ئامانجەكانی پەروەردەی هونەر |
| ١٣ | ئەنجام |
| ١٤ | فێرگەو وانەی پەروەردەی هونەر وەك دوو لایەنی كۆمەڵایەتی |
| ١٥ | پەروەردەی هونەرو گەشەپێدانی زانیاری  لە كۆمەڵگەدا |
| ١٧ | گرنگی ئەنجامدانی چالاكی لەم قۆناخەدا |
| ١٨ | پرۆگرامی چالاكییە هونەرییەكان لە ڕوانگەی چەمكە هاوچەرخەكانەوە |
| ١٩ | ئەو بنەما گشتییانەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێن لەكاتی چالاكییە هونەرییەكاندا |
| ٢١ | فێربوونی چالاك |
| ٢٥ | بنەما سەرەكییەكانی فێربوونی كارامەیی لای منداڵ |
| ٢٨ | یاسای ئاسایش و خۆپارێزی لە چالاكییە هونەرییەكاندا |
| ٣٣ | قۆناخەكانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیكتۆر لۆنفیلد) |
| | **كلێشەی پلانی مامۆستا** |
| ٣٦ | كلێشەی پێشنیاركراوی پلاندانان بۆ مامۆستا |
| | **تەوەری یەكەم** |
| | **وانەی یەكەم** |
| | **گوزارشتی هونەری بە هێڵكاری** |
| ٣٩ | هێڵكاری ئازاد |
| ٤٠ | گوزارشتی هونەری بە هێڵكاری |
| ٤١ | بابەت: سروشت |
| ٥٢ | هەڵسەنگاندن |
| | **وانەی دووەم** |
| ٥٦ | پەیوەندی نێوان ڕەنگەكان |

| | |
|---|---|
| ڕەنگ کوێری | ٥٨ |
| چالاکی کرداری | ٦٠ |
| هەڵسەنگاندن | ٦٤ |
| پلان | ٦٤ |
| وانەی سێیەم | |
| کێشانی شێوەو پانتایی جیاواز | ٦٧ |
| ئامانجی فێربوون و فێربوونی کراوە | ٧٠ |
| چالاکی کردارەکی | ٧٣ |
| **تەوەری دووەم** | |
| کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| لکاندن | ٧٨ |
| وانەی دووەم | |
| هەویرکاری | ٨٥ |
| وانەی سێیەم | |
| بەکارهێنانەوە | ٩٣ |
| وانەی چوارەم | |
| خوری، دەزوو، داوکاری | ١٠٣ |
| **تەوەری سێیەم** | |
| ڕەنگکردن | |
| ڕەنگکردن بە کەرەستە جیاوازەکان | ١٠٧ |
| **تەوەری چوارەم** | |
| کردنەوەی پێشانگە | |
| جۆرەکانی پێشانگە | ١١٤ |
| بنچینەکانی کردنەوەی پێشانگە | ١١٧ |
| فەرهەنگۆك | ١٢١ |
| سەرچاوەکان | ١٣٩ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز، ئەم پڕۆگرامە گرنگی بە چەندین بوار دەدات، وەك (پەروەردە، هونەر، فێرکاری...)، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە چەندین تەوەری تریش لەخۆبگرێت، تا مامۆستای وانەی هونەر بەرچاوی ڕوونبێت، تا بتوانێت ئەو ئامانجە بهێنێتە دی، کە وانەی پەروەردەی هونەر بۆی تێدەکۆشێت. لەم پڕۆگرامەدا چەندین ڕێنوێنی دراوە بە مامۆستا، تا بتوانێت بە سەرکەوتوویی کارەکەی لە پۆلدا جێبەجێ بکات و مامەڵەیەکی ڕاست و دروست لەگەڵ قوتابییەکاندا بکات.

پێویستە بۆ ئەو هەنگاوانەی بۆت دانراوە زیادەڕەوی نەکەیت، چونکە قوتابییەکان سنوری کارکردنیان دیاریکراوە لە ڕووی گەشەی لەشەکی و ئەقڵییەوە. کەواتە تۆش دەتوانی کارزانی خۆت بەکاربهێنیت و لەگەڵ قوتابییەکاندا پڕۆگرامەکە بخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام پێویستە لەکاتی جێبەجێکرنیشدا ڕێز لە ویست و خواستی قوتابییەکان بگریت و کاری خۆسەپێنی ئەنجام نەدەیت، چونکە لەم قۆناخەدا قوتابییەکان ئاستی تێگەیشتن و بیرکردنەوەو تێڕامانیان لە بواری گەشەو کۆکردنەوەی زانیاری نویێ دایەو دەبێت ئاگاداربیت و هەڵەی کوشندە نەکەیت لەکاتی جێبەجێکردندا.

کەرەستەکانی بەکارهێنان سادەن و تەنها پێویستییان بە کەمێك خۆماندووکردن و خۆئامادەکردنی پێشوەختەی مامۆستا هەیە، بۆیە پێویستە پڕۆگرامەکە بخوێنیتەوە، تا لە تواناو کارامەیی قوتابییەکان تێبگەیت، چونکە ئەوە بزانە مەبەست لەم وانەیە فێرکردنی قوتابییەکان نییە بەکاری هونەری، هێندەی مەبەستمانە کارە هونەرییەکە بخەینە خزمەتی پەروەردەکردن و ڕاهێزانی قوتابییەکان لە بواری گەشەپێدانی ((زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستیدا، ئینجا دوای هەمووان ئاشنابوونیانە بەکاری هونەری))، کەواتە دەمانەوێت قوتابییەکان لەڕێگەی هونەرەکەوە پەروەردە بکەین، پاشان خۆیان فێر دەبن. دواتر قوتابییەکان هەست بە چێژوەرگرتن دەکەن و تام لە وانەکە وەردەگرن، ئەمەش پڕۆسەیەکی بەردەوامی کارکردنە لە کاتی ئەو ماوەیەی، کە قوتابییەکە لە قوتابخانەیە. لە ڕاستیدا بۆ هەموو ئەم کارانەش قوتابییەکان پێویستییان بە هەل ڕەخساندنە، تا بوارییان پێبدرێت لە کاتی کارکردندا، بتوانن گوزارشت لە خۆیان بکەن و هەست و نەستی خۆیانمان لەڕێگەی کارە هونەرییەکانەوە پیشان بدەن. لە کۆتاییدا، ئەرکی تۆشە پلانی تۆکمە بۆ وانەکە دابنێیت و پاشان لە پۆلدا جێبەجێی بکەیت.

م. خەلیل عەلی

پێشكار:

ئەم پڕۆگرامە گرنگی بە قۆناخێكی دیاریكراوی تەمەنی منداڵ دەدات و هەوڵدەدات كێشەو حەزەكانی منداڵ بەردیدە بگرێت و گرنگی بە ئارەزووەكانی منداڵ بدات. ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستا زۆر بەسوودە ئەو منداڵانەن، كە لە زارۆخانەكانەوە هاتوون و لە مەبەستی كارەكە تێدەگەن و دەزانن مامۆستا داوای چییان لێدەكات؟ ئەگەر نا، ئەوا پێویستە مامۆستا ((پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان – ڕێنیشاندەری مامۆستا)) بخوێنێتەوەو بزانێت ئەو منداڵانەی بە زارۆخانەدا ڕەت نەبوون، پێویستیان بە چییەو دەبێت چیان بۆ بكەین؟ ئەمەش وەك تێكەڵاوكردن و پێكگرتن و لێكبەستنی هەردوو پڕۆگرامەكە (باخچەی منداڵان و قۆناخی دووەم)ە، بۆیە پێویستە مامۆستا هەوڵبدات هەردووك پڕۆگرامەكە بخوێنێتەوەو بەرچاو ڕوونییەكی لا دروستبێت، پاشان لەسەر ئەو پلانە بەرنامەی تەواو بۆ خۆی دابنێت. لە سەرەتادا ئەم پڕۆگرامە لە جێبەجێكردنی هەنگاوی یەكەمی مامۆستادا كەمێك سەختی پێوە دیار دەبێت، بەڵام دوای ڕاهاتن و تێگەیشتن لە مەبەستی داواكراو، ئەوا هێدی هێدی مامۆستا دەست لەگەڵ بابەتەكان نەرم دەكات و زۆر ئاسان دەتوانێت بیگەیەنێتە منداڵەكان و چێژ بەخشبێت. منداڵ بەدوای كاری تازەو ناوازەدا دەگەڕێت، ئەم پڕۆگرامەش پڕییەتی لەكاری تازەو لەگەڵ توانستی منداڵدا دێتەوە، چونكە هەڵسەنگاندن بۆ هەرسێ لایەنی گەشە كراوە (لەشەكی، ئەقڵی، كۆمەڵایەتی) چالاكییەكان لە ئاست توانای گەشەی لەشەكی و ئەقڵی منداڵەكەدایەو بواری گەشەی كۆمەڵایەتی منداڵەكانیش فەرامۆش نەكراوە.

مامۆستا سەرەتا پڕۆگرامەكە دەخوێنێتەوە، تا لە ئاستی تواناكانی ئەم تەمەنەی منداڵ تێبگات و ڕێنیشاندەری دەكرێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی بۆی دیاریكراوە. هەنگاو بە هەنگاو پێهەڵدەگرێ لەگەڵ منداڵەكانداو ئاڕاستەیان دەكات و گوێبیستی بیرو بۆچوونەكانی منداڵەكان دەبێت، پاشان لەگەڵ تێگەیشتن لە ئاست و ویستی منداڵەكان، مامۆستا تێدەگات و دەزانێت چی دەكات؟ چۆن دەكات؟ بە چی دەیان كات؟ كات و شوێنی گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ سازكردنی چالاكییەكانی و گەیاندنی پەیامە هونەرییەكەی بە شێوەیەكی ڕاست و دروست.

## ئامانجەکانی پەروەردەی هونەر

### وانەی پەروەردەی هونەر گەلێك ئامانج بەدیدێنێت، وەك:

### ١. گەشەپێدانی هەست و سۆزو ویژدانی منداڵ:

کاتێك منداڵان تێکەڵی کاری هونەری دەبن و کار دەکەن لەو بوارەدا یارمەتی گەشەکردنی هەست و نەستیان دەدات بە جۆرێك دەڵێین هەستیارو هەست ناسك نهێنیەکەی لەوەدایە، کە کرداری دروستکردنی بەرهەمی هونەری لەپێش هەمووشتێکدا، بریتییە لە هەست و نەست و گوزارشتی حاڵەتێکی ویژدانی. لێرەدا منداڵان دوور لە دووبەرەکی و گۆشەگیری فێری یەکبوون و هاوبەشی ویژدانی یەکترو بابەتەکانی ژیان و تێکەڵبوون لەگەڵ یەکتری و خۆشەویستی دەبن، کە ئەمەش وێنەیەکی لایەنی هاوبەشی ویژدانی و هاوسۆزی کۆمەڵە. هەروەها ئەوەش دروست دەبێت لە ناو منداڵاندا، کە لە ڕێگەی نێوان بەرهەمی هونەری و چێژلێوەرگرتندا، هیچ لەوە خۆشتر نییە منداڵێك کارە هونەریەکەی تەواو دەکات و تابلۆکە بەرزدەکاتەوە بۆ مامۆستاکەی و پێی دەڵێت مامۆستا کارەکەم تەواو کرد، ئەمەش وا لە منداڵەکە دەکات هەست بە بوونی خۆی بکات و دڵشاد بێت.

### ٢. مەشق پێکردنی ئەندامەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی بەکارهێنانی بە شێوەیەکی بێسنور:

پەروەردەی هونەر، وا لە منداڵ دەکات کێشەی لەشەکی نەمێنێ، چونکە (پەنجەکانی، چاوەکانی، هۆشی، بیرو هەستی) و هەموو ئەندامەکانی جەستەی بەکاردەهێنێت بۆ ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری جوان. منداڵ لە زارۆخانە، هەتا قۆناخی دووی بنەڕەتی چەند کێشەیەکی هەیە وەك:

#### أ- بارگرژی لەشەکی:

واتە لەشی منداڵەکە گرژەو ناتوانێ قەڵەم بەدەستەوە بگرێت و کاتێکیش قەڵەم دەگرێت بەدەستەوە نووکی قەڵەمەکەی زوو زوو دەشکێنێت، یان پەڕەکە دەدڕێنێت و پیسی دەکات. ئەمە نیشانەی ئەوەیە، کە منداڵەکە ئەزموونی بەکارهێنانی نییە، بۆیە زۆر گرنگە بۆ مامۆستا بە هۆی کێشانی وێنەو کاردەستییەوە، هێدی هێدی ئەم بارگرژیە لەشەکییە بڕەوێنێتەوە لە جەستەی منداڵەکەدا. هەر بۆیە ئەو منداڵانەی لە زارۆخانە دەردەچن و دەچنە قۆناخەکانی تری خوێندن باشترو چەلەنگترن لەو منداڵانەی قۆناخی باخچەی منداڵانیان نەبڕیوە. چونکە ماسوولکەکانیان باشتر گەشەی کردووە و ڕاهێزانی زۆرتریان پێکراوە.

### ب– بارگرژییە بیرو هزرو هەستییەکان:

واتە منداڵەکە توانای بیرکردنەوەی قەتیس بووە، دەزانێت، بەڵام ناتوانێت دەریبڕێت، جا یان لە ڕووی گوزارشتی زمانەوانییەوە تەواو نییە، یان شەرم دەکات، یان بارگرژی لەسەر مێشکی دروست بووەو ناتوانێت لە شوێن و کاتی پێویستدا بەگۆ بکەوێت، یان حەز بە کارکردنی هونەری ناکات، یان توانستی گەشەی مێشکی سستە (پەیوەندی بە لایەنی بۆماوەییەوە هەیە). بۆیە لە کاتی دوواندن و گفتوگۆ کردندا لە سەر مامۆستا پێویستە نەرمی بنوێنێت و پەلەپەل نەکات لەگەڵ منداڵەکان و هەلی گفتوگۆ بۆ ئەو جۆرە منداڵانە بڕەخسێنێت. بۆ نموونە: کاتێك لە منداڵەکە دەپرسین ئەوە چییە دروستت کردووە؟ منداڵەکە لە وەڵامدا دەڵێت نازانم! لەهەمان کاتیشدا دەزانێت چی دروست کردووە، بەڵام توانای گوزارشتی باش نییە، تا بتوانێت لە سەر بابەتەکە بدوێت. لەم کاتەدا منداڵەکە پێویستی بە هەل ڕەخساندن و دروستکردنی متمانە هەیە لە نێوان مامۆستاو منداڵەکەدا. بۆیە پێویستە مامۆستا هەوڵبدات بۆ گۆڕینی (نازانم) بۆ (دەزانم) – (ناتوانم) بۆ (دەتوانم). بێگومان، ئەم کارەش پێویستی بە خۆماندووکردن و هەوڵدانی مامۆستا هەیە و دەبێت ئەوە بزانێت، کە هیچ کارێك بێماندوبوون بەرهەمدار نابێت. لەم قۆناخەدا منداڵ زۆر پێویستی بە سەرپەرشت و چاودێرو ئاراستەکەر هەیە، چونکە منداڵ ئەزموونی نییە.(بەتایبەت ئەو منداڵانەی بە قۆناخی زارۆخانەدا ڕەتنەبوون).

### ٣. مەشق کردن لە کاتی کارکردن لە سەر تێکەڵبوون و هاوکاریکردن لە نێوان منداڵەکاندا:

لەوانەی پەروەردەی هونەردا منداڵ حەز دەکات ئازادبێت لە پۆلداو بە دڵی خۆی لەم ریز بۆ ئەم ریز بڕوات. کاتێك یەکێك لە منداڵەکان کەرەستەی پێویستی کارکردنی پێ نییە، ئەوا پێویستە لە سەر مامۆستا منداڵەکان فێر بکات بە کەرەستەی خۆیان هاوکاری ئەو منداڵانە بکەن، کە کەرەستەی پێویستیان بۆ کارکردن پێ نییە، جا ئەم کەرەستەیە قەڵەم بێت، یان هەر پێداویستیەکی تر. ئەم جۆرە تێکەڵبوونە بە تایبەت لەناو پۆلدا گیانی هاوکاری لەناو منداڵەکاندا دەروێنێت و هاوڕێیەتی توندوتۆڵ دروست دەکات لە نێوانیاندا، بە تایبەت لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لە ناوپۆلدا.

### ٤. کارکردن لە پێناو کاردا:

منداڵ ڕادەهێنرێت چۆن کاربکات و دواتر چۆن کارە هونەریەکانی ئەنجام بدات، ئەم بەرهەمانەش زادەی بیری منداڵەکەیەو کەسانی تر خاوەنی نین، بەڵکو خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ بیرو هزرو هەستی منداڵەکە. بەرهەمی هەبێت بەو مانایە نا، کە زۆری بەرهەم ببێتە سەرلێشێواندنی منداڵەکە، بەڵکو بەرهەمێکی پوخت و تەواو گوزارشت لەهەست و نەستی منداڵەکە بکات.

### ٥. حەسانەوەی منداڵ لە هەندێ تاوگیری:

کاری هونەری وا لە منداڵ دەکات هەستەکانی پەرش و بڵاونەبن و هۆشی لەسەر کارەکەی بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی جوڵاندنی هەموو هەستەوەرەکانی منداڵ لە یەك کاتدا. هەروەها وا لە منداڵەکە دەکات هۆشی لەسەر کارە هونەرییەکە بێت و بەوەش چەند سوودێك بە منداڵەکە دەگەیەنێت، وەك: ((تاوگیرییە دەروونییەکانی خامۆش دەکات و بارگرژی لەشەکی ناهێڵێت و بیری منداڵەکە ئاسوودە دەکات و توانای بیرکردنەوەی فراوان دەکات و ئارامی بە منداڵەکە دەبەخشێت و لە بێئارامی دووری دەخاتەوە...))، لە ئەنجامدا منداڵێکی هێمن و بیرتیژو چەلەنگ بەرهەم دەهێنێت و بەرچاوی روون دەبێت بۆ ژیان و ئەو ژینگەیەی، کە تێیدا دەژێت.

### ٦. دڵنیابوونی خۆیی:

واتە دەبێت لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە وا لە منداڵ بکرێت متمانە بە خۆی بکات، بەتایبەتیش کاتێك دەیەوێت کارێك ئەنجام بدات، یان بابەتێك دەربڕێت. پەروەردەی هونەر متمانە بۆ مرۆڤ دەگێڕێتەوەو وا لە منداڵ دەکات باوەڕی تەواوی بەخۆی هەبێت لە گوزارشتەکانیدا، جا ئەم گوزارشتە لە ڕێگەی گفتوگۆوە بێت، یان نیگارکێشان، یان گۆرانی، یان میوزیك، یان ئەنجامدانی هەرکارێکی تری هونەری. هێزی باوەڕبوون بەخۆ لای منداڵ دروست دەکات و شانازی بەخۆیەوە دەکات، کاتێك بەرهەمێکی هونەری بەرهەم دەهێنێت، بەڵام پێویستە لەژێر چاودێری مامۆستادا بێت. مامۆستا هاوکارو پشتیوانی منداڵانەو ڕێنوێنیەکانی دەگەیەنێتە منداڵەکان بە مەرجێك لە ئازادی منداڵەکان کەم نەکاتەوەو دەست نەخاتە کاروباریانەوەو هزروهەست و بیریان نەشێوێنێ.

### ٧. پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتنەوەی هەست و نەستی خەڵك:

واتە وا لە منداڵ بکرێت هەست بە ناخۆشی و خۆشیەکانی دەوروبەری بکات و لێیان تێبگات و هاوکاری و پشتیوان بێت بۆ هاوڕێکانی و هاوسۆزی و خۆشەویستی لە نێوان خۆیی و بەرانبەرەکەشیدا بگۆڕێتەوە. یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی پەروەردەی هونەر، گەشەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و هەست کردن بە بەرپرسیارێتییە بەرانبەر ئەوانی تر. لە وانەی پەروەردەی هونەردا ئەوە فێری منداڵ دەکرێت، یان منداڵ ڕادەهێنرێت لەسەر ئەوەی چی بۆخۆی پێخۆشبێت دەبێت بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەشی پێی خۆشبێت، واتە چیم بۆخۆم دەوێت ئەوەشم بۆ هاوڕێکانم دەوێت. هەربۆیە هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشیەکانی

یەکتر وا لە منداڵەکان دەکات ڕێز لە ویستی یەکتر بگرن. لە ئەنجامدا وا لە منداڵەکان دەکات ببنە ئەندامێکی چالاکی ناو کۆمەڵگەو دەوروبەریان خۆش بوێت.

### ٨. مەشقکردن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازو ئامێر:

لە وانەی پەروەردەی هونەردا، پێویستە مامۆستا منداڵەکان ڕابهێنێت لەسەر بەکارهێنانی کەرەستەکان، نەك خستنە بەردەمیان و ئازادکردنیان لە بەکارهێنانیدا. هەروەها پێویستە زانیاری و تێبینی پێویست لە سەر کەرەستەکان بدات بە منداڵەکان، چونکە منداڵان زانیاریان لەسەر کەرەستەکان نییە. ئەمەش وا لە منداڵەکان دەکات ڕێز لە کەرەستەکان بگرن و بە هەدەریان نەدەن بۆنموونە: چۆنییەتی بەکارهێنانی (مقەست، چەقۆ، قەڵەم ڕەنگ و چۆنیەتی دادانی و چۆنیەتی هەڵگرتن و پاراستنیان...) بەهەدەرنەدانی ئەم کەرەستانەو ڕێزلێگرتنیان و بەکارهێنانەوەیان لە کاتی پێویستدا.

### ٩. سەرنجڕاکێشان و فێرکردنیان بۆ ناسین و لێدوان دەربارەی گەلێك زاراوەی پیشەیی و پیشەسازی:

یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی وانەی پەروەردەی هونەر، ناسین و ناساندنی دەوروبەرو کۆمەڵگەو ژینگەیە بە منداڵ. هەروەها ڕاهێنان و ڕاهێزانیان لە سەر بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی پاراوو بێگەرد لە کاتی گفتوگۆکردندا. هەروەها زانین و ناساندنی چەندین زاراوەی تازەو پێدانی زانیاری پێویست لەسەر پیشەکەیان بە منداڵان لە ڕێگەی پەروەردەی هونەر بۆ نموونە (کاری ئەندازیار بۆ گرنگە؟ کاری پزیشك بۆ گرنکە؟...) وەك: کاری (دارتاش، ئاسنگەر، پینەچی، خومچی، کارگەر، نیگارکێش، هونەرمەند، شانۆکارو چەندین زاراوەی تازە، کە منداڵ لە دەرەوە دەیان ناسێت و دەیانبیستێت) هەروەها ناساندنی کەرەستەی کارکردن بە منداڵەکان وەك: (پاستیل، بۆیەی ئاوی، بۆیەی زەیتی، تابلۆو چەندین کەرەستەی تر، کە منداڵ پێی ئاشنا نەبووە، یان بەکاری نەهێناوە...).

## ١٠. زانیاری دەربارەی گەلێك ئامێرو كەرەستەو سەرچاوەكانیان و چۆنیەتی كڕین و پەیداكردنیان:

پێویستە مامۆستا وا لە منداڵەكان بكات هەموو كەرەستەیەك نەكڕن، بەڵكو دەبێت منداڵەكان ڕابهێنرێن لە سەر بەكارهێنانی كەرەستەی بەكارهاتوو. هەروەها دووبارە بە دەستهێنانەوەیان (لە ماڵەوە، لەدوكان، لەبازاڕ) و دووبارە بەكارهێنانەوەیان لە كاری هونەریدا وەك: (قوتوی بەتاڵ، پاشماوەی قوماشی بێكەڵك، كاغەزی بەكارهاتوو، تەختەی شكاو، ڕۆژنامەی بەسەرچوو و چەندین یاری لەكاركەوتوو)). كەواتە، مامۆستا دەتوانێ وا لە منداڵ بكات ئەم كەرەستانە جارێكی تر بەكاربهێنێتەوە لە بۆتەیەكی هونەری جوان و سەرنج ڕاكێشدا ودواتر نمایشی بكەنەوە لە نمایشێكی هونەریدا. بەمەش منداڵ فێردەبێت چۆن بیربكاتەوە؟ چۆن داهێنان بكات؟ چۆن دووبارە سوود لە كەرەستە بەكارهاتووەكان وەربگرێتەوە؟ بێگومان، بەوەش توانای بیرو هزری منداڵەكان فرەوان دەبێت و هەمیشە بیر لە داهێنانی نوێ دەكەنەوەو ڕێز لە هەموو كەرەستەیەك دەگرن جا ئەم شمەكانە بەكەڵك بن، یان بێكەڵك، چونكە لێرەوە منداڵ فێردەبێت بەها بۆ هەموو شتێك دابنێن و بیڕێزییان پێنەكەن (**ئەمە مەبەستە سەرەكییەكەیە**).

## ١١. بەسەربردنی كاتی بێكاری بە شێوەیەكی بەكەڵك و بەرهەمدار:

یەكێك لە ئامانجە گرنگەكانی پەروەردەی هونەر ئەوەیە، كە منداڵان ڕابهێنێت چۆن لەكاتی بێكاریدا سوود لەو دەرفەتە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی كارێكی باش و واتادار. بۆیە ئەگەر منداڵ ڕاهات كاتەكانی دابەش بكات و سوود لە كات وەربگرێت و كات بە فیڕۆ نەدات، ئەوا ئەندامێكی زرنگی لێدروست دەبێت و دەتوانێ لە هەركاتێكدابێت دەرفەت وەربگرێت بۆ ئەنجامدانی كاری بە كەڵك و سوودی هەبێت بۆ خۆی و دەوروبەرەكەی، جا ئەو كارە هونەری بێت، یان كۆمەڵایەتی. مخابن، یەكێك لە خاڵە لاوازەكانی تاكی كوردی ئەوەیە، بەها بۆ كات دانانێت و هۆكارەكەشی ڕانەهاتن و فێرنەكردنییەتی لەوكاتەی بە پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا دەڕوات (زارۆخانەو قوتابخانەو خوێندنگە)، پێویستە مامۆستای (زارۆخانە یان قوتابخانە یان خوێندنگە) منداڵ فێربكات ڕێز لەكات بگرێت و ژیانی ڕۆژانەی دابەش بكات بەسەر كاتەكاندا. لێرەوە منداڵ فێردەبێت و تێدەگات كات چەند گرنگە بۆ ڕایی كردنی كاری ڕۆژانە، پاشان ئەو منداڵە فێردەبێت، كە گەورەش بوو بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ كاتدا بكات.

### ١٢. ڕێزگرتنی پیشەی کاری دەست و ئەوانەشی پێیهەڵدەستن:

ئامانجەکانی پەروەردەی هونەرە وا لە منداڵ دەکات ڕێز لە پیشەوەرو پیشەگەر بگرێت، وەك: (هونەرمەند، ئاسنگەر، کرێکار، پینەچی، پزیشك، ئەندازیار، شۆفێر، مامۆستا...) جا ئەو کارە هەرچییەك بێت، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات؟ دەبێت منداڵ ڕێزی لێبگرێت و لەسەر ئەم ڕەفتارە منداڵەکان ڕابهێنرێن بۆ نموونە: وا لە منداڵەکان بگەیەنرێت، کە ئەگەر پینەچی نەبێت ناتوانین پێڵاوە دڕاوەکانمان چاك بکەینەوە. ئەگەر میکانیکی نەبێت ناتوانین ئۆتۆمبێلە لەکارکەوتووەکانمان چاك بکەینەوە. بۆیە هەر پیشەگەرەو ئەرکێکی لەسەرشانەو کۆمەڵگە پێویستی پێیانە، چۆن پزیشکێك گرنگە بۆ کۆمەڵگە بەقەد ئەوە کرێکارێك و هونەرمەندێك گرنگە بۆ کۆمەڵگە.

## ئەنجام

ئەم چەند خاڵەی، کە لە ئامانجەکاندا خستمانە ڕوو ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئامانجی پەروەردەی هونەر بریتییە لە پەروەردەکردن و بە هێزکردنی کەسایەتی منداڵ و فرەوانکردنی جیهانبینی و چێژی جوانناسییە بۆ گەیاندنی پەیامە ڕاستەقینەکەی پەروەردەی هونەر بە منداڵ. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی وردو دروست لەم بارەیەوە بکەین، تا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی پەروەردەی هونەر لە فێرگەو زارۆخانەکان بگوترێتەوەو بە لاڕێدا نەبرێت، چونکە هەندێکجار لە لایەن هەندێك لە مامۆستایانەوە منداڵ فێری وێنەکێشان دەکرێت، مامۆستا چەند وێنەیەك لە سەر تەختەڕەش دروست دەکاتەوەو فەرمان بە منداڵەکان دەکات، تا وێنەکە بکێشنەوە، ئەمەش گەورەترین هەڵەیە لە گوتنەوەی وانەی هونەردا، چونکە ئێمە نامانەوێت منداڵ فێری وێنەکێشان بکەین، چونکە ئەمە ئامانجی پەروەردەی هونەر نییە لەم تەمەنەدا، بەڵکو دەمانەوێت لە ڕێگەی گوزارشتەکانی خۆیەوە منداڵ پەرە بە بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی خۆی بدات، تا بزانین چی بینیوە و چی دەوێت؟ ودەیەوێت چی بڵێت؟ ئەوەشمان بیرنەچێت هەندێ جار منداڵ ئەوەی بە گفتوگۆ ناتوانێت دەریبڕێت ئەوا بە هۆی وێنەکێشانەوە بە ئاسانی لە ڕێگەی ئەو هێماو نیشانانەوە گوزارشتەکەی ڕوون دەکاتەوە. ئەمەش ئامانجی ڕاستەقینەی هونەرە لەم قۆناخەدا. پێویستە مامۆستای وانەی هونەر ئەوە بزانێت، کە قۆناخی فێرکردن بۆ کاری هونەری لە دوای پۆلی (٧) وە دەستپێدەکات، نەك لە زارۆخانەو سەرەتای خوێندنی بنەڕەتی. دواتر قۆناخی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و کۆلیجی هونەر دێتە بەردەم خوێندکارەکە.

داهێنـان و خـەیاڵ کـردن لای منـداڵ  یـەکێکی تـرە لـەو ئامانجانـەی پـەروەردەی هونـەرو منـداڵ بیرفرەوان دەکات و وا دەکات منداڵەکە بیر لە ئایندەو داهاتووی خۆی بکاتـەوەو بەرچاوی ڕوون بێـت و بتوانێت ئایندەی خـۆی وێنـا بکات. ئەمـەش بە ڕەخسـاندنی کەشـێکی لـە بار دەبێـت بۆ منداڵ و هـەروا بـە ئاسـانی نـاتوانین کۆمەڵگـە بـە بـێ پـەروەردە بـەجێبهێڵین، چـونکە منـداڵ دەگەیەنێتـە کەنارەکانی پێگەیشتن و باڵق بوون. هەرچەندە هەموو منداڵێکیش ناتوانێت هـەموو تەمـەنی منداڵی خۆی، وەك منداڵێکی تەواو بەڕێ بکات، بەڵام لە سـەرمان پێویسـتە کەشـێکی لـە بـارو گونجاویـان بـۆ بڕەخسێنین و لە خەونەکانیان تێبگەین و ڕووبەڕوویان نەبینەوە و ئاستەنگیان بۆ دروست نەکەین.

## فێرگەو وانەی پەروەردەی هونەر وەك دوو لایەنی کۆمەڵایەتی

تا ئاستێکی باش توانراوە لە ڕێگەی دەرچوونی چەندین خوێنـدکار لـە ناوەنـدە هونەرییـەکان و پێشکەشـکردنی خزمـەت لـەم بـوارەدا، شـێوازی گوتنـەوەی وانـەی هونـەر بگـۆڕن لـە گوتنەوەیـەکی فێرکـاری ڕووتـەوە بـۆ فێرکردنێکـی ئـازاد (فێرکردنـی ناڕاسـتەخۆ). لێـرەدا منـداڵ لـە بـە ئالـەتبوون (مەکینـەبوون) ڕزگـار دەکـات. ((منـداڵ وەك بووکەڵەیـەك بـە دەسـت مامۆسـتاوە دەنـاڵێنیّ))، بـەڵکو دەیکات بە بونەوەرێکی ئازاد، تا بتوانێت بە ئازادی وێنە بکێشێت و هەستەکانی خـۆی دەربڕێـت. لـە کۆتاییدا ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت گوتنـەوەی وانـەی نیگارکێشـان وا لـە منداڵ دەکات گوزارشـت لـە ناخی ڕاستەقینەی خۆی بکات. (( **منداڵ ئەوە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەك دەیبینێت**))، ئەمـەش یەکێکە لە فەلسەفەکانی هونەری منداڵ. منـداڵ دەتـوانیّ ئـەوەی دەیبینێـت بـە سـادەیی و جوانی لـە ڕێگـەی نیگارکێشـانەوە دەریـان بڕێت و کارەکتـەرو کەرەسـتەکان لێکجیابکاتـەوە. لێرەدا کەسـایەتی منـداڵمان بـۆ دەردەکـەوێت لـە کۆمەڵگەکەیـدا، کـە چـۆن دەژێـت و لەگـەڵ دەوروبەرەکەیـدا چـۆن هەڵدەکات؟ هەندێك پێیان وایە پەروەردەکردن تەنها چاودێریکردنی گەشـەی مرۆڤـەو بـەس، ئەمـەش هەڵەیەکەی گەورەیە، چونکە ئـەرکی پـەروەردە گونجانـدنی هەسـتە نـاوەکی و دەرەکییـەکانی مرۆڤە. واتـە مـرۆڤ ئاڕاسـتە دەکـەین و پاشـان خـۆی ئاڕاسـاتە دەکـات و پێویسـتی بـە پـەروەردکار نـامێنیّ و خۆی دەبێتە پەروەردکاری خۆی.

## پەروەردەی هونەرو گەشەپێدانی زانیاری  لە کۆمەڵگەدا:

پەروەردەی هونەر کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە گەشەپێدانی زانیاری لای کۆمەڵگە و ئەمەش لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:

**یەکەم: زانیاری و لایەنی ویژدانی:**

کارکردن لە پڕۆسەی پەروەردەی هونەردا سەرەتا بۆ دەستخستنی ڕۆشنبیری گشتییە، پاشان بۆ دەستخستنی ڕۆشنبیری هونەرییە. هەروەها ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە جیاوازە لەو زانیاریەی، کە لە زانست خۆیەوە وەریدەگرین، بۆنموونە وەرگرتنی زانیاری لە وانەکانی جوگرافیا، یان مێژوو، یان زانستە گشتییەکان، یان وێنەکێشان، یان پەیکەرسازی، یان بە هەر کەرەستەیەکی خاوی جۆراوجۆری تری هونەری. شێوازی بەدەستهێنانی زانیاری پێویستی بە ئەزموونێکی هەستی زۆر هەیە بۆ دۆزینەوەی (خۆیی) لە ناو زانیارییە جوانناسییەکانی تردا، چونکە هەموو مرۆڤێك ئەگەر پاشخانی ڕۆشنبیری باش نەبێت ناتوانێت ئاستی جوانناسیشی پێش بخات، هەروەها مەرجیش نییە هەموو خوێندەوارێك ئاستی جوانناسی بەرزبێت. کەواتە مامۆستای هونەرمەند، یان کارسازی هونەری پێویستە پێشینەیەکی جوانی ڕۆشنبیری و کاری هونەری هەبێت، یان باوەڕ بەوە بهێنێت، کە پرۆسەی پەروەردەی هونەر لە ناوەندەکانی خوێندندا نەخش و کاری خۆی هەیەو پێویستە وەك وانەیەکی پڕبایەخ و بە بەها تەماشا بکرێت و گرنگی پێبدرێت. پێویستە مامۆستا ئەم هەستە جوانناسییەی خۆی بۆ منداڵەکان دەربخات، تا هەرنەبێت منداڵەکان لاسایی ئەم هەستە جوانەی مامۆستاکەیان بکەنەوە، چونکە بیرت بێت ((**منداڵ لاسایی کەرەوەیەکی زۆر باشە**)). بۆیە هەستی جوانناسی زۆر نایابە و ناتوانین هەر بەو ئاسانییە بیخەینە ژێر دەستی یاساو ڕێساکان و ڕێژەو دووریە زانراوەکان، ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو شێوازو کەسایەتییە داهێنەرانەوە هەیە، کە هەنگاوی گەورەیان لەوبوارەدا ناوە، ئەوەش بریتییە لە مامۆستای ئاست بەرزی کارامەی هەست جوان.

**دووەم: زانیاری زانستی:**

هێما هونەرییەکان هەڵگری کۆمەڵێك واتاو نیشانەو مانان، کە خاوەنەکەی، یان بینەر  زۆر بەئاسانی دەتوانن شیانبکەنەوەو لە ئامانژەو دەستەواژەکانییان تێبگەن بەومەرجەی بینەرەکە خاوەن پێشینەیەکی زانیاری هونەری دەوڵەمەند بێت. کەواتە ئەم هێما زانستیانەی مرۆڤ دەریان دەبڕێت

لەڕێگـەی وێنەکێشـانەوە دەتـوانین شـیکاریان بـۆ بکـەین و ئـەم زانیارییـە هونەرییانـە لەڕێگـەی شـێوەکاریەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ لای بینـەرو کۆمـەڵێك بابـەت و هەسـتی کەسـێتی تێـدا هـەڵگیراوەو زانیاریەکانیش لە جۆری هێمـان و دەگوازرێنـەوە لـە ڕێگـەی ئـەو بابەتانـەی خراونەتە ڕوو لـە ڕێگـەی وێنەکێشراوەکانەوەو دەتوانین بەئاسانی لێیان تێبگەین و شیکارو شرۆڤەیان بۆ بکەین.

**سێیەم: زانیاری کەلەپوری (ڕۆشنبیری کەلەپوری و کەلتوری):**

پەیوەنـدی نێـوان هونـەری شـێوەکاری و کەلـەپور لـەو بابەتـە بەربڵاوانـەن، کـە زانایـان ڕای جیاوازیان لەسەر هەیە. هەروەك دەڵێن ((هونەر بە بێ کەلەپور، جگە لە هاتووهاوارێکی بێسـەروبەر هیچـی تـر نییـە، یـان بـوونی هەنـدێ هێمـا لەسـەر قومـاش، یـان کاغـەز هـیچ لـە بـیرو هەسـتەکان ناگوازێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر)). هەندێکی تر دەڵێن ((ئەو هونـەرەی پشـت بـە کەلـەپور دەبەستێت، ئەوا خـۆی تـەرخان دەکات بۆ ڕابردوو، نـەك بۆ داهـاتوو. هەرلەبەر ئەوەشـە داهاتوو بە چاوی ڕابردوو دەبینێت و ئەمەش وا دەکات دای دەبڕێت لـە داهێنـان و خستنەسـەری زیـاتر)). وەك دەبینین هەندێ بۆچوون دەردەکەون لەسەر ئەو ململانێیەی، کە هەیە لەسـەر بیرو بۆچونەکان و بۆیە لێرەدا دەمانەوێت لە خۆمان بپرسین، ئایا کەلـەپور چـی دەگەیـەنێ بە مانا ڕاستەقینەکەی؟ چونکە لێرەدا مەبەستمان ئەو پاشماوە بە جێماوانەیە، کە لە مۆزەخانە، یان گۆڕستانەکان، یـان شـوێن کارو دەستنووسەکان، کە تا ئێستاش کاریگـەریان هـەر ماوە لـەم سـەردەمەدا، یان ئەنتیکەخانـەکان. بۆیـە کەلـەپور ئـەو تێبینـی و بیرکردنـەوە دەوڵەمەندانەیـە، کـە داهێنـەران لـە ڕێگـەی هونـەرەوە بۆیـان بەجێهێشتوین لە سەردەمانی ڕابردوودا، تا ئەمڕۆ جـێ پەنجـەی جوان و هەسـتکردنی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە لە ڕێگەی ئەم پاشماوەو نووسراوانەوە. کەواتە کەلەپور یانی مرۆڤ تاکوێ گەیشـتۆتە ئـەو هەستە هونەرییانەی، کە بەدەستی هێناوە لە سەردەمە جیاجیاکانـدا. لـەو کاتـەوەی مرۆڤ وێنـەی لـە سـەر دیـواری ئەشـکەوتەکان کێشـاوەو چـیرۆکی ژیـانی خۆیمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە لـە ڕێگـەی ئـەم وێنانـەوە، چـی ڕاوکـردووە؟ چـی خـواردووە؟ چۆن ژیـاوە؟ ئەمانـە گێڕانەوەیـەکی جـوانی مرۆڤـە لـە ڕێگەی هێماو وێنەکانەوە.

کەواتە منداڵیش بەهـەمان شـێواز دەیـەوێت چیرۆکی ژیـانی ڕاسـتەقینەی خۆیمـان بۆ بگێڕێتـەوە لـە ڕێگەی ئەو وێنانەی دەیانکێشێت و زانایی مامۆستاش لەوەدایە چۆن پەی بەو هێمایانە دەبات؟

## گرنگی ئەنجامدانی چالاکی لەم قۆناخەدا (پۆلی دووەم)

### پرۆگرامی چالاکییە هونەرییەکان:

ئەم پرۆگرامە بریتییە لەو پلانەی، کە لە کاتێکی دیاریکراودا دادەڕێژرێت لە لایەن یەکەی بەڕێوەبەری فێرگەوە بۆ ساڵی نوێی خوێندن. پرۆگرامەکەش کاتێکی دیاریکراوو دەستنیشان دەکات بۆ تەواو کردنی چالاکییەکان و ئاستی توانست و ئاستە فێرکارییەکان دیاریدەکات، کە پێویستە منداڵ لەم ماوەیەدا ئەنجامی بدات و پێویستە چی فێربێت؟ ئەم فێربوونەش هاوتەریب دەکات لەگەڵ گەشە لەشەکی و ئەقڵییەکانی منداڵەکەو بۆ سەرخستنی پرۆگرامەکەو گەیاندن و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکە، ئەوا یەکەی سەرپەرشتیاری هونەری و بەڕێوەبەر و مامۆستای وانەی هونەر، چالاکییە هونەرییەکان هەڵدەبژێرن بۆ ڕێکخستن و گەشەپێدان و پەروەردەکردن و ڕاهێزانی منداڵەکان لەم قۆناخەی گەشەی منداڵدا، چونکە چالاکییە جووڵەییەکان، وا لە منداڵ دەکات هەست بە خۆشی زیاتر بکات و باشتر پەیامە پەروەردەییەکەی پێبگات. هەموو ئەم چالاکییە هونەریانەش لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر گۆڕانکارییان بەسەردادێت، چونکە ڕێگەو شێوازی جێبەجێکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای پەروەردەی هونەر گرنگە ئەوەیە، کە پێویستە هەموو ئەم چالاکییانە لە زنجیرە وانەیەکدا ڕێکبخاتەوەو پلانی باش و بەرنامە بۆ داڕێژراویان بۆ دابنێت، تا بزانێت چی دەکات؟ و چۆن دەکات؟ و بە چی دەیکات؟ پێویستە مامۆستا وەڵامی ئەم سێ پرسیارە لە پلانەکەیدا بداتەوەو کاتی پشووەکان بۆ منداڵەکان دیاریبکات.

پرۆگرامی چالاکییەکانی وانەی هونەر لەسەر بنەمای پێداویستی منداڵەکان دادەڕێژرێت و ئەم پرۆگرامەش هەمان ئەم پێداویستییانەی منداڵی لەبەرچاو گرتووە، بەڵام پێویستە مامۆستا پلانەکەی دابەش بکات بەسەر (مانگ و هەفتەو ڕۆژەکاندا) تا هاوسەنگی لە دەستنەدات لەکاتی جێبەجێکردندا. سەیری پرۆگرامی (پەروەردەی هونەر بۆ منداڵی زارۆخانە) بکە.

## پرۆگرامی چالاکییە هونەرییەکان لە ڕوانگەی چەمکە هاوچەرخەکانەوە:

پرۆگرامی چالاکییە هونەرییەکان بریتییە لە کۆمەڵێك کارزانی پەروەردەیی، کە لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە لە دەرەوەو ناوەوەی فێرگە هاوکاری منداڵ دەکات بۆ گەشەیەکی هاوسەنگی (لەشەکی، ئەقڵی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، هونەری و تاوگیری)، بەمەبەستی

ڕێکخستنەوەو چاککردنی ڕەفتارەکان و کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەی، کە لە پلانی وانەکەدا بۆی دیاریکراوە.

**لە ڕێگەی ئەم پێناسەکردنەوە ئەم خاڵانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە:**

١- زۆر گرنگە منداڵ کارزانی پەروەردەیی بەدەستبهێنێت لە ڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە بەمەبەستی خۆڕێکخستنەوەو بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ، تا بتوانێت ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ ڕێکبخات و سوودی لێوەربگرێت بۆ بەهێزکردن و بنیاتنانی کەسایەتی تایبەتی خۆی.

٢- منداڵ ئەم شارەزایی و کارزانی و کارامەییانە لە ژێر چاودێری فێرگەدا بە دەستدەهێنێت، جا لەناوخۆدابێت (پۆل، هۆڵی فرەمەبەست، یاریگا، کتێبخانە، کارگەی کاردەستی...)، یان لە دەرەوەی فێرگە (گەشت، سەردانی مەیدانی، دیدەوانی...). بۆیە لێرەدا ئەم پرۆگرامە توانای کارامەیی زیاتر بە منداڵ دەدات لە دەرەوەو ناوەوەی قوتابخانەدا.

٣- ئامانجی گشتی بە دەستهێنانی شارەزایی پەروەردەییە بۆ گەشەپێدانی منداڵەکە لە هەموو بوارەکانی گەشەو ڕێکخستنەوەی ڕەفتارە خواروخێچەکانی بەرەو باشترو باشترین. هەروەها وا لە منداڵ دەکات هاوسەنگی خۆی بپارێزێت و هاوکاریدەکات بۆ ئەوەی لە هەموو لایەکدا گەشە بکات بە پێی سروشتی (لەشەکی و ئەقڵی) خۆی. دواتر توانا کارامەییەکانی ڕێکدەخاتەوە بە پێی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژێت.

لێرەدا بۆمان ڕوون بووە، کە بە پێی چەمکی تازەی پەروەردەی هونەر لە جیهاندا بە شێوەیەکی هاوسەنگ و گشتگیر بریتییە لە گەشەپێدانی توانا کارامەییەکانی منداڵ لە هەموو بوارەکاندا، بەو مەرجەی بتوانێت هاوکاری منداڵ بکات بۆ خۆڕێکخستنەوەو گەشەپێدانی کەسایەتی و جارێکی دی ڕەفتارەکانی ڕێکبخاتەوە.

## ئەو بنەما گشتییانەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەکاتی چالاکییە هونەرییەکاندا:

**١- ئامادەکاری پێش فێربوون (Prelearning Preparation):**

پێویستە مامۆستای وانەی هونەر پێشوەختە هەموو پێداویستییە تیۆری و کردارییەکانی چالاکییە هونەرییەکەی ئامادەکردبێت. دواتر هەردوو بوارە زارەکی و کردارییەکە پێکەوە ببەستێتەوە، تا منداڵەکە بە باشی لە داخوازییەکان تێبگات. چونکە

ئەوە بزانە منداڵ بە قسە زانیاریت لێوەرناگرێت، ئەگەر بە کردەوە چالاکییەکە ئەنجام نەدات. کەواتە لێکبەستنی (زارەکی و کرداری) وا دەکات لە شێوازی وانەگوتنەوەیەکی وشك و بێکەڵك دوور بکەوینەوەو منداڵیش هەراسان نەکەیت و پلانەکەت جێگەی خۆی بگرێت لە گەیاندنی ئامانجەکەدا. کەواتە پێویستە مامۆستا پێشوەخت خۆی ئامادە بکات بۆ وانەکە.

٢- پاڵنەری فێربوونی منداڵ (Child Learning Motivation):

پێویستە مامۆستای وانەی هونەر گرنگی بە پاڵنەر و ئارەزووەکانی منداڵ بدات و فەرامۆشیان نەکات. چونکە بێ هاندان و گەشەپێدانی حەزو ئارەزووەکانی منداڵ تۆ ناتوانیت، وەك مامۆستایەکی سەرکەوتوو ئامانجەکانت لەرێگەی وانە کردارییەکەوە بهێنیتەدی. ئەگەر مامۆستا گرنگی بەو بابەتانە بدات، کە منداڵەکان پێیان خۆشەو مەبەستیانە ئەنجامی بدەن، ئەوا لەسەر مامۆستایە سەرنجی منداڵەکان بۆ ئەم جۆرە چالاکییانە ڕابکێشێت و لە ئەنجامدا بوارە فێرکاری و پەروەردەییەکە ئاسانتر دەگاتە منداڵەکە. ئەگەر منداڵ بەم شێوەیە گرنگی پێبدرێت لە لایەن مامۆستاوە، ئەوا دواتر خۆی ڕێکدەخاتەوەو خۆی خۆی ئاراستە دەکات و پاڵنەرە خۆییەکانی گەشە پێدەدات و زانیارییە بەدەستهاتووەکانی لە کات و ساتی خۆیدا بەکاردێنێت.

٣- لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی: (Individual Differences)

ئەوە بزانە هەموو منداڵەکان وەکو یەك بیرناکەنەوەو گەشەی لەشەکی و ئەقڵییان وەکو یەك نییە. کەواتە هەندێکییان زوو زانیارییەکان وەردەگرن و هەندێکی تریان درەنگتر. هەر بۆیە پێویستە مامۆستا تێبینی وردی ئەم لایەنە بکات و فەرامۆشییان نەکات، چونکە ئەو منداڵەی، کە درەنگ کارامەییە زانیارییەکان وەردەگرێت، پێویستە فشاری لەسەر دروست نەکەین و هەراسانی نەکەین، کە بۆ نازانێت؟ بە دروستکردنی دۆخێکی وەها لە لایەن مامۆستاوە، شڵەژانی دەروونی لای منداڵەکە دروست دەکات و ئاستی تێگەیشتن و بەشداریکردنی لە چالاکییەکاندا هێندەی تر دادەبەزێنێت. ئەوە بزانە منداڵ تەنها لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە فێرنابێت، بەڵکو پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا هەر پێنج هەستەوەرەکە بەشداربن (بیستن، تامکردن، دەستلێدان، بۆنکردن، بینین). لە کۆتاییدا پێویستە مامۆستا شێوازو ڕێگەی جیاواز بەکاربهێنێت، تا لە گەڵ ئاست و توانستی هەموو منداڵەکاندا بێتەوەو لە کۆتاییشدا بوار بۆ هەموو منداڵەکان بە یەکسانی برەخسێنرێت.

### ٤- بەشداریکردنی دڵخوازانە لە کرداری فێربووندا:

پێویستە سەرەتا مامۆستا وا لە منداڵەکان بکات وانەکەیان خۆشبوێت و ئارەزووی بەشداریکردنییان لا دروست بکات، تا منداڵەکان وایان لێدێت بە شێوەیەکی دڵخوازانە بەشداری لە چالاکییەکاندا بکەن. نابێت مامۆستا بە زۆر منداڵ بەشداری پێبکات لە چالاکییدا، بەڵکو دەبێت ئاڕاستەیان بکات بۆ چالاکی و دواتر خۆیان هەڵسەنگاندن بۆ وانەکە بکەن و لە نزیکەوە چالاکییەکە ببینن، دواتر خۆیان ئارەزووی بەشداریکردنیان لا دروست دەبێت.(ئەمە پرۆسەیەکی دیمۆکراتییە).

### ٥- نوێکردنەوەی ئامانجەکانی فێرکاری:

لەسەر مامۆستا پێویستە گرنگی بە ئامانجی وانەکە بدات و نوێگەری تێدا بکات و بڕگەو بابەتەکانی پێشبخات و بیگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییە سەردەمییەکاندا. دوای ئەم گۆڕانکارییانەش پێویستە جۆری چالاکییەکانیش بگۆڕێت، تا هەستی بێزاربوون لای منداڵەکان دروست نەبێت.

### ٦- پێشکەشکردنی ئەو توانستە فێرکارییانەی پەیوەندیان بە ژیانەوە هەیە:

لەسەر مامۆستا پێویستە ئەو زانیارییانەی دەیدات بە منداڵ نزیکبێت لە ژینگەی منداڵەکە، تا وا لە منداڵ بکات هاوبەشی دروست بکات لە نێوان زانیارییە پێدراوەکان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت. منداڵ فێردەبێت زانیارییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگپێبداتەوە.

### ٧- فێرکردن بگونجێت لەگەڵ تواناکانی منداڵ:

پێویستە ئەو زانیارییە فێرکارییانەی مامۆستا دەیدات بە منداڵ، لە ئاست توانا ئەقڵییەکانی منداڵەکەدابێت، هەروەك زانیمان توانای فێربوونی منداڵ سنووردارەو نابێت هەرچی ویستمان بیڵێین و بیکەین، چونکە توانا (لەشەکی و ئەقڵییەکانی) منداڵ، وەك گەورەکان نییە، هەربۆیە، پێویستە لە سەر مامۆستا ئەو شارەزاییانە بەکاربهێنێت، کە منداڵ تێردەکات و هانی دەدات بۆ فێربوونی زیاتر، تا وا لەمنداڵ دەکات خۆی بە دوای زانیاری نوێدا بگەڕێت.

### ٨- هەڵسەنگاندن و دووبارەکردنەوەی (خۆراکە زانیارییەکان)*:

---

* خۆراکە زانیارییەکان: مەبەست لێی ئەوەیە، کە زانیاری، وەك خۆراك پێویستە بۆ مرۆڤ، چونکە مرۆڤ بێ زانیاری و زانیار ناتوانێت بەشێوەیەکی شیاو بەردەوامبێت لە ژیان.

بـۆ ئـەوەی هـانی منـداڵ بـدەین بـۆ فێربـوونی زیـاتر، پێویسـتە لەسـەر مامۆسـتا لەگـەڵ منداڵەکاندا پێداچوونەوە بە زانیارییەکاندا بکات، لە ڕێگەی گفتوگۆو هەڵسەنگاندنی زارەکی و بەشدارییەکانی منداڵەکان لـە چالاکییەکاندا. دەرئەنجامیش ئـەم شێوازی هەڵسـەنگاندنە، وا لە منداڵ دەکات زانیارییە وەرگیراوەکانی باشتر بچەسپێنێ لـە یادەوەرییەکانیداو دەبێتـە پاڵپشتییەکی بەهێزیش بۆ زانیارییە فێرکارییە وەرگیراوەکان.

٩- ڕاهێنان و شارەزایی:

بوار بۆ منداڵ برەخسێنرێت، تا بتوانێت زانیاری و کارامەییـەکانی لـە ژیانی ڕۆژانەیـدا بەکاربهێنێت، بە ئەنجامدانی ئەم کارەش دەتوانێت کاریگـەری لەسـەر ئاڕاستەکانی منداڵ جێبهێڵێت و گۆڕانکاری گەورە لە بواری فێرکاری منداڵەکەدا دروست بکات.

## فێربوونی چالاك

## ئەو ڕێگایانەی، کە منداڵ زانیارییەکانی لەسەر هەڵدەچنێ:

## Active Learning:
## Ways Children Construct Their Knowledge

تیۆروانینی زانای بە ناوبانگی سویسـری (ژان بیـاژە) (Jann piejt) ئـەوەمان بۆ ڕووندەکاتـەوە، کە پەیوەندی هەیە لە نێوان توانای زۆری هونەری لای منداڵ و خۆگونجاندنیان لە کاتی ئەنجامدانی کاری هونەریدا. بە بڕوای (بیاژە) پەیوەندیەکی بە هێـز هەیـە لـە نێـوان بیرو بـاوەڕە تازەکانـدا، چونکە گەشەکردن لە هەڵوێستەکاندا بە هۆی ئەم کردارانەوە ڕوودەدەن وەك:

نوانـدن (Representation) و فرەوانکـردن (Expansion)، نوانـدنی هونـەری، کـاری هونـەری ئـەنجام دەدات بـە هـۆی کـرداری لێکبەسـتن (Incorporation)، بـە بۆچـونی منداڵەکـە ئەمـە هونـەرێکی سـەرنج ڕاکێشـی نوێیـە بـۆ ئـەو جیهانـەی دەورەی منداڵەکـەی داوە. بـەڵام فرەوانکـردن، کردارێکی گۆڕانکارییە (Changing). بۆیە هەمیشـە بێئـارامی لای پـەروەردکار دروست دەبێت بە هـۆی تێکـەڵبوونی بیرو بۆچـونە کـۆن و نوێکانـەوەو پـەروەردکار سـەری لێدەشـێوێ لـە نێـوان ئـەو زانیارییـەی هەیـەتی و ئـەو ڕەفتـارەی پێویسـتە بینـوێنێ. کاتێـك ئـەم گۆڕانکارییـە نوێیـەی (بیـاژە) دەیخوازێت و بۆی ڕوونکردوینەتەوە، کـە لای پـەروەردکار هەمیشـە بێئـارامی بـەردەوام ڕوودەدات لـە نێوان نواندن لەلایەك و بیروباوەڕە کۆن و نوێکان لەلایـەکی تـر. بـەهۆی گـۆڕینی بیروبـاوەڕی کۆن بە

بیروبۆچــونی نوێخــوازو هاوچــەرخانەوە، ئــەم بیئارامیــەش دەمانگەیەنێتــە گەشــەی هــزری و هەستییەکان، چونکە (بیاژە) پێی وایە گەشەی هونەری منداڵەکە پەیوەستە بە گەشەی هزرو هەستی منداڵ، کە پەیوەستە بە توانای داهێنانە یەك لە دوا یەکەکان، کە هەنگاو بە هـەنگاو پێیدا تێدەپـەڕێت و بریتین لە:

## • قۆناخی پێش بە کردارکردن: (Pre-operation Stage)

ئەم قۆناخـە لـە دوو سـاڵیەوە دەسـت پێـدەکات، تـا حـەوت سـاڵی. منـداڵ لـەم قۆنـاخـەدا هێمـا دیارەکـانی خـۆی بـەکاردێنیٚ لـە نیگارکێشـانداو ئـەوەی خـۆی مەبەسـتیەتی و توانـا هزریـەکانی دەیخوازێت و هەستیان پێدەکات، بە پێـی هەڵکشـانی تەمـەن وردە وردە توانسـتە هزریـەکانی گەشـە دەکـات. پەیوەنـدی دروسـت دەکـات لـە نێـوان هێمـاو هەسـت و ماناکانـدا. لـە تەمـەنی چـوار سـاڵی ماناکان ڕوونتر دەبن و هەستەکانی جوانترو ڕوونتر دەردەخات. منـداڵ لـەم قۆنـاخـەدا گوزارشـتەکانی ڕوونـتر دەبێـت (تێگەیشـتنی ئاشـکرا – بەڵگەنەویسـت) Open Understanding منـداڵ پـێش تەمەنی حەوت ساڵی نازانێت، کە پێگەیشتنە هەستییەکانی هاوشانی قەبارەی شتەکانیەتی.

## • قۆناخی چالاکییە هەستییەکان: (Conscious Activities Stage)

ئەم قۆناخە لـە تەمـەنی حـەوت سـاڵییەوە دەسـت پێـدەکات، تـا تەمـەنی یـازدە سـاڵی. منـداڵ لـەم قۆناخـەدا هەندیٚ یاسـای تایبـەت بـەخۆی هەیـە، تـا بتوانێـت لەگـەڵ ژینگەکـەی خـۆی بگونجێنێـت وتێیـدا هـەڵبکات. منـداڵ فێردەبێـت چـۆن تواناکـانی بـەکاربێنێت بـۆ بـەکارهێنانی: (یەکـەکان، پەیوەندیـەکان، یـان سیسـتەم، یـان تێگەیشـتن، یـان شـێوە، یـان بەشـێوەیەکی گشـتی چـۆن زمـانی بـەکاربێنێت بـۆ گەیانـدنی داواکاریـەکانی بـەپێی تێگەیشـتنەکانی Concepts و پۆلێنکردنیـان (Categories.

## • قۆناخی چالاکییە شێوەییەکان: (Formal Activities)

ئەم قۆناخە لە تەمەنی دە ساڵیەوە دەستپێدەکات، تا تەمەنی یازدە ساڵی. لەم قۆناخەدا منداڵ لـە هۆکارەکان تێدەگات و هەست دەکات و پێشبینی ئەم ڕووداوانە دەکات، کە لـە وانەیە ڕووبدات. هەڵوێسـت وەردەگرێـت و کار بـۆ تێگەیشـتنیان دەکـات و منـداڵ بیردەکاتـەوە، تـا خەیاڵفرکـە بکـات دەبینین بیرکردنەوەی منداڵەکە پەیوەستە بە هـزرو هەستییەوە، ئەمەش جۆرێك لـە هەستی خـۆیی

(Self Conscious) و پەرۆشی بۆ بیرکردنەوە تایبەتییەکانی لە بواری هونەر زۆرترو گەرمتر دەکات.

(ژان بیاژە) پێی وایە فێربوون بە دەست دێت لە ڕێگەی سەرچاوەی دەرەکیەوەو تێڕوانینەکانی وابەستەیە بە تێڕوانینە فێرکارییە بنیاتنەرەکانەوە، کە لەڕێگەی خۆگونجاندنەوە بەدەستدێت. بۆ هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان دەوروبەرو خۆیدا بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی تاوگیری و تاوگیرییە ناڕێکەکان. تیۆرەکانی (بیاژە) گرنگی بە سروشت و گەشەی زیرەکی مرۆڤ دەدات و ئەو پێی وایە هەڵسەنگاندنی زیرەکی منداڵ پێوەر نییە بۆ توانای زیرەکییەتی، بەڵکو ئامانج لێرەدا ئەوەیە، کە ئەگەر بمانەوێت چاومان لەسەر وەڵامە هەڵەکانی منداڵ بێت، دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە وەڵامە هەڵەکانی منداڵ توانای هزری و هەستی منداڵەکە دیاری ناکات، چونکە توانا هزریەکانی منداڵ کەمترن لە توانای هزری گەورەکان. بۆیە شێوازی بیرکردنەوەی منداڵ زۆر جیاوازە لەو شێوازە بیرکردنەوەیەی، کە گەورەکان بیری پێدەکەنەوە. چونکە تێڕوانینیان بۆ جیهانی دەوروبەریان جیاوازە لەو تێڕوانینەی، کە گەورەکان هەیانە بۆ هەمان دەوروبەر. لە ئەنجامدا (بیاژە) گەیشتە ئەو ڕایەی، کە نابێت گرنگی بە چەند بدەین، واتە بەو ژمارانەی منداڵ دەیانزانێ، یان توانیویەتی چەند کێشە چارەسەر بکات، یان چارەسەری بۆ چەند کێشە دۆزیوەتەوە، بەڵکو پێویستە گرنگی بە شێوازی بیرکردنەوەی منداڵ بدەین و بزانین بە چ شێوازێك چارەسەری کێشەکانی دەکات. منداڵیش بەپێی تەمەنەکەی شێوازی چارەسەری کێشەکانی دەگۆڕێت و ڕێگای تایبەت بەخۆی بەکاردێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی.

(بیاژە) پێی وایە زانین لای منداڵ لە ڕێگەی شتەکانەوە بە دەست نایەت، بەڵکو لەڕێگەی دەستلێدان و تاقیکردنەوەوە بە دەستدێت، کاتێك ڕاستەوخۆ منداڵەکە کاریان پێدەکات.

بۆیە وەك مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر دەبێت ئەوە بزانیت، کە (فێربوونی چالاك) کردارێکی لەشەکی و ئەقڵی زۆر ئاڵۆزەو پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، چونکە کرداری فێربوون، بریتییە لە ((کارلێککردنی نێوان کارێکی ئامانجدارە، کە منداڵ پێی هەڵدەستێت و ژینگەکەشی کاریگەری بەسەر کارەکەیەوە هەیە)). بۆیە منداڵ ئەو شێوانە دروست دەکات، کە لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا بەریان دەکەوێت، یان خەیاڵیان دەکات. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات شێوەو زانیارییەکانی پێدەگەن و ئەزموونی زۆرترو کارامەیی باشتر بە دەستدێنێت و ڕووبەڕووی بیرو بۆچوونی جیاواز دەبێتەوە، کە جیاوازن لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی. کەواتە فێربوون پەرەسەندنی

کۆمەڵێك گۆڕانکارییە. بە کورتی ((فێربوونی چالاك بریتییە لەو فێربوونەی، کە منداڵ تێگەیشتنی نوێی لا دروست دەبێت لە ڕێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانەوەو ئاوێتەی خەڵك و بیروبۆچوونە جیاوازەکان دەبێت لە ڕێگەی وانە کردارییەکەوە)). کەواتە هیچ کەسێك ناتوانێت لە بری منداڵ بیربکاتەوەو خەیاڵ بکات، ئەوە تەنها منداڵە دەتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات، کە حەزی پێدەکات و ئارەزووی دەجووڵێنێت.

## (فێربوونی چالاك) ئەم چوار پێکهاتە سەرەکییە لەخۆ دەگرێت:

### ١- ڕاستەوخۆ کار لە سەر کەرەستەکان بکە:

پێویستە منداڵ ڕاستەوخۆ دەستی بەر کەرەستەکان بکەوێت، تا باشتر بیانناسێت و لێیانەوە فێربێت و زانیارییان لەبارەوە بزانێت. گەمەکردن و دەستلێدان بەشێکە لە پرۆسەی فێربوون.

### ٢- سەرنجدان لەکاتی کارکردندا:

تەنها کارکردن بەس نییە بۆ فێربوون، بۆیە پێویستە منداڵەکان لەکاتی کارکردندا تێبینی و سەرنج بدەنە ئەو کەرەستەو پێداویستییانەی لەبەر دەستیاندایە. بۆ ئەوەی باشتر بیربکەنەوەو تێبگەن و دواتر پێداویستییەکانی خۆیانی پێ پڕبکەنەوەو پاشان ئاستی خەیاڵکردنی پێ فرەوان دەبێت.

### ٣- پاڵنەری خۆیی و داهێنان و بەرهەمهێنان:

پێویستە ئەم پاڵنەرە فێرکارییە لە ناخی منداڵەکەوە هەڵقوڵابێت. پرسیارکردن لە منداڵ و وروژانی هەست و بیری وا دەکات، منداڵ بەدوای دۆزینەوەی نوێ و ئەزموونکردنی تازە و زانیاری نوێ هەڵچنێ و باشتر لە دەورووبەری تێبگات.

### ٤- چارەسەری کێشە:

هەموو ئەو شارەزاییەی منداڵ لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە بە دەستی دەهێنێت، بەرهەمێکی گەورە لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە بریتییە لە (چارەسەری کێشەکان)، منداڵ بیر دەکاتەوە و پێشبینی دەکات، یان پێشبینی ناکات بۆ ڕووداوەکانی داهاتوو، بۆیە منداڵ دەگاتە ئەو ئاستەی، کە (ئەزموون فێرمان دەکات). دوای ئەوەی منداڵ فێردەبێت خۆی ئاڕاستەبکات و تێگەیشتنی بۆ شتەکانی دەوروبەری باشتربێت، لە کۆتاییدا دەگەڕێت بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکانی بەو شێوەیەی خۆی دەیخوازێت. لە کۆتاییدا ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشی پەروەردەییە، کە مامۆستای پەروەردەی هونەر لە کۆتایی پلانەکەی پێی دەگات و یەکێکیشە لە ئامانجە دیاریکراوەکەی لە پلانەکەیدا.

## بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی کارامەیی لای منداڵ

بنەما سەرەکییەکانی فێربوونی کارامەیی لای منداڵ لەم قۆناخەدا، لە ڕێگەی وانەی پەروەردەی هونەرەوە ئەنجام دەدرێت و لەم ڕێگەیەوە ئەم هەنگاوانە کاریگەری لەسەر گەشە کارامەییەکانی منداڵ بە جێدەهێڵێت:

### ١. نواندنی داهێنەرانە (Creative Represntation)

- جیاکردنەوەی شتەکان لەڕێگەی (بینین، دەستلێدان، بیستن، تامکردن، بۆنکردن).
- لاساییکردنەوەی دەنگ و کردارەکان.
- لێکبەستنی شێوەو وێنەکان. (دانانی وێنەکە لە بۆشاییە دیاریکراوەکەدا).
- دروستکردنی شێوەی جیاواز بە هەویرو قوڕ.
- نیگارکێشان و ڕەنگکردن بە بۆیە.

### ٢. گەشەی زمان و فێربونی خوێندنەوەو نوسین (Development & Literacy)

- گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات و زانیاری دەگۆڕنەوە.
- بە شتەکانی خۆیاندا هەڵدەڵێن و ڕووداوەکان باس دەکەن.
- چێژ لە گفتوگۆی یەکتر وەردەگرن و باسوخواسی نوێ دێننە گۆڕێ.
- چیرۆك بۆ وێنەکانی دەهۆنێتەوەو بابەتی نوێ دادەتاشێ.

### ٣. دەستپێشخەری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (Initiative & Social Relations)

- بژاردە و پلان و بڕیاری نوێ دروستدەکات و گوزارشتیان لێدەکات.
- ئەو کێشانە چارەسەر دەکات، کە لە کاتی نیگارکێشاندا دێنە ڕێگەی.
- گرنگی بە پێداویستییە خۆییەکانی دەدات.
- لە ڕێگەی وشەو نوسین و وێنەوە گوزارشت لە هەستەکانی دەکات.
- بەشداری لە چالاکییە ئاساییەکاندا دەکات.

- گرنگی بە هەست وسۆزو پێداویستییەکانی ئەوانی تر دەدات.
- پەیوەندی دەگرێت لەگەڵ منداڵی لە خۆی گەورەتر.
- خۆی ڕادێنێت لەگەڵ ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

٤. جوڵە (Movement)

- جوڵەی چەسپاو دەکات، واتە هەر لە جێگەی خۆیەوە خۆی لار دەکاتەوەو دەچەمێتەوە.
- جۆڵەی نا چەسپاو ئەنجام دەدات، وەك (ڕاکردن، بازدان، خۆهەڵواسین و هەنگاونان).
- لە گەڵ شتەکان دەجوڵێت.
- ئاڕاستەی جوڵەکان دیاری دەکات.
- لە ڕێگەی جوڵەوە گوزارشتخوازی دەکات.
- جوڵەکان پێناسە دەکات و ناوییان لێدەنێت.
- هەست بە ڕیتمی جوڵە ڕێکەکان دەکات و گوزارشتیان لێدەکات.

٥. میوزیك (Music)

- هەستی میوزیکی دەجوڵێت.
- دەنگی نوێ دەدۆزێتەوەو شوێنەکەی دیاریدەکات.
- دەنگی گۆرانی نوێ دەدۆزێتەوە (مینگە مینگ دەکات لە بەر خۆیەوە) (بۆڵەبۆڵ دەکات).
- گەشە بە ئاوازەکان دەدات. (بە پێی ویستی خۆی ئاوازەکان پێشدەخات).
- بۆ خۆی گۆرانی دادەنێت.
- هەندێکجار بۆخۆی ئامێری سادەی میوزیکی دروست دەکات.

٦. پۆلێنکردن (Classification)

- دۆزینەوەو ناسینەوەو لێکجیاکردنەوەی شێوە جیاوازو لێکچووەکان.
- پێکگرتنی شێوە لێکچووەکان.
- جیاوازیکردن لە نێوان شێوەکاندا.
- لە یەك کاتدا چەندین شێوەی جیاواز لە هۆشیدا هەڵدەگرێت.
- جیاکاری لە نێوان کەم و زۆردا دەکات.

### ٧. ڕیزکردن (Arrangement)

- بەراوردی هێماکان دەکات.(درێژ – کورت، گەورە – بچووك).
- شتەکان یەك لە دوای یەك ڕیز دەکات، بەو شێوازەی، کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت.(گەورە– گەورەتر– گەورەترین، سور – شین – سور – شین).
- شێوە هاووبەشەکان لە لای یەکتر جێگیر دەکات. (کوپێکی بچووك – قاپێکی بچووك، کوپێکی گەورە – قاپێکی گەورە).

### ٨. ژمارە (Number)

- بەراوردکاری دەکات لە نێوان ژمارەو شتە بەرچاوەکان، یان بەردەستەکان بە تایبەت کۆمەڵە جووتەکان بۆ دیاریکردنی (زۆر و کەم).
- ڕێکخستن و سازکردنی دوو کۆمەڵە پێکەوە، کە هاوشێوەن لەگەڵ یەکتر.
- ژماردنی شتەکان.

### ٩. بۆشایی (Space)

- پڕیدەکاتەوەو دایدەپۆشێ.
- پڕیدەکات و بەتاڵیدەکاتەوە.
- شتەکان لێکدەبەستێت و ڕێکیاندەخات و دواتر لێکیان جیادەکاتەوە.
- شێوەکان دەگۆڕێت و دواتر ئاڵوگۆڕیان پێدەکات.(لولیان دەدات، دەیپێچێتەوە، لێکی دەکشێنێ، پانی دەکاتەوە، کەڵەکەیان دەکات).
- تێبینی خەڵك و شوێنەکانیان و شتەکانیان دەکات، دواتر پێکیان دەبەستێتەوە.
- بەپێی ئەزموونی خۆی شوێن و ئاڕاستەو دوورییەکانیان دیاریدەکات.
- جیاکارییان دەکات بۆ وێنەی فۆتۆگرافی و کێشراوەکان و وێنە ڕاستەقینەکان.

### ١٠. کات (Time)

- تەنها بە ئاماژەیەك کار دەکات و لە کارکردن ڕادەوەستێت.
- بە پێی ئەزموونی خۆی ڕێژەی جوڵە دیاریدەکات.
- بە پێی ئەزموونی خۆی کاتەکان پێکدەگرێت و لێکیان جیا دەکاتەوە.(شەو، ڕۆژ).

- کات و ساتی ڕووداوەکان دەزانێت و فەرامۆشیان ناکات.

## یاسای ئاسایش و خۆپارێزی لە چالاکییە هونەریەکاندا

### یاسا بنەڕەتییەکانی ئەنجامدانی چالاکی هونەری:

مامۆستای بەڕێز... نووسراوەکانی ناو ئەم کتێبە هیچ بەهایەکییان نییە، ئەگەر پەرۆشی و دڵسۆزی و کارامەیی و لێهاتوویی بەڕێزتانی لەگەڵدا نەبێت. کەواتە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ناو ئەم کتێبە پێویستمان بە کۆمەڵێك یاسای بنەڕەتی هەیە، تا چالاکییەکانی پێ ڕێکبخەین و کەرەستەکانی پێبخەینە بەردەستی منداڵەکان (پێش کارکردن، لە کاتی کارکردن، دوای کارکردن). پێویستە خۆپارێزی و تەندروستی منداڵەکان لە بەرچاو بگیرێت و فەرامۆشی نەنوێنرێت لە کاتی کاردا، بۆیە یاسای بنەڕەتی ئەنجامدانی چالاکی هونەری، ئەم ڕێنماییانە دەگرێتەوە:

١- پێویستە مامۆستای وانەی هونەر وابەستەی یاساکانی ئاسایش و خۆپارێزی بێت و فەرامۆشیان نەکات.

٢- ئەم چالاکییانەی لەم کتێبەدا ئامادە کراوە بۆ منداڵ ڕێنیشاندەرێکی باشە بۆ مامۆستای هونەر، تا پێداویستییەکانی منداڵی پێ تێر بکات و چالاکییەکان بیگونجێنێت لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان، لەگەڵ ئەو کەرەستە بەردەستانەی ئامادەکراوە بۆ کارکردن.

٣- لە کاتی کارکردن لەگەڵ منداڵدا، پێویستە مامۆستای وانەی هونەر ڕەچاوی یاساکانی ئاسایش و خۆپارێزی بکات و لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

أ- ئەگەر پێویستی کرد (نەشتەر یان چەقۆی تیژ) بەکاربهێنرێت لە کارە هونەرییەکەدا، نابێت بدرێتە دەست منداڵ و پێویستە مامۆستا خۆی بەکاری بهێنێت.

ب- لە کاتی بەکارهێنانی فڕنی غاز، یان ئاگر بۆ سورکردنەوە، پێویستە منداڵەکان بە تەنیا جێنەهێڵدرێن و لە ژێر چاودێری مامۆستادا بمێننەوە.

ت- مقەستی دەندووك پان بەکاربهێنرێت.

پ- پێویستە ئاگاداری ڕەنگ و کەرەستەکان بیت و مادەی ژەهراوی و زیانبەخشییان تێدا نەبێت.

ج- نابێت بە هیچ جۆرێك منداڵ بێ ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن بەجێ بهێڵیت.

ح- کاتێك منداڵ مقەست بەکار دەهێنێت، دەبێت ئاگاداری ئەم ڕێنماییانە بێت:

- پێویستە مقەستەکان تەنها لە سەر مێز، یان لە کاتی کارکردندا بەکاربهێنرێن.
- منـداڵ دەتوانێـت لـە کـاتی ڕۆیشـتندا مقەسـتی بەدەسـتەوەبێت، بـەڵام نابێـت کاتێـك مقەستی لە دەست دابوو ڕابکات. ئەگەر منداڵەکە لە کاتی پشـوودابوو پێویسـتە دەمـی مقەستەکە ڕووی لە زەوی بکات.
- کاتێك یەکێك لە منداڵەکان مقەستەکە دەداتە هاوڕێکەی، پێویستە دەمەکەی بگرێت و لای دەسکەکەی بۆ هاوڕێکەی ڕابگرێت.
- نابێت بە مقەست ئاماژە بۆ شتێك بکەین.
- مقەسـت تـەنها بـۆ ئـەو کارانـە بـەکاردەهێنرێت، کـە مامۆسـتا ئاماژەیـان پێـدەدات وەك: (بڕینی کاغەزو شتی تر...) نابێت بۆ قژبڕین، یان ئازاردانی یەکتر بەکاربهێنرێت.
- پێویستە بە نەرمونیانی مقەستەکان دوای تـەواو بـوونی کارەکـەمان بیخـەینـەوە جێگـەی خۆی، نەك لە دوورەوە فڕێی بدەینە ناو سەبەتەکە.

٤- پێویسـتە منداڵـەکان لـەکاتی چـالاکییە هونەرییەکانـدا جلوبـەرگی تایبـەت، یـان بەروانکـەی تایبەت بپۆشن.

٥- لەم چالاکییانەدا ئەنجامی کارکردن گرنگ نییـە، هێنـدەی ئـەو ڕەفتارانـە گـرنگن کـە لـەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکەدا ڕوو دەدەن و منداڵەکان، تا چەند کارامەیی نوێ بەدەسـت دەهێـنن و ڕەفتاری باش فێردەبن. دەبێت مامۆستا ئەوە باش بزانێت، کە نابێـت زۆر بەشـداری بکات لەگـەڵ منداڵـەکان و دەبێـت بەشـداریکردنەکەی زۆر سـنوورداربێت، تـا منداڵـەکان توانـاو لێهاتوویی خۆیان بەکاربهێنن و هێزوو بازوو و توانستە ژیرییەکانیان تاقیبکەنەوە. ئـەو کاتـە یارمەتی منداڵەکە بدە کاتێك خۆی داوات لێدەکات، تـۆش هەوڵبـدە پێشـنیاری بـۆ بکـەیت، ئەگەر زۆری لێکردی پاشان بەشداری بکە.

٦- منـداڵ زۆر حـەز دەکـات شـتەکان هـی ئـەوبن (خـۆی خاوەندارییـەتیان بکـات)، لەسـەر تـۆ پێویستە پێی بڵێی ئەم کارە هی تۆیە بۆ ئەوەی دڵی بەکارکردنەکە خۆشبێت.

٧- ڕێز لە کاری منداڵ بگرە. کاتێك منداڵ کارێك ئەنجام دەدات زۆر شـانازی بەخۆیـەوە دەکـات، تـۆش دوای تـەواو بـوون کارەکـەی بـۆی نمـایش بکە.(لـە پێشـانگەی پۆلـدا) هـانی بـدەو دەستخۆشی لێبکە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هونەرییە جوانە.

٨- هەندێك ڕێووشوێن هەیە پێویستە بە گوێی منداڵیدا بدەین، تا بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە بواری چالاکییەکاندا ڕەچاوی بکات و چێژ لە کارەکە وەربگرێت و گیانی نەخاتە بەر مەترسی وەك:

أ- پێویستە منداڵەکان بە نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکاندا بکەن.

ب- منداڵەکان دەبێت ئەوە بزانن، کە ئەم کەرەستانە بۆ پێکداکێشان، یان لێکڕاکێشان بەکار ناهێنرێت.

ت- منداڵەکان دەبێت لەوە تێبگەن، کە ئەم کەرەستانە بۆ ئەنجامدانی کاری هونەرین، نەك گاڵتەپێکردن و بە هەدەردان و تێکوپێکدانیان.

پ- نابێت منداڵەکان ڕەنگ و کەتیرەو کاغەزو کەرەستەکانی تری کارکردن بۆ مەبەستی گاڵتەپێکردن و کاتبەسەربردن بەکاربهێنن، یان لەدەمیان وەربدەن.

ج- پێویستە منداڵەکان فێربکرێن دوای تەواو بوون کەرەستەکان بە پارێزراوی لە جێگەی خۆیاندا دابنێنەوە.

ح- نیگار تەنها لە سەر کاغەز دەکێشرێت، نەك لە سەر جل و بەرگ، یان لە سەر دیوار و شتی تر.

٩- کاتێك منداڵ وێنەکەیت پیشان دەدات، چۆن گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت؟ کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکەدا دەکەیت، ئەوا کۆمەڵێك کارامەیی زمانەوانی نوێ فێردەبێت وەك:(ڕوون، تاریك...) هەروەها کۆمەڵێك دەستەواژەی هونەری نوێ فێردەبێت وەك:(شێوەکان، ڕەنگەکان...) مامۆستا هەڵە دەکات کاتێك بە زمانی گشتی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵدا بکات وەك: (وێنەکەت زۆر جوانە)، یان (ئەم وێنەیە چەند جوانە). شێوازی جیاوازو تایبەت هەیە بۆ دوواندن و گفتوگۆ کردن لە سەر کارە هونەرییەکانی منداڵ، وەك:

أ- خۆت لە ڕەخنەگرتن و بەراوردکاری و ڕاستکردنەوەی کاری هونەری منداڵ بپارێزە بۆ نموونە: کارەکەت زۆر باشە، بەڵام لە وێنەی داهاتوودا هێڵێکی ڕەش بە لەشی ئاژەڵەکەدابهێنە، یان لێی بپرسە کوا ملی ئاژەڵەکە؟ چونکە ئەوە بزانە منداڵ شتە بینراوەکان کتومت وەکو خۆی ناکێشێتەوە. خۆت بپارێزە لەو هێمایانەی منداڵ

کێشاویەتی و بۆ منداڵەکەی شی مەکەوە، یان بۆی ڕوون مەکەوە گرنگ پەی پێبردنی تۆیە بە تابلۆکە.

ب- چاوت لەسەر پێکهاتە هونەری و نەخشەسازی تابلۆکە بێت و هانی منداڵەکە بدە، تا گەشە هەستییە هونەرییەکانی پێشبخات و ستاییشی ئاستی جوانناسی منداڵەکە بکە. دەتوانی پێکهاتە هونەرییەکان لەم دەستەواژانەدا کۆبکەیتەوە وەك: (ڕەنگ، هێڵ، شێوە، شێواز (Form)، پانتایی (Expansion)، قەبارە (Size)، پێکهاتە بنەڕەتییەکەی (Basic Structure). مامۆستا لە منداڵەکە دەپرسێت لەبارەی ڕەنگە بەکارهاتووەکان، یان ئاڕاستەی هێڵەکانی ناو وێنەکە، یان چەند ڕەنگی بەکارهێناوە؟ یان چەند جۆر هێڵی بەکارهێناوە؟ یان چەند پارچەی بڕیوە؟ یان لێی دەپرسێت لە بارەی کەرەستە بەکارهاتووەکان، یان پرسیاری ئەوە لە منداڵەکە دەکات هەستی بە چی کرد کاتێك کەرەستەیەکی نوێی بەکارهێنا؟

ت- پێویستە گفتوگۆی خەیاڵئامێز لە بارەی کارە هونەریەکەوە لەگەڵ منداڵەکەدا بکەیت وەك:(من لە ناو تابلۆکەتدا خانوێك و دارێك و گوڵ دەبینم، ئای تابلۆیەکی چەند جوان و گەشاوەت کێشاوە!). خۆت لە پرسیاری کراوە بپارێزە وەك: (ئەوە چییە؟ یان دەتەوێت چی لەبارەی تابلۆکەتەوە بڵێیت؟) (پرسیارکردنەکە کەمێك توندو لەناکاوە) بۆیە منداڵەکە لە وەڵامدا یەکسەر پێتدەڵێت: نازانم؟ ئەمەش وەڵامێکی زۆر خراپەو دواتر کاریگەری لەسەر باری دەروونی منداڵەکە بەجێدەهێڵێت.

پ- پێویستە دوای تەواوبوونی کارەکە گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکەدا بکەیت، چونکە منداڵ دوای تەواووبوونی کار باشتر ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

ج- پێویستە پێش ئەوەی پرسیار لە منداڵەکە بکەیت، ڕێگە بە منداڵەکە بدە یەکەمجار خۆی لەبارەی تابلۆکەوە بۆت بدوێ، تا ئاستی خەیاڵکردنی نەشێوێ بۆ گفتوگۆکردن.

ح- کاتێك گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ دەکەیت بە تایبەت لە پۆلەکانی (یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج)ی بنەڕەت، پێویستە زمانی گفتوگۆی هونەری بەکاربهێنیت وەك: من لە تابلۆکەتدا هێڵی باریك و پان دەبینم، یان تۆ ڕەنگی جیاوازت بەکارهێناوە لە تابلۆکەتدا! دواتر گفتوگۆ لە بارەی کاتی تەواوکردنی تابلۆکەی لێبکەو لێی بپرسە چۆن ئەم کەرەستانەت بەکارهێناوە؟ منداڵ بە گفتوگۆی هونەری ئاستی جوانناسی و ئاخاوتنی پێشدەکەوێت.

خ- دوای تەواو بوونی گفتوگۆکەت لەگەڵ منداڵەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی تابلۆکە بکەو ستایشی خۆتی بۆ دەربڕە.

د- کاتێك مامۆستا بە سەرسوڕمان و تێڕامانێکی هونەرییەوە لە تابلۆی منداڵەکە دەڕوانێت، ئەوا هەستێکی هونەری جوان لای منداڵەکە دروست دەکات وەك:

- مامۆستا بە تێڕامانێکی هونەرییەوە لە کارە هونەریەکەی دەڕوانێت.
- مامۆستا گرنگی بەو ماندووبونەی منداڵەکە دەدات، کە کێشاویەتی لە کارە هونەرییەکەدا.
- مامۆستا هانی منداڵەکە دەدات بە پەرۆشەوە لە کارەکەی بڕوانێت.
- وا لە منداڵ دەکات متمانەی زۆرتر بە خۆی بکات و توانستەکانی باشتر دەربخات.

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری (ڤیکتۆر لۆنفیڵد)، گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و هزری، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەم هاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، تا گەورەتربێت، وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ. ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکان ساناترو ڕووتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیڵد):

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دووای بوون تا ٢ساڵی.

٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.

٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بەشێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.

٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.

٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.

٦- قۆناخی گوزارشت لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.

٧- قۆناخی باڵق (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی سێیەم هەڵدەبژێرین، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (٤ بۆ٧ ساڵ. لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیان دەوەستین و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاو دەنێین و تۆی مامۆستاش پێویستە ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکەیت و هەڵپە نەکەیت لەکاتی جێبجێکردنی وانە کردارییەکاندا.

سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخەینە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر:

## قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەست کردن بە شێوەکان: (٤ بۆ ٧) ساڵ

منداڵ لەم قۆناخەدا وەك (هەست و لەش) گەشەی زۆرتری کردووە، هەروەها باری کۆمەڵایەتی و شارەزا بوونی بۆ بەرانبەرو دەوروبەر زیاتر نەشونمای کردووە. لە زارۆخانەوە هەنگاو دەنێ بەرەو قوتابخانەو ئەندامی نوێ دەناسێ، ئەوە بەئاشکرا کاردەکاتە سەر گوزارشتە هونەرییەکانی. لەم ئاستەی تەمەنی منداڵدا هێماکان زۆرتر ماناو زانینی پێوە دیارەو وەك لە قۆناخی پێشوتردا (ناولێنان) دەرکەوت. دەتوانین شێوەکان باشتر بناسینەوە، کە لە قۆناخی ناولێناندا ساکار بووە، ئێستا بە ئاشکرا ئەو شێوانە دەناسینەوە، کە منداڵەکە دەیانکێشێ وەك: وێنەی (مرۆڤ، گیاندار) لەم قۆناخەدا هەر شتێك لە دەوروبەری منداڵەکەدا بێت، ئەوا بێ دوودڵی بە شێوەیەکی ڕاستییە ڕاستەقینە بینراوەکە گوزارشتیان لێدەکات. بەڵام بە دنیابینی و تێگەیشتنی منداڵانەی خۆی، نەك وەك ئەوەی ئێمەی گەورە دەیبینین و هەستی پێدەکەین، بۆیە بینینی ئێمە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو بینینەی، کە منداڵەکان دەیبینن و هەستی پێدەکەن.

## ئەرکی سەرشانی مامۆستا لەم قۆناخەدا: (٤ بۆ ٧) ساڵ

ئەو ڕێگاو بۆچوونانەی منداڵ لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی دەیگرێتە بەر گرنگترین شێوازەکانی ژیانییەتی. ئەرکی سەرشانی مامۆستا ئەوەیە بە هیچ جۆرێك بەرپەرچی گوزارشتی منداڵ نەداتەوەو بەهیچ جۆرێك گاڵتە بە شێوازی کارکردنی نەکات، بەڵکو هانی بدات بۆ بەردەوام بوون و تێکەڵبوون بە چالاکی هونەری، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێنێ، تا کار بکات. بە ئامادەکردنی کەرەستەو کەلوپەلی بەکارهێنان وەك:(کاغەز، پاستیل، ماجیك، قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ، هەروەها قوڕ، یان قوڕی دەستکرد، یان هەویر...) پێویستە لە کاتی هەست بزواندنی منداڵ بۆ گوزارشت بابەت دەستنیشان بکرێ، کە پەیوەستە بە توانای لەشەکی و ئەقڵی منداڵەکە بەتایبەت

ئەو بابەتانە بن، کە بەسەر ژیانی منداڵەکەدا هاتووە، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا بە سروشتە بینراوەکەی خۆی سەرنج ڕاناکێشێ هێندەی بە زانیارییەکانی سەرسامە... (هەر ئەمەیە وا دەکات منداڵ زۆر پرسیار بکات و بەدوای زانیاری نوێدا بگەڕێت و دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە وەربگرێت، کە لەخەیاڵدانیدا بێ وەڵام ماون).

## مەشق و لێکۆڵینەوە لە هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا: (٤ بۆ ٧) ساڵ

١- کۆمەڵێ وێنەی منداڵ کۆبکەوەو پاشان هەوڵ بدە دەستنیشانی گۆڕانکارییەکان بکەی، کە ڕوودەدات لە هەر توخمێ، کە هەڵدەستێ بە گوزارشت دەربارەیان.

٢- ئەو شێوە ئەندازەیی و هێڵانەی منداڵ بەکاریان دەهێنێ لە وێنەکانیدا دەستنیشانیان بکە.

٣- تێبینی ئەوە بکە، تاچ ڕادەیەك گۆڕان ڕوودەدات لە هەر وێنەیەك، کە دەیانکێشێ.

٤- کاریگەری ئەو زانیاریانەی، کە نرخی هەیە لای منداڵەکە لە وێنەکانیدا.

٥- پەیوەندییە ژینگەیی و زەمینیەکانی بابەتەکان تێبینی بکە.

٦- سەرژمێری هێما جیاوازەکانی بکە، کە دەیان دۆزیتەوە.

٧- هەندێك جار یەك یەك بابەتیان بدەرێ جارێك بە بێ هەست جوڵاندن، جارێك بە هەست جوڵاندنێکی گونجاوەوە، پاشان بەراوردی هەردوو ئەنجامەکان بکە بە دەستنیشانکردنی کاریگەری زانیارییەکان و بزانە لە وێنەکانیدا زانیارییەکان لای منداڵەکە نرخیان هەیە؟ (ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە، کە بزانە منداڵەکە بە زانیارییەکان سەرسامەو گۆڕان لە وێنەکەیدا دروست دەبێت، یان گۆڕانکاری دروست دەکات).

## بۆ زیاتر شارەزابوون لەم قۆناخەی هونەری منداڵ واتە (٤ بۆ ٧) ساڵ دەڵێین:

لە وێنەکاندا شێوە ئەندازەییەکان زاڵ دەبێ بە سەر تابلۆکاندا، کە بە یەکەم شێوازی گوزارشتی هونەری منداڵ دادەنرێت. تێبینی هێڵ و نیمچە ئەندازەیی تێدا دەکەین بۆ نموونە: ئەگەر منداڵ وێنەی مرۆڤی کێشا دەبینین شێوەی سەری نیمچە بازنەیی دەکێشێ و باڵ و پەلەکانی بەشێوەی هێڵی ڕاست دروست دەکات. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ چالاکییە جووڵەو ماسولکەییەکانی منداڵ لەم تەمەنەدا. هەروەها جۆراو جۆرکردنی وێنەی یەك شێوە لە کارەکانیدا هەیە. تێبینی دەکەین لەم قۆناخەدا منداڵ وێنەی یەك شێوە بە چەند جۆر ڕەنگ، یان شێوە بەکاردەهێنێ دڵخۆشی منداڵ وا دەکات ئارەزوو بە سروشتەکەی خۆی بکات و چێژی لێوەربگرێت. حەز دەکات جووڵەو

بزواندنی جیاواز جیاواز بەکاربهێنێ. لە ئەنجامدا ئەوە هەست دەکەین، کە وێنەی جیاوازو جۆراوجۆر بۆ یەک شت، یان یەک شێوە بەکاردەهێنێ بۆ نموونە: ئەگەر بۆ چەند جارێک داوامان لێکرد وێنەی مرۆڤ بکێشێت لە هەموو جۆرەکانیدا وێنەیەکی جیاواز دەربارەی مرۆڤ دەکێشێت، هەروەک بیەوێ بەدوای هێمایەکی دیاریکراودا بگەڕێت، کە هێشتا نەی گەیشتۆتێ، یان نەی دۆزیوەتەوە. ئەم قۆناخە قۆناخی گەڕان و تاقیکردنەوەیە (ئەزموونکردنە) لە نیگارکێشاندا، لەبەر ئەوە شێوەکان تیایدا سیمایەکی جۆراوجۆرو جیاوازی هەیەو پەیوەندی بە (شوێنەوارو شتەکان)ـەوە هەیە، کاتێک منداڵ دەیەوێ وێنەی شوێنێک بکێشێت بە شێوەیەکی خۆیی تەماشای دەکات، بۆ نموونە: کاتێک لەم تەمەنەیدا شەقامێک دەکێشێت بەلایەوە گرنگ نییە، کە دەبێ درەختەکان لە قەراخی شەقامەکەدابێت و ئۆتۆمبێل لە ناوەراست و خەڵکی لەسەر شۆستەکان ڕێ بکەن، بەڵکو ئەوەی بە لایەوە گرنگە لە سەر کاغەزەکە هەموو بابەتەکە بکێشێ و لە یەک ڕوودا کۆیان بکاتەوەو پیشانمان بدات بە پێی ئارەزووی خۆی و هەموو بابەتەکە لە بەردەمی خۆیدابن و گوێ بە پەیوەندییە بینراوەکان و شوێنی شتەکان نادات، گرنگ ئەوەیە ئەو بابەتانە دەکێشێت، کە بە پێی ئەو زانیاریانەی خۆی هەیەتی لە بارەی شتە بینراوەکانەوەو بۆیە دەردەکەوێت، کە ئەوانە هەست پێکردنێکی خۆییە، نەک بابەتی. هەروەها منداڵ لەم قۆناخەدا ڕەنگ بەکاردەهێنێ بۆ تام و چێژلێوەرگرتن لە بەر ئەوەی پشت بە چاوی نابەستێ، تا شتەکان وەک خۆی ڕەنگ بکات، بەڵکو بە حەزی خۆی ڕەنگ بەکاردەهێنێ لە جیاتی ڕەنگی سەوز بۆ گەڵای درەخت بەکاربهێنێ لەوانەیە ڕەنگی شین بەکاربهێنێ، هەروەها ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ، کە منداڵ لەم قۆناخەی تەمەنیدا ڕەنگ بەکاردەهێنێ لەپێناو جیاکردنەوەی پێکهاتەکانی ناو وێنەکە. هەروەها لە پێناوی تام و چێژلێوەرگرتنی دەروونی خۆیی.

## دوو خشتە بۆ مامۆستا خراوەتە ڕوو:

**لە خشتەی یەکەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی سالآنە هەیە، کە مامۆستا سەرەتا تەوەرەکان دابەش دەکات و کاتی دەستپێکردن و کاتی کۆتایی هاتنی تەوەرەکان دیاریدەکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت، کە لە ساڵەکەدا چۆن تەوەرەکان لە وەرزەکانی خوێندندا تەواو دەکات؟

**لە خشتەی دووەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە هەیە، کە مامۆستا تەوەرەکان، ئنجا وانەکان دیاری دەکات و کاتی دەستپێکردن و بابەتەکانیش دەردەخات، تا بزانێت ئامانجی فێرکاری و هۆکارەکانی فێرکاری چۆن لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەخاتە ڕوو. هەروەها لە کۆتایی هەروانەیەکیشدا خشتەی هەڵسەنگاندن هەیەو مامۆستای وابەستە بە هەڵسەنگاندن کردووە، تا ئاستی فێرکاری و زانیاری قوتابییەکان دیاری بکات.

لەم دوو خشتەیەدا پلانێک بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستا دەردەخات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە وابەستەی پلانی بۆداڕێژراوبێت، مەرجیش نییە کت و مت پلانەکە، وەک خۆی لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرنگە مامۆستا بزانێت، چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی تەواوی دەکات؟ ئەوەش مەبەستی سەرەکی خشتەکانە و دەبێت مامۆستا ڕەچاوی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای وانەکە ڕەچاوی پشووەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە ساڵانە ڕادەگەیەنرێت، یان پشوویەکی لەناکاو دێتەپێش بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ڕەچاوی هەرگۆڕانکارییەک بکات لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا، تا بزانێت چۆن ئەم وانەیە قەرەبوو دەکاتەوە.

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل: وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

# تەوەری یەکەم

# دەربڕینی هونەری بە هێڵکاری

## هێڵکاری ئازاد

**لەم تەمەنەدا** منداڵان ماسولکەکانیان گەشە دەکات و هەوڵدەدەن لەشیان ڕێکبەخەن لەگەڵ هۆش و بیریان و جووڵەیان زۆردەبێت و وزەی زۆر بەبا دەدەن. مامۆستا دەتوانێت سوود لەم وزە زۆرەی منداڵ وەربگرێت و لە کارێکی هونەریدا خاڵی بکاتەو کاری هونەری پێ بەرهەم بهێنێ و منداڵەکە بخاتە قۆناخێکی تری خۆشگوزەرانییەوە. منداڵەکان چێژلە چالاکییەکە وەردەگرن و هەست بە ئاسوودەیی دەکەن و کاتێکی خۆش لەگەڵ هاوڕێکانیان بەسەر دەبەن.

**ئاڕاستەکردن** یەکێکە لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ئەم قۆناخە. منداڵ سەرەتایەتی لە کارکردنی هونەریدا (ئەگەر بە زارۆخانەدا ڕەت نەبووبێت)، بۆیە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی پێدان خاڵێکی سەرەکییەو نابێت فەرامۆش بکرێت. پێویستە ئاڕاستەکردنەکە لە ئاست توانست و توانا لەشەکی و هەستییەکانی منداڵەکاندا بن. ئاڕاستەکردنی باش ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە و ئاڕاستەکردنی خراپ لە دیدگاو دنیابینی منداڵەکاندا (بەرتەك)[١]ی باشی نابێت.

**داواکاریەکان** سادەن و پێویستە مامۆستا وا هەست نەکات، کە منداڵەکان وەك ئێمە بیردەکەنەوە. خەیاڵکردن و دنیابینی منداڵ زۆر لە گەورەکان جیاوازترە. چونکە منداڵ حەز دەکات هەموو شتەکان بۆ خۆی بێت و خاوەنداری هەموو شتێك بکات و جۆرێك لە ئیرەیی تێدا چەکەرە دەکات. بۆیە لەسەر مامۆستا پێویستە ئاگاداری سەرجەم ڕەفتارەکانی منداڵەکان بێت و فەرامۆشیان نەکات. هەر فەرامۆشکردنێك خاڵی لاواز و خراپی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بۆ ئایندەی منداڵەکان باش نابێت.

---

[١] بەرتەك: (وەڵامدانەوەی ئاماژەیی) ئەم وشەیە لەبەرانبەر وشەی (استجابة) ی عەرەبی و (Response) ئینگلیزی بەکارهاتووە.

# گوزارشتی هونەری بە هێڵکاری

ئەم تەوەرە کۆمەڵێك دەستەواژەو یەکەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە پێویستن بۆ جێبەجێکردن و دەربڕین بە هونەری نیگارکێشان بە هۆی ئەو وێنەیەی منداڵ دەیکێشێت لە پۆلداو توانا کارامەییە هونەرییەکان بە دەستدێنێت لە ڕێگەی چالاکییە کردارییەکان و چارەسەرکردن و دەوڵەمەندکردنی وانەکە لە ڕێگەی ئەم تەوەرەوە.

## ئەم تەوەرە سێ بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

١- پەیوەندی لە نێوان هێڵەکاندا.
٢- پەیوەندی لە نێوان ڕەنگەکاندا.
٣- پەیوەندی لە نێوان شێوەکاندا.

## پێشبینی دەکرێت قوتابییەکان دوای تەواو بوونی ئەم تەوەرە تواناکانیان پێشبکەوێت وەك:

- جووڵەی هێڵەکان ڕێکدەخات لە سروشتدا.
- ڕەنگەکان دەگونجێنێت لەگەڵ سروشتدا.
- وێنەی ئەو شێوانە دەکێشێت، کە لەگەڵ تواناکانی خۆیدا دەگونجێت.
- ڕەفتاری باش دەنوێنن، تا بەرەو خووە شیاوەکان هەنگاو بنێن.

# وانەی یەکەم

**تەوەر: دەربڕینی هونەری  بە هێڵکاری.**

**بابەت: سروشت**

**کاتی دیاریکراو: ٦ وانە**

---

**ئەرکی مامۆستا:**

مامۆستا لە پێشەکی وانەکەدا کورتە باسێك لەگەڵ منداڵەکان بە شەن و کەو دەکات لە بارەی (ژینگە، سروشت)، دوای ڕاڤەکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەبارەی ئەم پرسیارانەوە کەمێك لەگەڵ منداڵەکان بمێنەوە:

- ژینگە چییە؟
- سوودەکانی پاك ڕاگرتنی ژینگە چییە؟
- بۆچی گرنگە سروشتمان خۆشبوێت؟
- ژینگەی پڕ دارو درەخت و سەوزایی بۆ ئێمە چەند گرنگە؟
- بۆچی نابێت دارو درەختەکان بشکێنین و گوڵەکان لێنەکەینەوە؟
- سوودەکانی سروشت بۆ گیانداران چییە؟

ئەمەو چەندین پرسیار لە پۆلەکەدا بووروژێنەو لەگەڵ منداڵەکان پێکەوە گفتوگۆی بکەن، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ نیگارکێشان.

لێکبەستن و پێکگرتن:  وانەکە ببەستەوە بە وانەی کوردی بابەتی (گوند).

## سوودی بە دەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

هێڵکاری قوتابییەکان باش دەبێت و ئاراستەی هێڵ و ڕووەکان دیاریدەکەن. شێوە جیاوازەکان دەناسنەوەو جیاکاری دەکەن (درەخت، خانوو، شاخ، ئاو، ئاسمان...)، فێردەبێت بۆ هەر یەکێك لەم شێوانە هێڵکاری تایبەت بکێشێت و جیاوازییان دەکات. قوتابییەکان وێنە خەیاڵییە نەبینراوەکانیان لە لا دەبێتە وێنەی ڕاستەقینەی بینراو.

## سووده كارامەییەكان:

قوتابییەكان گەشەی لەشەكییان باش دەبێت و نووكی قەڵەمەكانیان ناشكێنن و ڕووپەڕی كاغەزەكە نادڕێنن و بە پاك و خاوێنی دەیهێڵنەوە. لەكاتی وێنەكێشاندا فێری هێڵكاری (چەماوە، ڕێك، خوار، كەوانە، درێژ، كورت...) دەبن و كارامەییان لە بەكارهێنانی كەرەستە جیاوازەكان زۆرتر دەبێت و تەنها پشت بە بەكارهێنانی یەك ڕەنگ نابەستن و چەندین ڕەنگی جیاواز بەكار دەهێنن بە پێی شێوە سروشتییە بینراوەكە. دەتوانێت پانتایی وێنەكە پڕبكاتەوە بەو شێوەیەی دەیان بینێت و هەستیان پێدەكات.

## سووده ویژدانییەكان:

قوتابییەكان لە سوودەكانی ژینگەو پاراستنی ژینگە تێدەگەن و دەزانن، كە پێویستە پارێزگاری لە دارو درەخت و سەوزایی بكەن. فێردەبن ئەگەر سروشت نەبێت ئێمە ناتوانین هەوای پاك هەڵمژین. هەروەها ناتوانین ئێمەو گیانداران و باڵندەكان بە ئاسوودەیی بژین.

## كەرەستەی بەكارهێنان:

- كاغەزی سپی A4 یان كارتۆنی سپی A4.
- قەڵەم ڕەنگ، یان پاستیلی چەور، یان ماجیك.
- دەزوو، یان داو، دوای تەواو بوونی وانەكە پێشانگەی پۆل بۆ منداڵەكان بكەوە.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەكییەكان:

پێش ئەنجامدانی چالاكییە سەرەكییەكە، پێویستە مامۆستای وانەی هونەر چەند دەستەواژەو زانیارییەك بە بیر منداڵەكان بهێنێتەوە لە ڕێگەی ئەنجامدانی چەند چالاكییەك:

- وێنەی چەند شێوەیەك بكێشن و هێڵی ڕێكی كورت و درێژی تێدا بەكاربهێنن.
- وێنەی چەند شێوەیەك بكێشن هێڵی خواروخێچ و بەرزو نزمی تێدا بەكاربهێنن.
- لە كوێی پۆلەكەماندا ئەم جۆرە هێڵانە دەدۆزینەوەو هەستییان پێدەكەین؟

## بڕگەی ئامادەکاری:

پێویستە مامۆستا تێبینی و زانیاری لە سەر هێڵ و شێوەکانی دەوروبەر بۆ قوتابییەکان شیبکاتەوەو لە بارەی (خانووەکان، دارەکان، شاخەکان، پێدەشت و شەپۆلی دەریاکان...) زانیاری تەواوییان پێبدات و بۆیان ڕوونبکاتەوە، کە هەر یەکێك لەم بابەتانە پێویستییان بە هێڵی جۆراو جۆر دەبێت وەك: (هێڵی باریك، پان، ئەستوور، تەنك، چەماوە...). پێویستە منداڵەکان کەرەستەی جیاواز بەکاربهێنن بۆ کێشان و ڕەنگکردنی شێوە جیاوازەکان (قەڵەم ڕەنگ، پاستیلی چەور، ماجیك، کاغەزی سپی)، لە ئەنجامدا منداڵەکان ترسیان دەشکێت و توانستی خۆیان تاقیدەکەنەوەو هەست بە ئارامی و دڵخۆشی دەکەن و چارەسەری ئەو کێشانەش دەکەن، کە لەکاتی نیگارکێشانەکەدا دێتە ڕێگەیان. لە کۆتاییدا توانای کارکردنیان باش دەبێت و کارامەیی نوێ بە دەست دێنن.

## هاندانی قوتابییەکان:

مامۆستا هەندێك وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ پیشانی منداڵەکان دەدات (وێنەی سروشت، تابلۆی هونەری، کاری قوتابییەکان، وێنەی ژینگەی دەوروبەری منداڵەکان)، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر بیرۆکەی منداڵەکان دروست دەکات.

## ناساندنی یەکەی وانە کردارییەکە:

هێڵی ڕێك (توند و تیژ): هێڵێکی توندو جێگیرەو بە ڕێکی دەکێشرێت. وێنەی (١– ١)

هێڵی چەماوە (نەرم): هێڵێکی چەماوەی نەرمەو بە شێوەی لولپێچ دەردەکەوێت و نەرم و نیان و ڕێکپۆشە و لە کاتی سەیرکردنیدا چاو هەراسان ناکات. وێنەی (١– ٢)

هێڵی تەنك: مەبەست لە پانی هێڵەکەیە، جا ئەم هێڵە ڕێك، یان ناڕێك بێت.



وێنەی (١– ١) هێڵی ڕێك لە ڕووەکی کێویدا



وێنەی (١– ٢) هێڵی نەرم و چەماوە لە گوڵدا

## هێڵ:

هێزی دەربڕینەو هەڵگری کۆمەڵێك واتای جۆراوجۆرە، وەك هێڵی پان، یان باریك، یان ئەستوور وێنەی (١- ٣)، یان هێڵی ڕێك و چەماوە، هەر یەکێك لەم هێڵانە واتاو ناوەرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە. هێزو تواناکانی هێڵ سنووریان نییە، لە ناسکییەوە بۆ دژوارو لە نەرمییەوە بۆ ڕەق. لە وانەشە هێڵەکە نەرم و ئاڵۆزبێت، یان ڕێك و ڕەق بێت، یان بەهێزو شڵەژاوو تێك ئاڵاوبێت، هەر لەبەر ئەوەشە ڕەخنەگرانی هونەری پێیان وایە هێڵ بنچینەی کاری هونەرییە، وەك وێنەی (١- ٤).

ئەو منداڵانەی بە زارۆخانەدا ڕەت بوون، دەزانن هێڵ چییە؟ چونکە خاڵ و ڕاستەهێڵ و شێوەیان خوێندووە. بەڵام ئەو منداڵانەی بە زارۆخانەدا ڕەت نەبوون، پێویستە مامۆستا نەرمتر ڕەفتار بکات و ئەوە بزانێت، کە منداڵەکان پێشینەیەکی هونەرییان نییەو هاوکاری تەواو پێشکەش بە منداڵەکان بکات، تا ئاستێکی بەرزی خەیاڵکردن ئەنجام بدەن و توانا لەشەکی و ئەقڵیەکانیان بەگەڕ بخەن لە ژێر چاودێری مامۆستادا.



وێنەی (١- ٣) هێڵی باریك و ئەستوور



وێنەی (١- ٤) هێڵ بنەمای کاری هونەرییە

# ئامانجی فێربوون و فێربوونی کراوە

## ١- وانە گووتنەوەی ڕاستەوخۆ

أ- مامۆستا لەپڕ چەند فلاش کارتێکی وێنەیی ڕادەکێشێت و پیشانی قوتابییەکانی دەدات، کە شێوە و جۆری هێڵەکانی لەسەر نەخشێنراوە (هێڵی ڕێك، پان، باریك، چەماوە، وێنەی سروشت و ژینگە).وێنەی (١- ٥)

ب- سەرەتا مامۆستا چەند وێنەیەکی شێوە جیاواز دەخاتە بەر چاوی قوتابییەکان و نمایشێکی وێنەدار لە شێوەی پانۆراما نمایش دەکات، تا هێڵ و شێوە جیاوازەکان باشتر بگاتە قوتابییەکان. وێنەی (١- ٦)



وێنەی (١- ٥) هەندێك لە جۆرەکانی هێڵ



وێنەی (١- ٦) ئاڕاستەکانی هێڵی باریك و ئەستوور

ت- چەند پرسیارێك بکە:

١- ئەگەر هێڵە ڕاست و چەماوەکان مرۆڤەکان بن، پێت خۆشە تۆ لە کامییان بیت؟ بۆچی؟

٢- ئەو هێڵە باریك و ئەستوورانەی دەیان بینیت لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بیانهێنەوە بیرخۆت، چیت بینیووە؟ شێوەکانیان باس بکە.

پ- مامۆستا منداڵەکان ئاڕاستە دەکات بۆ کێشانی چەندین شێوەی جۆراوجۆر، کە چەندین هێڵی پان و باریك و ئەستوورو چەماوەی تێدابێت.

## ٢- فێربوون لەڕێگەی چالاکییەوە

أ- قوتابییەکان لە گەڵ مامۆستاکەیان دەچنە دەرەوە بۆ ناو سروشت و ژینگەی دەوروبەرییان، تا درزو قڵیشانی زەوییە دیمەکارەکان وێنەی (١- ٧) تەماشا بکەن، کە چەندین هێڵی جۆراوجۆری دروست کردووەو چەندین شێوەی تر ببینن، کە لە ڕێگەی سەیرکردنی شێوەی (بەردو قەدو ڕەگی ڕووەکەکان، تەلارو شوێنە گشتییەکان، زیندەوەرەکان...)دا هەستی پێدەکەن و ئاستی جوانناسییان بەرز دەکاتەوەو شێوە جیاوازەکانیش لێکجیا دەکەنەوە. وێنەی (١- ٨)



وێنەی (١- ٧) هێڵکاری قڵیشانی زەوی



وێنەی (١- ٨) هێڵکاری باڵی پەپوولە

ب- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکاندا دەکات لەبارەی ئەو هێڵکاری و شێوانەی لە سروشت و ژینگەدا دیتوونی.

ت- مامۆستا هەندێك پرسیار دەکات، لەوانە:

١- جۆرو شێوەی ئەو هێڵانە چۆنن، کە لە وێنەی (١- ٦) دا هەیە؟

٢- چەند هێڵێك بکێشن لە هەوادا، پاشان ئەگەر منداڵەکان لەدەرەوەی پۆل بوون، با لەسەر لم، یان لەسەر خۆڵ هێڵی ڕێك و ناڕێك و چەماوە بکێشن، جا ئەگەر بە پەنچە، یان بە ڕاستە، یان بە قەڵەمەکانیان بێت.

## ٣–فێربوون لەڕێگەی گروپکاری:

أ– مامۆستا قوتابیەکان دابەش دەکات بەسەر گروپی بچووکی (٤– ٦) قوتابی و هەر قوتابیەکیش ئازادە دەچێتە کام کۆمەڵەوە.

ب– ناو لە گروپی یەکەم دەنێت هێڵە ڕاستەکان و گروپی دووەم ناوی هێڵە چەماوەکان دەبێت و گروپی سێیەمیش ناوی هێڵە ئەستورەکان دەبێت و گروپی چوارەمیش ناوی هێڵە پانەکان دەبێت.

ت– هەر گروپێك لە گروپەکان، شێوەی گروپەکەی دروست دەکات لەڕێگەی (هەویری ڕەنگاو ڕەنگ) وێنەی (١– ٩)، پاشان هەر گروپێك گفتوگۆ لەبارەی شێوەو جۆری شێوەو ئەو هێڵانە دەکات، کە دروستی دەکەن و منداڵەکان سەرپشك دەکرێن لەسەر ئەو کەرەستە فێرکارییانەی بەکاری دەهێنن بۆ کێشانی هێڵەکان، وەك (ڕاستە، ڕۆڵە، تیرۆك...). پێویستە هەر گروپێك تایبەتمەندی شێوەکان بگۆڕێت، تا دەگاتە ئەو شێوەیەی، کە ناوی گروپەکەیەتی. پاشان مامۆستا ئەم پرسیارانە دەکات:

١– شێوەی هێڵی درەخت چۆنە؟ وێنەی (١– ١٠)
٢– هێڵە باریکەکان کەوتونەتە کوێی درەختەکە؟
٣– هێڵە پانەکان کەوتونەتە کوێی درەختەکە؟



وێنەی (١– ١٠) شێوەی درەخت



وێنەی (١– ٩) هەویری ڕەنگاو ڕەنگ

## هۆکارەکانی فێرکردن

**کەرەستەی خاو:**

**بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە پێویستمان بە هەندێ کەرەستەو پێداویستی دەبێت، وەك (هەویری ڕەنگاوڕەنگ، پاستیلی چەور، قەڵەم ڕەنگ، کاغەزی سپی، قەڵەم ڕەساس، ڕاستە).**

**هۆکاری ڕوونکاری:**

**تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، فیلم لەبارەی بابەتەکە، وایت بۆرد، وێنەی ڕوونکاری، تابلۆی فێرکاری، پرۆگرامی فێرکاری، وێنەی جۆراوجۆر، کۆمپیوتەر، سەردانی پێشانگەو سازدانی گەشت.**

**چالاکییە جێبەجێکارییەکان:**

**چالاکی یەکەم: قوتابییەکان تایبەتمەندی هێڵەکان دەناسن (ڕێك، چەماوە، باریك، ئەستوور) و شێوەی ئاڕاستەکەیان لە سروشتدا دیاری دەکەن.**

**١- مامۆستا گفتوگۆ دەکات لەگەڵ منداڵەکان لەبارەی تایبەتمەندییەکانی هێڵە ڕاست و چەماوەکان و دەستنیشانی جۆری ئاڕاستەکانیان لە سروشتدا دەکەین لە ڕێگەی: هەمەڕەنگی لە ئەستوریدا (ئەستور، ئەستورتر، ئەستورترین)، ئەم شێوازی کارکردنە دوبارە دەکەینەوەو بۆشاییە بە جێماوەکان ڕاڤە دەکەین و شێوەکان پێکدەگرین و لێکیان دەچوێنین لەگەڵ ئەو شێوانەی لە سروشتدا هەن: زیندەوەرەکان وەك وێنەی (١- ١١)، لەتە پرتەقاڵ، یان لیمۆ، تەونی جاڵجاڵۆکە، هێڵی شەمەندەفەر، ستوونی کارەبا... ئەم ناسین و کارە لەڕێگەی پیشاندانی هۆکارەکانی فێرکاری، یان سەردانیکردنی پێشانگەو گەلەرییە هونەری و ئەتنۆگرافییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، تا قوتابییەکە بەباشی شێوەی هێڵەکان و تایبەتمەندییەکانیان بناسێتەوەو دنیابینی و ئاستی خەیاڵکردنی فرەوان بکات.**



**وێنەی (١- ١١)**

٢- قوتابییەکان وێنەی ئەو شێوە جیاوازانە دەکێشنەوە، کە هێڵە ڕاست و چەماوەکانی تێدایە، وەك ئەو هێڵانەی لە ماسییە جۆراوجۆرەکاندا دەبینرێن. قوتابی قەڵەم ڕەنگ و کاغەزی سپی بەکار دەهێنێت.وێنەی (١- ١٢).



وێنەی (١- ١٢) (ئۆسا) وێنەی ماسی کێشاوە

**لێکبەستن و پێکگرتن:** پێویستە مامۆستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی زانست٢ بابەتی (خۆگونجاندنی گیانەوەران).

**چالاکی دووەم:** کێشانی بازنە بە قەبارەی جیاواز، بە مەبەستی پێداگیری و متمانە بەخۆکردن و دانبەخۆداگردن.

- وێنەی بازنە، یان ماسی بکێشە بە قەبارەی جیاواز بەو مەرجەی بازنەکان، یان ماسییەکان بەریەك نەکەون، پاشان بازنە لەناو بازنەدا بکێشە، یان بازنەکان یەکتر بڕبن، یان بازنەی بچووك لەناو بازنەی گەورەدا بکێشەو بە دڵی خۆت ژمارەیان دیاری بکە. ئێستا لە بەرانبەر ئەو شێوانەی کێشاوتن هەست بە چی دەکەیت؟

- وای دابنێ ئەگەر بازنەکان مرۆڤ بن، یان کۆمەڵە مرۆڤێك بن و بە پەرش و بڵاوی وەستابن، وێنەکە چۆن دەبینیت؟

- ئەگەر وای دابنێین بازنە بەیەکدا چووەکان، یان لەناو یەکەکان مرۆڤ بن، ئەم شێوەیە چۆن دەبینیت و پێت باشە تۆ لەکام جۆرە بازنانە بیت؟ بۆچی؟ وەك زانیاری بۆ مامۆستا (وەك ئەوەی دوو مرۆڤ باوەش بەیەکدا دەکەن).
- نزیکترین بازنە لە خۆت بەو کەسە بچووێنە، کە متمانەی پێدەکەیت.
- حەز دەکەیت دووری نێوان خۆت و ئەو کەسەی خۆشتدەوێت چەند بێت؟
- ئەو بازنەیەی بەخۆت چواندووە بەو ڕەنگەی پێت جوانە ڕەنگی بکە.
- لەگەڵ هاوڕێکەت بکەوە گفتوگۆ لەبارەی ئەو وێنەیەی کێشاوتە، یان ئەو مرۆڤانەی کێشاوتن، پێشی بڵێ بۆچی کێشاوتە؟
- هەستت چۆنە بەرانبەر ئەو مرۆڤانەی متمانەیان پێناکەیت؟ بۆچی؟
- چەند بازنەت کێشاوە؟ بۆچی ئەوەندەت کێشاوە؟ یان هەر خۆت حەزتکرد ژمارەیان ئەوەندەبن؟
- ژمارەی ئەو مرۆڤانەی متمانەیان پێدەکەیت چەندن؟
- ئایا نهێنییەکی گەورە، یان بچووك، یان نهێنییەکی سادە، یان مەترسیدار لە دڵتدا هەیە؟ ئایا ئەگەر ئەم نهێنییانەت هەبوو بە کێی دەڵێیت؟
- پێویستە کەی نهێنییەکانمان ئاشکرا بکەین؟ وا باشترە بە کێی بڵێین؟ ئایا هیچ هۆکارێك هەیە، تا نهێنی کەسانی تر ئاشکرا بکەین؟ کەی دەبێت ئەو کارە بکەین؟
- چی بەو کەسە دەڵێیت، کە لێت توڕەبووە؟ لەسەر ئەو نهێنییە تایبەتییەی ئاشکرات کردووە؟ ئایا پێی دەڵێت لەبەر بەرژەوەندی ئەو ئەم کارەت کردووە؟ یان چی؟

## گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە چین، کە لە وەرزی پاییزدا ڕوودەدات؟

- درەختەکان لە وەرزی پاییزدا چۆنن و چیان لێ بەسەردێت؟

١- مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان گفتوگۆی ئەو گۆڕانکارییانە دەکات، کە بەسەر درەختەکاندا هاتوون، بەهۆی هەڵوەرینی گەڵاکانییان، پاشان پێویستە ئەوە بۆ قوتابییەکان ڕوون بێتەوە، کە دوای وەرینی گەڵاکان لاسك و قەدو باریکی و ئەستووری دارەکان دەردەکەون و منداڵەکان جیاوازییان بکەن. لە هەمان

کاتـدا پێویسـتە منداڵـەکان هەسـت بـەوە بکـەن، کـە هەنـدێك لـە درەختـەکان گەڵایان ناوەرێـت لـە وەرزی پـاییزدا، وەك دار زەیتـون و هەنـدێك لـە درەختـی جوانی.

٢- قوتابییەکان بە هێڵکاری وێنەی ئەو دارانە دەکێشن، کە گەڵاکانیان ناوەرێت لە وەرزی پاییزدا، پێویستە منداڵەکان بۆ جاری دووەم ئاگادار بکرێنـەوە لـە جۆری هێڵەکان (پان، باریك، تـەنك، یـان ئەسـتوور)، لێـرەدا منداڵـەکان بیریـان دەکەوێتـەوە، کـە قـەد لـە لاسـك ئەسـتورترە. قوتابییـەکان قەڵـەم ڕەنـگ، یـان پاسـتیلی چـەور، یـان ماجیـك، یـان بـە کاغـەزی ڕەنگـاوڕەنگ (کـۆلاج) بـەکار دەهێنن.

**چالاکی سێیەم:** ڕێڕەوی ئەو هێلانەی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە دەچن.

١- مامۆسـتا قوتابییـەکان لـە شـێوەی کۆمەڵـەی (٤ یـان ٦) کەسـی ڕێکـدەخات و قوتابی سەرپشك دەکرێت لەو کۆمەڵەیەی هەڵی دەبژێرێت.

٢- مامۆستا لە قوتابییەکان دەپرسێت:

- ئایا پانی هەموو جادەکان وەکو یەکن؟ بۆچی؟
- جیاوازی چییە لە نێوان جادە سەرەکییەکان و جادە لاوەکییەکان؟
- گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە چین، کە جادە سەرەکییەکان هەیانە؟
- چی دەکەین ئەگەر بمانەوێ لە ڕێگە بەستراوەکاندا بپەڕینەوە؟
- بۆچی دەبێت پێش ئەوەی بپەڕینەوە سەیری ڕاست و چەپی جادەکە بکەین؟
- سوودی نیشانەکانی پەڕینەوەو گڵۆپی پەڕینەوە چییە؟

٣- مامۆسـتا گفتوگـۆ لەگـەڵ قوتابییـەکان دەکـات، لـەبارەی جـادەو جۆرەکـانی جادەوە، بۆ ئەوەی قوتابییەکان جیاوازی بکەن لە شێوەو جۆری ڕێگاندا، پاشان لـە نێـوان مامۆسـتاو قوتابییەکانـدا پێکـەوە ڕاڤـەی بابەتەکـە بکـەن، بـە تایبـەت یاساکانی هاتووچۆو بەکارهێنانی شۆستەو شەقامەکان بە شێوەیەکی ڕاست و

دروست و ڕێنماییەکانی هاتووچۆ پەیڕەو بکەین و وەدوو کەسە گەورەکان بکەوین، تا لەکاتی پەڕینەوەدا تووشی پێکان و ئازارنەبین.

٤- پێویستە قوتابییەکانی کۆمەڵەکە هەموو پێکەوە وێنەیەك بکێشن، کە دەربڕی چوونەوەیان بکات لە قوتابخانەوە بۆ ماڵەوە، ڕێگەو شەقام و شۆستەکان بکێشن و نیشانەکانی سەر ڕێگە بە تەواوی پیشان بدەن و جیاوازی بکەن لە نێوان هێڵی شەقامە گشتییەکان و شەقامە لاوەکییەکان، لە ڕێگەی هێڵی پان و هێڵی باریك و جۆرەکانی تری هێڵەکان. قوتابییەکان وێنەکە بە یەکێك لەم کەرەستانە دەکێشن: ماجیك، یان پاستیلی چەور، قەڵەم ڕەنگ، و کاغەزی سپی لە جۆری (١٠٠×٧٠سم) بەکاردەهێنن.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** هەڵسەنگاندنی بنەماکانی جێبەجێکردن.

**ئەنجامی فێرکاری:** ئاڕاستەی ڕێگاکان لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە.

**ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن:** پەیژەی هەڵسەنگاندن.

### پەیژەی نرخاندن، بۆ هەڵسەنگاندنی بنەماکانی جێبەجێکردن

| پێکهاتەکانی جێبەجێکردن | پەسند | باش | زۆر باش |
|---|---|---|---|
| هەستیان بە جیاوازی و پەیوەندی نێوان هێڵەکان کرد. | | | |
| وێنەی هێڵە جیاوازەکان وئاڕاستەکانیان کێشا . | | | |
| شێوازی ڕۆیشتن و ئاڕاستەکانیان لە وێنەکانیادا کێشا . | | | |
| بە پەرۆشەوە گوزارشتیان لە بابەتەکە دەکرد. | | | |
| هاوکارییان پێشکەشی یەکتر دەکرد لەکاتی کاردا. | | | |

## هەندێ چالاکی جۆراوجۆر:

ئەنجامدانی چەند چالاکییەك بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە:

- قوتابییەکان، وێنەی ژینگەی دەوروبەریان بە بەکارهێنانی هێڵی جۆراوجۆر دەکێشن، بۆ نموونە:(قوتابخانەکەم، یان ڕیزبوونی بەیانییان)، بە بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، لەگەڵ بەکارهێنانی کاغەزی سپی ئامادەکراو.
- قوتابییەکان، بە شێوەیەکی ئازاد وێنەی ژینگەی دەوروبەریان دەکێشن و هێڵی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ نموونە: (کۆکردنەوەی قوتووی بەتاڵ بە مەبەستی پاراستنی ژینگە) بە بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ.

## ئەنجامدانی چەند چالاکییەك بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەك:

- قوتابییەکان وێنەی کۆلارە دەکێشن بەمەبەستی بیرهێنانەوەو کێشانی هێڵی ڕێك و چەماوە لە نیگارەکەدا. قوتابییەکان ڕەنگی ماجیك، یان پاستیل، یان قەڵەم ڕەنگ بەکاردەهێنن لەسەر کاغەزی سپی.وێنەی (١- ١٣)



وێنەی (١- ١٣) بەکارهێنانی هێڵی ڕێك و چەماوە لە کێشانی کۆلارەدا.

- قوتابییەکان وێنەی درەختی جۆراوجۆر دەکێشن و جیاوازی دەکەن لە نێوان درەختەکاندا. بۆ نموونە (درەختی گوێز، یان درەختی پرتەقاڵ، یان هەرمێ) هەریەک لەم درەختانە شێوازی هێڵەکانی قەدوو لاسەکەکانیان جیاوازەو پێویستە منداڵەکان لە ڕێگەی هێڵەکانەوە قەدوو لاسکەکانیان لێکجیابکەنەوە، واتە دار گوێز وێنەی (١- ١٤) قەدەکەی زۆر گەورەترە لە قەدی دار پرتەقاڵ. بەم شێوەیە قوتابییەکان جیاکاری دەکەن و جیاوازییەکان بە ئاسانی هەست پێدەکەن. بەم شێوەیە یەکێك لە ئامانجەکەمان دەهێنێتە دی، کە بەرز کردنەوەی ئاستی جوانناسی منداڵەکانەو پاشان دەتوانێت شێوەکان لێکجیابکاتەوە لە ڕێگەی کێشانی هێڵە جیاوازەکانەوە.وێنەی (١- ١٥).



وێنەی (١- ١٤) شێوەی دارگوێز



وێنەی (١- ١٥) درەختی جیاواز

پاشان قوتابییەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان دارە بەرزو نزمەکان، گەڵادارو بێ گەڵاکان، قەدو لاسکەکان، لاسکە باریك و ئەستوورەکان. وێنەی (١- ١٦).



وێنەی (١- ١٦)

# پێشانگەی پۆل

یەکێك لە چالاكییە زۆر گرنگەكانی ئەم وانەیە، بریتییە لە كردنەوەی پێشانگەی پۆل. دوای تەواو بوونی قوتابییەكان لە كاری هونەری، مامۆستای وانە تەنافێك بە داو لە ناوەڕاستی پۆلەكە هەڵدەخات و بە فاقە هەموو كارە هونەرییە بەرهەمهاتووەكانی ئەو ڕۆژە هەڵدەواسێت. وێنەی (١- ١٧)

## گرنگی ئەم چالاكییە بۆ قوتابییەكان:

١- منداڵەكان هەست دەكەن مامۆستا فەرامۆشیان ناكات و گرنگییان پێدەدات.
٢- منداڵەكان كاتێكی خۆش بەسەر دەبەن.
٣- منداڵەكان كاری یەكتر دەبینن و هەست بە كارامەییەكانی خۆیان دەكەن.
٤- هەستی بەخۆزانی زۆردەبێت.



وێنەی (١- ١٧) پێشانگەی پۆل

# وانەی دووەم

**تەوەر: دەربڕینی هونەری بە هێڵکاری**

**بابەت: پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان**

**وانەی: ڕەنگ لەناو سروشتدا**

**کاتی دیاریکراو: ٤ وانە**

---

## سوودی بە دەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

**قوتابییەکان ڕەنگی ئەو کەرەستەو شتانە دەزانن، کە لەدەوروپشتیانەو لە ژینگەدا دەبینرێن، وەك: درەخت، شاخ، ئاو، دەشت، یان زیندەور، یان میوەو سەوزە...**

### سوودە کارامەییەکان

**قوتابییەکان وێنەی سروشت، یان ئەو ژینگەیەدەکێشن، کە تێیدا دەژین و شتەکان وەك ئەو ڕەنگەی هەیانە ڕەنگی دەکەن بەپێی توانا لەشەکی و ئەقڵیەکانیان، بە بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگ.**

### سوودە ویژدانییەکان

**قوتابییەکان چێژ لە سروشت و ژینگەی دەوروبەریان وەردەگرن.**

## ئەو چەمك و دەستەواژە لەپێشینانەی قوتابی بە دەستی دەهێنێت

**قوتابی دەتوانێت لەم قۆناخەدا، وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار بداتەوە لە بارەی:**

- **جیاوازی نێوان ڕەنگەکان بکات لە ڕێگەی پیشاندانی قەڵەم ڕەنگەکانی خۆی و لێکجیاکردنەوەو پێکگرتنیان، واتە ئەو ڕەنگانەی لێکنزیکن، یان پێکدەچن.**
- **جیاوازی نێوان ڕەنگی (کاڵ و تۆخ) لە میوەو سەوزەدا. وێنەی (٢- ١) (٢- ٢)**



وێنەی (٢– ١) کاڵی و تۆخی پرتەقاڵەکان



وێنەی (٢– ٢) ڕەنگی سوور

## ئامادەکاری سەرەتایی

سەرەتا مامۆستا کۆمەڵێك بابەتی زیندوو دەخاتە بەردەستی منداڵەکان، یان پیشانیان دەدات، وەك نمایشکردنی فیلمێك لە بارەی سروشت و ژینگە، یان پیشاندانی چەند وێنەیەك، یان چەند تابلۆیەکی هونەری، کە دەربڕی وەرزەکانی ساڵ بێت. وێنەی (٢– ٣) و (٢– ٤). کەرەستەی بەکارهاتوو: ڕەنگی پاستیل، ماجیك، قەڵەم ڕەنگ. پاشان قوتابییەکان گفتوگۆ دەکەن لەبارەی تایبەتمەندییەکانی ڕەنگی کاڵ و تۆخ و لێکجیاکردنەوەیان. بەڵام وریابە، لە وانەیە چەند منداڵێك ڕەنگ کوێریان هەبێت، پێویستە زانیاری لەبارەی کێشەکەیان بزانیت.



وێنەی (٢– ٣) وەرزی پاییز



وێنەی (٢– ٤) وەرزی بەهار

## ڕەنگ کوێری

هەندێك لە قوتابییەکان، یان چەند قوتابییەك کێشەی لێکجیانەکردنەوەی ڕەنگەکانیان هەیە، واتە ڕەنگی پرتەقاڵی بە ڕەنگی سوور دەناسێنێت، یان ڕەنگی شین بە ڕەنگی سەوز دەبینێت. لێرەدا پێویستە مامۆستا بزانێت هۆکاری ئەم کێشەیە چییە؟ لەوانە:

١- هۆکاری بۆماوەیی: هەر لە بنەڕەتدا وەك کێشەیەکی خۆڕسك قوتابییەکە، ئەم کێشەیەی لە باوانەوە بۆ گواستراوەتەوە.

٢- هۆکاری زانیاری: قوتابییەکە زانیاری لەسەر ڕەنگەکان نییەو پێویستە ئەزموونی زیاتر بکات و زانیاری زۆرتری لەلایەن مامۆستاوە پێبدرێت، واتە ڕاهێزانی پێبکرێت بە شێوەی کرداری.

٣- هۆکاری تەندروستی: قوتابییەکە بەهۆی نەخۆشییەوە تۆڕەکانی چاوی تێکدەچێت و ڕەنگەکان بە باشی لێکجیاناکاتەوە.

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

مامۆستا پرسیار لە قوتابییەکان دەکات: کام ڕەنگەتان خۆشدەوێت؟ بۆچی؟ مامۆستا لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان دەکات.



وێنەی (٢- ٥) ڕەنگی شێوە جۆراوجۆرەکان

### دەستەواژەکانی ئەم وانەیە:

ڕەنگ: ڕەنگ بەرتەکی ڕووناکییەو لەڕێگەی چاوەوە هەستی پێدەکەین و پاشان لە ڕێگەی مێشکەوە هەستیان پێدەکەین و جۆرەکانی لێکجیادەکەینەوە، پاشان هەست بەو شێوەیە دەکەین، کە ڕەنگەکە دەینوێنێ. وێنەی (٢- ٥).

### ناسینی ڕەنگ لەسەر کۆمەڵێك زانیاری بەندە وەك:

١- تایبەتمەندییەکانی ڕەنگ (ڕەنگی چۆنە؟) وەك: سور، شین، زەرد...

٢- کاڵی و تۆخی ڕەنگ (تۆنی ڕەنگ)، بۆ نموونە: ڕەنگی زەرد کاڵترە لە سوور.

٣- بەهای ڕەنگ: تا چەند توانای تێکەڵبوونی هەیە. بۆ نموونە: ڕەنگی سپی لەگەڵ ڕەنگەکانی تر تێکەڵ دەکرێت و بەهایان پێدەبەخشێت و تۆنی ڕەنگەکان دەگۆڕێت.

## ئامانجی فێرکردن و وانەی پێشنیارکراو

### ١-فێربوونی ڕاستەوخۆ

أ- مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات فودانە (میزڵدان) لەگەڵ خۆیان بهێنن و لە پۆلدا فویان تێبکەن. پێویستە هەر قوتابییەك ناوی لەسەر میزڵدانەکەی خۆی بنوسێت، لەگەڵ جۆری ڕەنگەکەی، پاشان هەموو میزڵدانەکە لێك ببەستن و بیکەن بە یەك چەپك. پاشان مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکان دەکات لەبارەی تایبەتمەندی و بەهای ڕەنگەکان.

ب- مامۆستا فلاش کارت بەکاردەهێنێت و لە پڕ ڕایدەکێشێت، تا قوتابییەکە جۆری ڕەنگ و شێوەکەی بڵێت. بۆ نموونە هەرمێ: زەرد، سوور...

### ٢-فێربوون لەڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییەوە

أ- قوتابییەکان لەگەڵ مامۆستاکەیان دەچنە دەرەوەی (پۆل، یان قوتابخانە) بەمەبەستی ئاشنابوون و ناسینی شێوەی جیاوازو ناسینەوەی ڕەنگەکانیان.

ب- قوتابییەکان جیاوازی دەکەن لەگەڵ ڕەنگی ناو سروشت و بەراوردکردنی بە جلوبەرگەکانییان.

ت- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکاندا دەکات لەبارەی کاڵی و تۆخی ڕەنگەکان. مامۆستا بە کردەوە ئەم تایبەتمەندییانە بۆ منداڵەکان شیدەکاتەوە، واتە کەرەستەو نموونە زیندووەکان بەکاردەهێنێت و دەیانخاتە بەرچاوی منداڵەکان، تا پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان هەست پێبکەن.

### ٣- فێربوون لە ڕێگەی گروپکاری

أ- مامۆستا قوتابییەکان دابەش دەکات بەسەر گروپی (٤ بۆ ٦) کەسی.

ب- مامۆستا بابەتێك لەسەر وێنەی کۆمەڵێك پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگ پێشکەش دەکات و یەکێك لە سەرپەرشتیارانی گروپەکە هەڵدەستێت و لەبارەی ڕەنگی پەپوولەکان سەرنج و تێبینی خۆی دەڵێت.

ت- هەر گروپێك بە تەنیا بیروڕای خۆیان لەبارەی سەرنجەکانیان دەخەنە ڕوو.

## سەرچاوەی فێرکاری

کەرەستەو پێداویستی: ڕەنگی پاستیل، قەڵەم ڕەنگ، ماجیك، کاغەزی سپی، قەڵەم ڕەساس.

## هۆکارە ڕوونکارییەکان

ئەو تابلۆیەی مامۆستا لەوانە کردارییەکەدا کاری لەسەر کردووە، وێنەی فۆتۆگرافی، میزڵدان، سەوزەو میوە، تابلۆ، نمایشی فیلم، هەگبەی فێرکاری، پرۆگرامی فێرکاری.

# چالاکی کردارەکی

**چالاکی یەکەم:** پەپوولە.

١- مامۆستا لە قوتابییەکان دەپرسێت:

- ئایا پەپوولەتان دیتووە؟ لەکوێ؟
- لە کام وەرزەی ساڵدا پەپوولە زاوزێ دەکات و زۆر دەبێت؟
- پەپوولە لەسەر چی دەژیت و سوودی چییە؟
- وەك شێوەی پەپوولە ڕیزبن.
- ڕەنگی باڵەکانی چۆنە؟ لەچی دەچێت؟

٢- مامۆستا کۆمەڵێك وێنەو تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگ پیشانی منداڵەکان دەدات، کە تایبەتە بە وانەکەو بابەتەکە دەوڵەمەند دەکات و ڕەنگی زۆرترو جیاوازو بەهای ڕەنگی بە منداڵەکان ئاشنا دەکات.

٣- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکان دەکات، لە بارەی فرەجۆری و هەمەڕەنگی و زۆری تایبەتمەندیە فرەڕەنگییەکانی پەپوولە.

٤- قوتابییەکان وێنەی پەپوولەی فرەجۆرو هەمەڕەنگ دەکێشن، بە بەکارهێنانی پاستیل، ماجیك، قەڵەم ڕەنگ، کاغەزی سپی.

**لێکبەستن و پێکگرتن:** پێویستە مامۆستای وانەی هونەر، وانەکە ببەستێتەوە بە وانەی زانست٢، بەندی یەکەم بابەتی (گیانەوەرەکان و ڕووەکەکان گەشە دەکەن و دەگۆڕێن).

**چالاکی دووەم:** وەرزی بەهار

١- مامۆستا لە قوتابییەکان دەپرسێت:

- له ساڵێكدا چەند وەرزمان هەیە؟ بیانژمێرە؟
- وەرزی بەهار بەچی لە وەرزەكانی تر جیادەكرێتەوە؟
- ئایا له وەرزی بەهاردا لەگەڵ قوتابخانە، یان لەگەڵ ماڵەوەتان هیچ گەشتێكتان سازكردووە؟
- لەوەرزی بەهاردا زەوی و كێوەكانی كوردستان چیان لێدێن؟
- باسی ئەو گژوگیاو درەختانە بكەن، كە لەكاتی گەشتەكەتاندا بینیوتانە؟
- ئایا لە كاتی گەشتەكەتاندا هیچ گوڵ و گوڵزارتان بینی؟ ڕەنگیان چۆن بوو؟

٢- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەكان دەكات لە بارەی ئەو بەها ڕەنگیانەی، كە لە وەرزی بەهاردا هەیەو، پاشان لەسەر ڕەنگەكان دەدوێ، كە لەوەرزی بەهاردا دەردەكەون، بە تایبەت درەخت و گژوگیاو گوڵە هەمەجۆرو هەمەڕەنگەكان. لەگەڵ قوتابییەكان گفتوگۆی (كاڵی و تۆخی) ڕەنگەكان بكەن، بە تایبەت ڕەنگی سەوزو سورو زەرد، دواتر لەبارەی ڕەنگە بینراوەكانی ترەوە بدوێن.

٣- مامۆستا هەندێك وێنەو تابلۆ پیشانی قوتابییەكانی دەدات، بەتایبەت ئەو تابلۆو وێنانەی پڕن لە ڕەنگی ئاڵ و واڵا. بەم كارە قوتابییەكان هێندەی تر لە بەهای ڕەنگەكان تێدەگەن و چێژی لێوەردەگرن.

٤- منداڵەكان وێنەی وەرزی بەهار دەكێشن بەڕەچاوكردنی بەها جوانەكانی ڕەنگ لەم وەرزەدا، لە ڕێگەی كێشان و پیشاندانی (كاڵی و تۆخی) ڕەنگەكان بە كەرەستەی پاستیل، ماجیك، قەڵەم ڕەنگ و كاغەز.

## چالاكی سێیەم: جەژنی نەورۆز

١- مامۆستا لە قوتابییەكان دەپرسێت:
- واتای نەورۆز چییە؟ كەی ئەم ڕۆژە دێت؟
- لە جەژنی نەورۆزدا چی دەكەین؟ چی دەپۆشین؟
- ڕەنگی جلەكانت چۆنە؟ حەز بە چ ڕەنگێك دەكەیت؟
- لە جەژنی نەورۆزدا ئارەزووی چی دەكەیت؟
- بۆچی حەزدەكەیت لە جەژنی نەورۆزدا بچیتە دەرەوە؟
- چ شوێنێكت پێ خۆشە لە نەورۆزدا بۆی بچیت؟ بۆچی؟

٢- مامۆستا چەند دیمەنێکی جوانی وەرزی بەهارو جەژنی نەورۆز لەڕێگەی وێنەو فیلمی دیکۆمێنتارییەوە بۆ قوتابییەکان نمایش دەکات.

٣- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان دەکات لەبارەی جەژنی نەورۆزو ئەو گۆڕانکارییە سروشتییانەی، کە بەسەر ژینگەدا دێت و سروشت بەرگێکی جوانی ئاڵ و والای پڕ لە ڕەنگی جوان دەپۆشێت. مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان هەمان ئەو پرسیارانەی پێشوو ڕاڤە دەکات و بوار بە منداڵەکان دەدات، تا چیرۆکی گەشت و بەسەرهاتەکانی خۆیان بگێڕنەوە.وێنەی (٢- ٦) و (٢- ٧).

٤- قوتابییەکان وێنەی جەژنی نەورۆزو ئەو گەشتە خێزانییە دەکێشن، کە لە وەرزی بەهارو جەژنی نەورۆزدا سازیان کردووە، بە بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل، ماجیك، قەڵەم ڕەنگ و کاغەزی سپی.




وێنەی (٢- ٦) ڕۆژێکی نوێ



وێنەی (٢- ٧) منداڵان خۆشی دەنوێنن

## چالاکی چوارەم: وێنەکێشانی بازاڕی میوەو سەوزە

١- مامۆستا لە قوتابییەکان دەپرسێت:

- ئایا ئێوە لەگەڵ دایك و باوکتان ڕۆژێك لە ڕۆژان چوون بۆ بازاڕی میوەفرۆشان؟
- چیتان دیت لە بازاڕەکەدا؟
- ئایا بازاڕەکە گەورە بوو؟ کڕیارەکان چیان پێ بوو؟
- ناوی میوەکانم پێ بڵێ و ڕەنگی میوەکانم بۆ دەستنیشان بکە؟ تەماتە سوور، خەیار سەوز، سێوی زەرد، سێوی سەوز...

- ئایا شێوازی نمایشکردنی میوەکانت بەدڵ بوو؟ بۆچی؟

٢- مامۆستا گفتوگۆ دەکات لەگەڵ قوتابییەکان لەبارەی بازاڕی میوەفرۆشان و پێویستە چۆن میوەکان ڕێکبخرێن و نمایش بکرێن بە شێوەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش، تا بینەرو کڕیاڕ سەرسام بکەن. مامۆستا ڕەنگ و شێوەی میوەکان لەگەڵ منداڵەکان ڕاڤە دەکات و پرسیارەکانی پێشوو فرەوان دەکات. مامۆستا گرنگی ڕێکخستن و نمایشکردن بۆ منداڵەکان شیدەکاتەوە، پاشان بەهای ڕەنگی و جوانی هەریەك لە میوەکان دەخاتە بەرچاوی قوتابییەکان و جۆری ڕەنگی میووەکان بە قوتابییەکان دووبارە دەکاتەوە. وێنەی (٢- ٨) و (٢- ١٠)

٣- قوتابییەکان وێنەی بازاڕی میوەفرۆشان دەکێشن و گرنگی بە فرەچەشنی میوەکان و شێوەو ڕەنگە جیاوازەکانیان دەدەن، لەگەڵ ئەو کڕیاڕ و فرۆشیارانەی بازاڕەکەیان تەنیووە، بە بەکارهێنانی ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگ لەگەڵ کاغەزی سپی.



وێنەی (٢- ٩) بازاڕی میوەفرۆشان



وێنەی (٢- ١٠) کڕیاڕو فرۆشیار

## هەڵسەنگاندن

**مەبەستی بەکارهاتوو لە هەڵسەنگاندنەکەدا:** هەڵسەنگاندن پشت بە جێبەجێکردن دەبەستێت.

**ئەنجامی زانستی:** وێنەکێشانی بازاڕی میوەفرۆشان.

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** پەیژەی هەڵسەنگاندن

**پەیژەی هەڵسەنگاندنی پشت بەستوو بە ئاستی جێبەجێکردن**

| پێکهاتەکانی جێبەجێکردن | پەسند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|
| هەست بە پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان دەکات. | | | |
| میوەکان بەڕەنگ و شێوەکانیانەوە دەناسێتەوە. | | | |
| فرەجۆری و هەمەڕەنگی بازاڕەکە لەبەرچاو دەگرێت. | | | |
| فرەڕەنگی بەکاردەهێنێت لە وێنەکەدا. | | | |
| پاکوخاوێنی پۆل و کارە هونەرییەکە ڕادەگرێت. | | | |

هەڵسەنگاندن، بەرچاوڕوونی پێویست دەداتە مامۆستاو ئامانجەکەی دیاری دەکات، تا بزانێت، تا چ ئاستێك ماندووبوونەکەی بەهەدەر نەچووەو زانیاری و وانەکەی جێگەی خۆی گرتووە لە ناخی قوتابییەکاندا. کەواتە هەڵسەنگاندن ئامانجی وانەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوەو پلانی کارەکەمان لە ئێستاو داهاتوودا بۆ هەڵدەسەنگێنێ.

## پلان:

مامۆستا لەدوای ئەم هەڵسەنگاندنە، پێداچوونەوە بە پلانی وانەکەیدا دەکات، تا لە باشترەوە بەرەو باشترین هەنگاو هەڵگرێت و پەیوەندی خۆی و قوتابییەکان بەرەو باشتر بەرێت، پاشان قوتابییەکان ئاستی متمانەو باوەڕبەخۆبوونیان لە نێوان (قوتابی و قوتابی) و (مامۆستاو قوتابی) بەهێزتر دەبن و پاشان قوتابییەکان باوەڕبەخۆیان دەهێنن، کە (دەتوانن) و (دەزانن). ئەمەش هەنگاوێکی گەورەی کارە سەرەکییەکەیەو ئاستی گەشەی جوانناسی و زانیاری و کارامەیی و لەشەکی و ئەقڵی قوتابییەکان دەخاتە ئاستێکی باڵاوەو توانا پەروەردەیی و فێرکارییەکەیان لەڕێگەی چالاکییە هونەرییەکانەوە پێش دەکەون.

**لێکبەستن و پێکگرتن:** پێویستە ماموٚستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی زانست٢ بابەتی (داهاتەکانی زەوی)، ئەم بابەتە لەگەڵ قوتابییەکان ڕاڤە بکە.

## ئەنجامدانی چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەسەرکردن

### چالاکی لەپێناو دەوڵەمەندکردن:

- قوتابییەکان، وێنەی سەبەتەیەك میوەو سەوزە وێنەی (٢– ١١) دەکێشن و بەو شێوەیەی هەستی پێدەکەن و دیتویانە بابەتەکە ڕەنگ دەکەن، بەو مەرجەی ڕەنگ کردنەکە لە ئاست توانستی لەشەکی و ئەقڵی منداڵەکاندا بێت. واتە ماموٚستا فشار لەسەر قوتابییەکان دروست ناکات و سەربەستیان دەکات لەوەی چوٚن و بەچی دەیکێشن و ڕەنگی دەکەن بە کەرەستەی وەك: ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگ.



وێنەی (٢– ١١) کوٚمەڵێك میوە

- قوتابییەکان، وێنەی بابەتی ژینگەی دەوروبەریان دەکێشن، بوٚ نموونە: وەك گەشتی قوتابخانە بوٚ ناو سروشت. ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگ بەکاردەهێنن.

### چالاکی لەپێناو چارەسەرکردن:

- قوتابییەکان، وێنەی یەك جوٚر میوە دەکێشن ئەو میوەیەی، کە خوٚیان حەزی پێدەکەن و پاشان ڕەنگی دەکەن و دوای تەواوبوونی هەموو وێنەکان، میوەکان

بە مقەست دەبڕن و هەموویان لەتەنیشت یەك و پێكەوە دەلكێنن، تا كارێكی هاوبەشی بەكۆمەڵ دەربچێت.

- وەك چالاكییەكی كراوە مامۆستا قوتابییەكان لە باخچەی فێرگەدا كۆدەكاتەوەو كۆمەڵێك گۆڤارو ڕۆژنامەی بەسەرچوویان دەخاتە بەردەست، تا بەشێوەی گروپ و بەمقەست وێنە ڕەنگاوڕەنگەكان لێبكەنەوەو پاشان لە نمایشێكدا پیشانی بدەن. قوتابییەكان ڕەنگەكان لێكدەچوێنن و پێكدەگرن، تا قوتابییەكان وەك هاوشێوەی چالاكییەكانی تر لەبارەی ڕەنگ و شێوەكان زانیاری كۆبكەنەوە. وێنەی (٢– ١٢).




وێنەی (٢– ١٢) كارێكی كۆلاج بە وێنەی بڕاو

## شێوازی ئەنجامدانی ئەم چالاكییە:

دوای ئەوەی قوتابییەكان سەرجەم وێنەكان دەبڕن و دەردەهێنن، بەم شێوەیە لێكیاندەدەن لە كارێكی لكاندندا (كۆلاج):

- وێنە لێكچووەكان و هاوشێوەكان لە تابلۆیەكدا كۆدەكرێنەوە.
- بە كەتیرەی وشك (ستیك) وێنەكان دەنوسێنرێن بە كاغەزە ئامادەكراوەكە (A3).
- هەرگروپێك بە تەنیا تابلۆكەی خۆی تەواو دەكات.
- لە كۆتاییدا پێشانگەی پۆلیان بۆ سازدەكرێت و قوتابییەكان هەموو پێكەوە گفتوگۆ ئەنجام دەدەن لەبارەی كارە بەرهەم هاتووەكەیان.

# وانەی سێیەم

**تەوەر: دەربڕینی هونەری بە هێڵکاری**

**وانەی: کێشانی شێوەو پانتایی جیاواز**

**بەشە وانە: ٢ وانە**

---

## سوودی بە دەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان

قوتابییەکان بە شێوەو پانتاییە جیاوازەکان ئاشنا دەبن و دەیانناسنەوە، بۆ نموونە: سێگۆشە، لاکێشە، چوارگۆشە، بازنە و شێوەی خوارو نارێکی جیاواز.

### سوودە کارامەییەکان

قوتابییەکان شێوە ڕێك و نارێکەکان دەکێشن، کە دەگونجێن لەگەڵ توانستەکانیاندا و پاشان ڕەنگیان دەکەن.

### سوودە ویژدانییەکان

قوتابییەکان پارێزگاری لە پاکوخاوێنی و ڕێکخستن دەکەن.

## دەستەواژەو توانستە لە پێشینەکان

قوتابییەکان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

- قوتابییەکان ئەم شێوە ڕێك ئەندازەییانەی ناو پۆلەکەتان دەژمێرن.
- جیاوازی دەکەن لە نێوان شێوە ڕێك و ئەندازەییەکان، لە ڕووی ژمارەی گۆشەو ئاستی بەرزییان.
- قوتابییەکان هەست بە گرنگی ڕەنگ و شێوەکان دەکەن و بەڕوونی شێوەکان دەکێشن، بۆ نموونە: وێنەی (٢- ١٣).

- جیاوازی کردن لە نێوان شێوە ڕێك و ئەندازەییەکان و شێوە ناڕێك و ئازادەکان، هەروەك لە هەردوو وێنەی (٢– ١٤) و (٢– ١٥)دا دەبینرێن.



وێنەی (٢– ١٣) پەیوەندی نێوان ڕەنگ و شێوە جیاوازەکان.

مامۆستا شێوە ئەندازەییە ڕێکەکان بە قوتابییەکان دەناسێنێت و تایبەتمەندییەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە ڕووی: لاکانیان، گۆشەکانیان، دوورییەکانیان، پاشان چۆنییەتی نیگار کێشانیان و دووبارە کردنەوەیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك. هەروەك چۆن لە وێنەی (٢– ١٤)دا دیارە. پاشان بەراوردکردن و پێکگرتنی شێوە ئەندازەییە ڕێکەکە بە شێوە ناڕێکەکە. پێویستە قوتابییەکە فێربێت و بزانێت و هەست بکات، کە ئەم جیاوازییە لە ڕووی ڕوانگەییەوە بە ڕوونی بە هەردوو شێوەکەوە دیارە. هەر وەك لە وێنەی (٢– ١٥)دا دەردەکەوێت، کە شێوەکە فرە گۆشەیەو ناڕێکە. پێویستە منداڵەکان بە هێواشی بیر بکەنەوەو پلان دابنێن چۆن ئەم کارە ئەنجام بدەن و شێوەکان بەسەر تابلۆکەدا دابەش بکەن؟ وێنەی (٢– ١٦)



وێنەی (٢– ١٤) شێوەی ڕێك



وێنەی (٢– ١٥)
شێوەی گۆشە ناڕێك



وێنەی (٢– ١٦)
کاتی بیرکردنەوە

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

مامۆستا هەگبەی شێوە ئەندازەییەکان پیشانی منداڵەکان دەدات، بەمەبەستی دەستلێدان و هەڵوێردکردنی لەلایەن منداڵەکانەوە، پاشان گفتوگۆ لەبارەی شێوە ئەندازەییەکان دەکەن و شێوە ڕێك و نارێکەکان لێکجیادەکەنەوەو گۆشەو شێوەکان دەناسێنن. مامۆستا بۆ زیاتر گەیاندنی پەیامەکەی هانا بۆ کتێبی بیرکاری بۆ هەمووان ٢ دەبات و (پێکگرتن و لێکبەستن) ئەنجام دەدات، لە وانەی ٢ .

## دەستەواژەکانی ئەم وانەیە

شێوە ئەندازەییە ڕێکەکان، شێوە ئەندازەییە نارێکەکان: هەریەکێك لەم شێوانە لە پانتاییەك پێکدێن و بە هێڵ و ڕەنگ دەرخراون، هەریەکێك لەم شێوانەش هەڵتۆقیون و دوو ڕوون و کەمێك بەرزن، وەك ئەوەی لە کارتۆن دروستکرابن و شێوەی ئەندازەیی ڕێکی لێدروستکراوە، وەك وێنەی (٣– ١)، یان شێوەی ئەندازەیی نارێکی لێدروستکراوە، وەك وێنەی (٣– ٢).



وێنەی (٣– ١) شێوەی ئەندازەی ڕێك



وێنەی (٣– ٢) شێوەی ئەندازەی نارێك

ڕەنگ و شێوەکان بە ئاسانی لێکجیادەکرێنەوەو منداڵەکان دەتوانن شێوەکان پێك بگرن و ئەم جیاوازییە هەست پێبکەن لە ڕێگەی هەستی دەستلێدان و بینینەوە. ئەم جیاکارییە زۆر گرنگە منداڵی لەسەر ڕابهێنرێت، یەکەم بۆ هەستپێکردنی شێوەکان و لێکجیاکردنەوەیان، دووەمیش بۆ ئەوەی هەستی بینینی بەهێزبێت و بتوانێت لە دوورەوە هەست بەشێوە بینراوەکان بکات و لێکیان جیابکاتەوەو بیانناسێتەوە، بەڵام هەندێك جار منداڵ توانای لێکجیاکردنەوەی هەندێك شێوەی

لێکچووی نییە، وەك گەڵای درەخت، چونکە هەموو گەڵاکان کەمێك لێکدەچن و هەندێك جاریش بەهۆی بەرکەوتنی تیشکی خۆرەوە ئەوا تاریکی و ڕووناکی لەسەر شێوەکان دروست دەکات و شێوەی گەڵاکان تێکەڵ دەکات و بەئاسانی لێکجیاناکرێنەوە، وەك وێنەی (٣– ٣).

**شێوە:** هونەرمەند لەڕێگەی شێوەوە مەبەستەکەی دەگەیەنێتە بینەر، چونکە شێوە یەکەیەکی گرنگی کاری هونەریەو بیَ (شێوە) کاری هونەری پێکنایەت و هەر لەبەر ئەوەشە کاری هونەری بیَ شێوە بەهاو ناوەرۆکی ڕاستەقینەی هونەری خۆی لەدەست دەدات. وێنەی (٣– ٤).



وێنەی (٣– ٣) کاریگەری ڕووناکی لەسەر شێوە



وێنەی (٣– ٤) کاریگەری شێوە جیاوازەکان

## ئامانجی فێربوون و فێربوونی کراوە

### ١– وانەگووتنەوەی ڕاستەوخۆ

أ– مامۆستا کۆمەڵێك شێوەی ئەندازەیی ڕێك لەسەر بۆردی وانەگوتنەوە دەدات، بەو مەرجەی گۆشەکانی کەوتبنەسەریەك و نیوە یەکتربڕ بن، وەك وێنەی (٣– ٥). هەروەها جۆرێکی تری شێوەی ئەندازەیی ڕێك بخەسەریەك بەو مەرجەی شێوە ئەندازەییەکان یەکتریان ببڕێت. (وێنەی (٣– ٦).



وێنەی (٣– ٥) گۆشەی نیوە یەکتر بڕ



وێنەی (٣– ٦) گۆشەی یەکتر بڕ

ب- مامۆستا كۆمەڵێك شێوەی هەمەجۆر نمایش دەكات، وەك شێوەی ئەندازەیی، نەخش ونیگار، هێماكانی هاتوچۆ، پاشان لەگەڵ قوتابییەكان گفتوگۆ لەبارەی شێوەكان بكەن و پەیوەندی هەرشێوەیەك بە شێوەكەی تر روون بكەنەوەو بەها جوانییەكانیان دەربخەن.

ت- مامۆستا ئەم پرسیارانە لە قوتابییەكان دەكات:

١. چۆن دەتوانین تایبەتمەندییەكانی شێوە نارێك و رێكەكان دیاریبكەین؟
٢. شێوەی ئەو هێڵانە چۆنن، كە چوارگۆشەكانی پێكێشراوە؟
٣. شێوەی ئەو هێڵە چۆنە، كە بازنەی پێدەكێشرێت؟

پ- نمایشی چەند وێنەیەكی شێوە رێك و نارێك بكە، كە وێنەی هێماكانی هاتوچۆ لەخۆبگرێت و شێوەی جیاوازی هەبێت، وەك هێماكانی رێنمایی و ئاگاداركردنەوە، وەك (بادانەوە، لادان، بەرزونزمی، تاسە، بەرزەپرد، لادان بۆلای راست یان چەپ...).

ج- قوتابییەكان شێوە ئەندازەییە رێك و نارێكەكان پۆلێن دەكەن و پێكیان دەگرن بە شێوەكانی:

| | |
|---|---|
| ١. شێوەی گەڵای درەخت. | ٢. شێوەی بازنە. |
| ٣.شێوەی وایت بۆردی پۆل. | ٤. شێوەی لاكێشە. |

## ٢- فێربوون لەرێگەی ئەم چالاكییەوە

أ- مامۆستا قوتابییەكان دەباتە دەرەوەی قوتابخانەو شێوە ئەندازەییە رێكەكانیان پیشان دەدات لەرێگەی بینینی رووی كۆشك و تەلارو پەنجەرەو گۆشە جیاوازەكان...، یان لەرێگەی پیشاندانی شێوە ئەندازەییە نارێكەكان، لە رێگەی وێنەی هێماكانی هاتوچۆ، كە چەندین رێنمایی و ئاگاداركردنەوەی پێشوەخت پیشاندەدەن، وەك چاككردنەوە، بادانەوە، ئاگاداركردنەوە، لادان بەرەو چەپ یان راست... وێنەی (٣- ٧). لەرێگەی بەراوردكارییەوە قوتابییەكان باشتر لە شێوەكان تێدەگەن و دەیانناسنەوە.



**وێنەی (٣- ٧) شێوەی هێماكانی هاتوچۆ**

ب- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەكان دەكات لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەو شێوە جیاوازانەی لە دەرەوە دیتویانە.

ت- مامۆستا هەندێك كاری هونەری لەبەرچاوی قوتابییەكان ئەنجام بدات، كە هەندێك شێوەی ئەندازەیی یەكتر بڕ لەخۆ بگرێت.

## سەرچاوەی فێركاری

- **كەرەستەو پێداویستییەكان:** ڕەنگی پاستیل، قەڵەم ڕەنگ، ماجیك، كاغەزی وێنەكێشان، كاغەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە، ڕاستەی جۆراوجۆری ئەندازیاری، قەڵەم ڕەساس.

- **هۆكاری ڕوونكاری:** تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، فیلمی ڕوونكاری، داتاشۆ، وایتبۆرد، وێنەی ڕوونكاری، هەگبەی فێركاری، گەشتی هونەری، گەشتی زانستی، سەردانی پێشانگەی هونەری.

## چالاكی كردارەكی

**چالاكی یەكەم: شێوەی ئەندازەیی ڕێك**

- قوتابییەكان، كۆمەڵێك شێوەی هەمەجۆر دەكێشن. هەندێك لە شێوەكان دەكەونە سەریەك و هەندێكی تریان بەتەنیشت یەكترەوەن، پاشان قوتابییەكان ئەم شێوە جیاوازانە ڕەنگ دەكەن بە: ڕەنگی پاستیل، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەنگ، هەروەها لەگەڵ بەكارهێنانی كاغەزی سپی و قەڵەم ڕەساس.

**چالاكی دووەم: شێوەی ئەندازەیی نارێك (ئاماژەكانی ناو هێما جۆراوجۆرەكانی هاتوچۆ).**

- قوتابییەكان وێنەی ئەو هێما و ئاماژانەی ناو تابلۆكانی هاتوچۆ دەكێشن، كە هەریەكەیان بریتین لە ئاگاداركردنەوەو ڕێنمایی جۆراوجۆر، قوتابییەكان ڕاڤەی هێماكان دەكەن و پاشان وێنەی دەكێشن و ڕەنگی دەكەن بە پاستیل، یان قەڵەم ڕەنگ، یان ماجیك، یان قەڵەم ڕەساس و لەگەڵ بەكارهێنانی ڕاستەی ئەندازیاری شێوە جۆراوجۆر و كاغەزی نیگاركێشان.

## هەڵسەنگاندن

**ئامانجی هەڵسەنگاندن:** هەڵسەنگاندن پشت بە ئاستی جێبەجێكردن دەبەستێت

**ئەنجامی فێركاری:** شێوە ئەندازەییە ڕێكوپێكەكان

**ئامرازی هەڵسەنگاندن:** پەیژەی هەڵسەنگاندن

| ڕەگەزەكانی جێبەجێكردن | پەسەند | باش | زۆرباش |
|---|---|---|---|
| هەست بە پەیوەندی نێوان شێوەكان دەكات. | | | |
| جیاوازی دەكات لەنێوان شێوە ڕێك و نارێكەكان. | | | |
| شێوە جۆراوجۆرەكان بەڕوونی وێنە دەكێشێت. | | | |
| ڕووی پانتایی و شێوەكان بەڕوونی دەردەخات لەڕێگەی بەكارهێنانی هێڵ و ڕەنگەوە. | | | |
| كارە هونەرییەكە پاك و خاوێنە. | | | |

## لێکبەستن و پێکگرتن:

پێویستە مامۆستا ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەی بیرکاری بۆ هەمووان٢، لاپەڕە (٨٣ و ٩٥).

## چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و چارەسەرکردن

**چالاکی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن:** قوتابییەکان شێوەی ئەندازەیی ڕێك بەکاردەهێنن و شێوەکان لە پلاستیکی لەزگە، یان لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دەبڕن بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و پاشان هەر ڕەنگەو بە پێچەوانەی ڕەنگەکەی تر لەسەریەکیان دادەنێن، تا شێوەیەکی ئەندازەیی جوان ببەخشێت. پێویستە ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنن لەئاست توانستی لەشەکی و ئەقڵی منداڵەکاندابێت. وێنەی (٣– ٨).



وێنەی (٣– ٨) چوارگۆشە ڕەنگاوڕەنگەکان بە پێچەوانەوە لەسەریەك دانراون

**چالاکی بەمەبەستی چارەسەرکردن:** قوتابییەکان، ئەم جارە شێوەی لاکێشەو چوارگۆشەو بازنە پێکەوە دەکێشن و هەروەها ژمارەی شێوە و ڕەنگەکان زۆرتر دەکەن و بیر لە شێوەی جوانترو پڕتر دەکەنەوە، بە بەکارهێنانی قەڵەم ڕەنگ، یان ماجیك، یان پاستیل لەگەڵ ڕاستەو کاغەزی نیگارکێشان. وێنەی (٣– ٩). پێویستە بوار بدرێتە قوتابییەکان، تا بەدڵی خۆیان لەوەی فێری بوون لە بواری کرداریدا بەکاریبهێننەوەو تواناکانی خۆیان تاقیبکەنەوە لەژێر چاودێری مامۆستادا.



وێنەی (٣– ٩)

## لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا

چەند لیژنەیەك لە قوتابییەکان پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی و سەرپەرشتی مامۆستا، هەر لیژنەیەك ئەرك و فرمانی خۆی دەبێت و جێبەجێیان دەکات، بەڵام پێویستە هەر لیژنەیەك بەپێی تواناو تایبەتمەندییەکانی خۆیان ئەرکیان پێ بسپێردرێت وەك:

١. ئەرکی ئەم لیژنەیە لێکجیاکردنەوەو هەڵبژاردن و پوختەکردنی کارەهونەرییەکانە، کە شیاون بۆ نمایش.

٢. لیژنەی ئامادەکردنی باکگراوندی کارە هونەرییەکان، بەمەبەستی ئامادەکردن و پوختەکردنی کارە هونەرییەکان بە شێوەیەکی هونەری جوان. واتا تابلۆکان ڕێکدەخات و چوارچێوەو کاری ڕازاندنەوە بۆ کارە هونەرییەکان ئەنجام دەدات بە شێوەیەکی جوان و پاکوخاوێن.

٣. لیژنەی پێشانگە: کاری ئەم لیژنەیە ئامادەکردنی شوێنی نمایشە و کارتی داوەتنامە دابەشدەکات بەسەر خانەوادەی قوتابییەکان و بەرپرسانی میری.

٤. لیژنەی سەرپەرشتیاری پێشانگە: کاری ئەم لیژنەیە هەستانە بە بازاڕکردنی کارە هونەرییە نمایشکراوەکان بەمەبەستی هاوکاریکردنی قوتابییە کەمدەرامەتەکان.

٥. لیژنەی دارایی: کاری ئەم لیژنەیە کۆکردنەوەی کۆی داهاتی فرۆشی تابلۆو کارە هونەرییەکانە و هەروەها نرخ دانانە لەسەر کارە هونەرییەکان، پاشان کۆی داهاتی ئەم فرۆشە، بۆ مەبەستی کڕین و پێداویستی هونەری بۆ ئەو قوتابییە کەمدەرامەتانە بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام پێویستە لە میوانەکان بگەیەنرێت، کە فرۆشتنی کارە هونەرییەکان بۆ هاوکاریکردنی قوتابییە کەمدەرامەتەکانەو پێویستیان بە هاوکاری ئەوانە، تا تابلۆیەك بکڕن (لیژنە نرخێکی ڕەمزی دادەنێت).

# تەوەری دووەم



# Handcraft  کاردەستی

تەوەر: کاردەستی.

بابەت: کارکردن بە کەرەستە جیاوازەکان

کاتی دیاریکراو: بەشە وانەکان دابەشکراون بەسەر وانە تایبەتمەندەکان.

---

# کاردەستی Handcraft

ئەم تەوەرە بە یەکێك لەتەوەرە زۆر گرنگ و دڵخۆشکەرەکان دادەنرێن بۆ قوتابییەکان، چونکە قوتابییەکان دڵخۆش دەکەن و ئاسوودەیی و ئارامییان پێدەبەخشن و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن لەگەڵ یەکتریدا. لەگەڵ هەموو ئەو دڵخۆشییەشدا لەڕووی کاری هونەری و بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی قوتابییەکاندا، نەخشی دەبێت و تواناو ئاستی کارامەیی قوتابییەکان دەردەخات، ئەوەی باشە باشتری دەکات و ئەوەی لاوازە ئاستی متمانەبەخۆبوونی بۆدەگێڕێتەوەو توانا کارامەییەکانی بەرەو باشتر دەبات. لەگەڵ هەموو ئەم کارانەی قوتابییەکان لە کۆتاییدا ئەنجامی دەدەن، وا دەکات توانای داهێنان و خەیاڵکردن لە هۆش و هزری قوتابییەکاندا چرۆ پێ بکات و بیانخاتە ئاستێکی باڵاوە. ئامانجی ئەم تەوەرەش بۆ درێژەپێدانی تەوەری پێشووەو بۆ تەواوکردنی ئامانجەکانی پێشوو تێدەکۆشێ.

لەم تەوەرەدا چەند وانەیەك جێگیردەکەین، تا مامۆستای هونەر بە ئاستێکی باشەوە مامەڵە بکات لەگەڵ وانەکە، پاشان لەگەڵ قوتابییەکان و وانەکانی ئامادە بکات بەمەبەستی گوتنەوەی وانەکە بە شێوەیەکی باش و سەرنجڕاکێش لە پۆلدا.

**پێشبینی دەکرێت لەم زنجیرە وانەیەدا قوتابییەکان ئەمانە ئەنجام بدەن:**

- لە ناوسروشتدا جیاوازی لە نێوان ڕەنگەکاندا بکەن.
- ئاشنابن بە هەندێك کەرەستەو پێداویستی هونەری لەکاتی کارکردندا.
- دوای کارکردن، هەندێك کاری هونەری بەرهەم بهێنن و ئەنجامیان هەبێت.
- فێری نەخشەسازی و ڕازاندنەوە بن لەڕێگەی بڕین و لێکبەستن و ڕەنگکردنەوە، لە کۆتاییدا چەندین شێوەی هەمەڕەنگ و جوان بەرهەبهێنن.
- بەهۆی کۆکردنەوەی کەرەستە فڕێدراوەکان و دووبارە بەکارهێنانەوەی لە کارێکی هونەری جواندا، قوتابییەکان تێکەڵی سروشت دەبن و ڕێز لە ژینگە دەگرن.
- حەزی کارکردنیان لا دروست دەبێت و ئارەزووی کاری هونەریی دەکەن.

# وانەی یەکەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: لکاندن – کۆلاج** Collage

**کاتی دیاریکراو: ٤ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، چالاکییەکان درێژکەیتەوە بەپێی کات)**

---

## لکاندن – کۆلاج Collage



## زانيارييه بەدەستهاتووەكان

قوتابييەكان ڕەنگ و كەرەستەجياوازەكان پێكدەگرن و لێكيان نزيكدەكەنەوەو لێكياندەبەستن.

## كارامەييه بەدەستهاتووەكان

قوتابييەكان ئاستى خەياڵكردنيان باش دەبن و تواناى داهێنان و بيرۆكەى نوێيان بۆ زياد دەبێت.

## گەشەى ويژدانى

قوتابييەكان بە هاوكارى لەگەڵ هاوڕێكانيان كارى هونەرى ئەنجام دەدەن و پێكەوە چێژ وەردەگرن.

## ڕاهێزان و توانستە پێشەكييەكان

سەرەتا مامۆستا لە كورتە باسێكدا، باسى كارى لكاندن بۆ منداڵەكان دەكات و شێوازى كاركردن و بەكارهێنانى كەرەستە جياوازەكان بۆ قوتابييەكان ڕوون دەكاتەوە. واتە پێشەكى زانيارى تەواو دەداتە منداڵەكان و شێوازى بەكارهێنان و خۆپارێزى و پاكوخاوێنى لەكاتى كاركردندا بۆ قوتابييەكان دەخاتە بەرچاو. هەموو ئەم ڕێنماييانەش وەك ياساى پۆل و ياساى كاركردن مامەڵەى لەگەڵدا دەكات بە هاوبەشى و ڕێككەوتن لەگەڵ قوتابييەكان، بۆ ئەوەى قوتابييەكانيش بزانن، كە ياسايەك هەيە بۆ كاركردن و پێويستە وابەستەى بن. بەم شێوەيە مامۆستا كارەكەى ئاسانتر دەبێت لەگەڵ قوتابييەكان و پاشان قوتابييەكانيش هەست بەدڵنيايى زۆرتر دەكەن پێش كاركردن و لەكاتى كاركردن و دواى كاركردن.

## سەرەتا مامۆستا وانەى پێشو بەم وانەيەوە دەبەستێتەوە لەبەر ئەم هۆكارانە:

- تا قوتابييەكان بتوانن جياوازى لە نێوان كاركردن بە ڕەنگ و كەرەستە جياوازەكانى تردا بكەن.
- تا قوتابييەكان جگە لەڕەنگ كەرەستەى تريش لە كارى هونەريدا بەكاربهێنن.
- تا قوتابييەكان ئەزموونى زۆرتر بەدەستبهێنن و ئاستى كارامەييان پێش بخەن.
- ئەزموونێكى نوێ دەبێت بۆ قوتابييەكان و خەرمانەى زانياريان فرە دەكات.
- دواتر قوتابييەكان هەست دەكەن كارى نوێيان ئەنجام داوە، كە جياوازە لە كارەكانى ڕابردوويان و پاشان بير لە بيرۆكەى تر دەكەنەوە بۆ ئەنجامدانى كارە هونەرييەكانى داهاتوويان.

## خۆئامادەکردن

مامۆستا قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بۆ کارکردن، بۆ ئەو مەبەستەش دەگەڕێتەوە بۆ کاری ڕابردوو، بەمەبەستی بیرهێنانەوەی کارەکانیان و مامۆستاو قوتابییەکان پێکەوە گفتوگۆ لەبارەی بابەتە کۆن و نوێیەکە دەکەن. مامۆستا باسی ئەو کەرەستانە دەکات، کە لەوانە نوێیەکەدا بەکاردەهێنرێن، وەك (مقەست، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کاغەزی لەزگەی ڕەنگاوڕەنگ، ستیك (کەتیرەی وشك)، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی بریسکەدار، کاغەزی پلاستیکی ڕەنگاوڕەنگ و هەگبەی کەرەستە ئەندازەییەکان و چەندان کەرەستەی تر...). مامۆستا شێوازی کارکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەرەستانە بە ڕوونی بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە، تا یاساو ڕێساکانی کارکردن بزانن و سەرەڕۆیی و جرپنی نەکەن لەکاتی کارکردندا. مامۆستا هەموو ئەو ئاکارانەی کارکردن بە شێوەیەکی چالاك دەگەیەنێتە قوتابییەکان و هاوبەشیان پێ دەکات لەکاتی کارکردندا. وێنەی (٤– ١).

لەم کارکردنەدا چاودێریکردن و ڕێنمایی کردن بەشێکی گرنگی پرۆسەکەیەو پێویستە مامۆستا فەرامۆشی نەکات. چونکە فەرامۆشکردنی قوتابییەکان لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی شیرازەی کارکردن و کاتکوشتن بەشتی لاوەکییەوە، بۆیە پێویستە مامۆستای وانەی هونەر بە ئاگابێت لە شێوازی ڕەفتارکردن و نواندنی نەرمونیان لەکاتی پێویستدا و هەندێکجاریش یاساو شێوازی ئاکارەکان بە بیر قوتابییەکان بهێنێتەوە. لەهەمان کاتدا پێویستە مامۆستا زمانی گفتوگۆی نەرمونیان بێت و وشەو دەستەواژەی هونەری بەکاربهێنێت و خۆی بپارێزێت لە بەکارهێنانی وشەی توندو نەشیاو. ئەگەر مامۆستا توانی خۆی لەگەڵ قوتابییەکاندا ڕابهێنێت و خۆیان لەگەڵ بگونجێنیت، ئەوا پرۆسەی کارکردن و بەڕێکردنی چالاکییەکە زۆر سەرکەوتوانە ئەنجام دەدرێت و لە کۆتاییدا ئامانجی وانەکەی دەپێکێت.



وێنەی (٤– ١) کەرەستەی کارکردن

## بەسەربردنی کاتێکی خۆش

**مامۆستا چالاکییەکە لەڕێگەی ئەم کەرەستانەوە ئەنجام دەدات:**

- کاغەزی ڕەنگاو ڕەنگ، کاغەزی لەزگەی ڕەنگاو ڕەنگ، ستیك، مقەست، ڕاستەو کەرەستەی ئەندازیاری، قەڵەم ڕەساس، ماجیك. وێنەی (٤- ١)

### بەم شێوەیە مامۆستا چالاکییەکە ئەنجام دەدات:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، شێوەیەك لە شێوەکانی ناو ڕاستەکە هەڵبژێرن، تا بە قەڵەم ڕەساس خەتکێشی بکەن لەسەر کاغەزە ڕەنگاوڕەنگەکە، پاشان دوای دیاریکردنی شێوەکە بە مقەست بیبڕن، لەهەر ڕەنگێك چەند دانەیەك، دواتر بە شێوەیەکی ئەندازەیی جوان و ڕێکوپێك، ڕەنگە لێك نزیکەکان لە تەنیش یەك دادەنێت و بەشێوەیەکی ئەندازیاری نەخشەسازی بۆ دەکات. (وێنەی (٤- ٢)، سەرەتا پێویستە مامۆستا سەر لە قوتابییەکان نەشێوێنێت، ئەگەر تەنها دوو ڕەنگ هەڵبژێرن بۆ ئەم کارە زۆر پەسندترەو قوتابییەکان باشتر لە مەبەستەکە تێدەگەن، بۆ نموونە (زەردو سور)، پاشان ئەگەر ژمارەی ڕەنگەکان زۆرتریش بکات کێشە نییە.



وێنەی (٤- ٢) بەکارهێنانی ڕەنگ لەناو ڕەنگدا

## قوتابییەکان چی فێردەبن؟

١- فێردەبن چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستە جیاوازەکاندا بکەن.

٢- فێردەبن بیر لە بیرۆکەی نوێ بکەنەوەو داهێنان بکەن و ئاستی خەیاڵکردنیان فرەوان بکەن.

٣- فێردەبن هاوسەنگی دروست بکەن لەنێوان ڕەنگەکاندا، پاشان وەك ئەوەی لە پلانەکەماندا بیری لێدەکینەوە ئاستی جوانناسیان باشتر دەبێت.

٤- هاوسەنگی دروستدەبێت لە نێوان گەشەی لەشەکی و ئەقڵیدا.

٥- گیانی هاوکاریکردن و بەهاناوەچوونیان بۆ یەکتر باشتر دەبێت.

له وانەی یەکەمدا بۆ قوتابییەکان ڕوونده‌بێته‌وه‌، که‌ ئه‌م شێوازی کارکردنه‌ زۆر خۆش و ئاسانه‌، به‌ڵام پێویستی به‌که‌مێك لێوردبونه‌وه‌و تێڕامان هه‌یه‌، بۆیه‌ له‌سه‌ر قوتابییه‌کان پێویسته‌ که‌مێك خۆیان ماندووبکه‌ن و به‌دوای بیرۆکه‌ی نوێدا بگه‌ڕێن. له‌سه‌ر مامۆستاش پێویسته‌ بوار بۆ قوتابییه‌کان بڕه‌خسێنێ و هه‌لی زیاتریان پێبدات، تا ئاستی خه‌یاڵکردنیان فره‌وان بێت و بیر له‌ داهێنانی زیاتر بکه‌نه‌وه‌. بۆیه‌ لێره‌دا چه‌ند چالاکییه‌ك ده‌خه‌ینه‌ به‌رچاو:

## چالاکی ١:



مامۆستا داوا له‌ قوتابییه‌کان ده‌کات، ئه‌گه‌ر له‌ماڵه‌وه‌ قاپی شکاو، یان سوراحی فڕێدراویان هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ خۆیان بیهێنن بۆ قوتابخانه‌. پاشان مامۆستا داوا له‌ قوتابییه‌کان ده‌کات کاغه‌زه‌ ڕه‌نگاوڕه‌نگه‌کان به‌ده‌ست بڕن و به‌ قه‌باره‌ی جیاواز پارچه‌ پارچه‌ی بکه‌ن، پاشان بیلکێنن به‌ قاپه‌که‌وه‌ و ڕووپۆشی بکه‌ن به‌ کاغه‌زه‌ ڕه‌نگاوڕه‌نگه‌ پارچه‌کراوه‌که‌وه‌ (ڕووی ده‌ره‌وه‌و ناوه‌وه‌) وێنه‌ی (٤– ٣).

وێنه‌ی (٤– ٣) قاپی ڕووپۆشکراو

## چالاکی ٢:

مامۆستا داوا له‌ قوتابییه‌کان ده‌کات، ئه‌گه‌ر نه‌علی دڕاو، یان پێڵاوی بێکه‌ڵکیان هه‌بوو له‌ ماڵه‌وه‌، ئه‌وا بیهێنن بۆ قوتابخانه‌، تا کاری هونه‌ری له‌سه‌ر ئه‌نجام بده‌ن. مامۆستا داوا له‌ قوتابییه‌کان ده‌کات وه‌ك هه‌مان داواکاری چالاکی یه‌که‌م، کاغه‌زه‌ له‌زگه‌ ڕه‌نگاو ڕه‌نگه‌کان ببڕن و پاشان بیلکێنن به‌ پێڵاوه‌که‌وه‌، لێره‌دا کاغه‌زی له‌زگه‌ی ڕه‌نگاو ڕه‌نگ به‌کارده‌هێنین، چونکه‌ له‌وانه‌یه‌ (ستیك) نه‌توانێت پێڵاوه‌که‌، یان نه‌عله‌که‌ (سه‌رپایه‌) بگرێت، بۆیه‌ هه‌ڵبژاردنی کاغه‌زی له‌زگه‌ باشترینه‌. وێنه‌ی (٤– ٤).



وێنه‌ی (٤– ٤)

## چالاکی ٣:



ماموستا زەرفی کاغەز دەخاتە بەردەستی قوتابییەکان و سەرەتا داوایان لێدەکات بیرێك بکەنەوەو بزانە قوتابییەکان چییان بە خەیاڵدا دێت؟ پاشان خۆت پێشنیارییان بۆ بکەو دوو چاوی بۆ ببڕن و بە ماجیکیش لووت و دەمی بۆ بکێشن، یان هەر بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ ئەندامەکانی تری بۆ ببڕن. دوای پێدانی بیرۆکەکە وازیان لێبێنەو ببینەو بزانە چی ڕوو دەدات؟ بەسەر قوتابییەکاندا بگەڕێ و ئەگەر پێویستیان بە هاوکاریکردن بوو، ئەوا هاوکارییان پێشکەش بکەو جار جارەش گفتوگۆیان لەبارەی کارەکەوە لەگەڵ بکە، تا هەستی بەخۆدامان ڕوونەدات. وێنەی (٤– ٥).

وێنەی (٤– ٥)

## چالاکی ٤:

ماموستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، هەریەکەیان بە ڕەنگی جیاواز بازنەی خڕ ببڕن و هەوڵ بدەن گوڵ دروست بکەن، بەڵام بەو مەرجەی ئەگەر بازنەی یەکەم زەردبوو، ئەوا بازنەی دووەم بچووکترو ڕەنگێکی تربێت و بازنەی سێیەم لە بازنەی دووەم بچوکتربێت و لە ڕەنگێکی تر بێت، بەم شێوەیە بازنەکان دەبڕێت و پاشان لە گەورەوە بۆ بچووك لەسەر یەکیان چەسپ دەکات و شێوەیەکی جوان دەردەکەوێت لە کۆتایی کارەکەشدا لاسکێك بە ڕەنگێکی جیاواز دەبڕێت و بازنە خڕەکانی لەسەر گیر دەکات. پێش کۆتایی کارەکە پێویستە گیرفانێکی دروستکراو لە کاغەز دروست بکات، تا وەك گوڵدان دەربکەوێت. وێنەی (٤– ٦).



وێنەی (٤– ٦)

## چالاکی ٥:

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا دوو ڕەنگ بە دڵی خۆیان هەڵبژێرن لەو کاغەزانەی لەبەر دەستیاندایە. پاشان داوایان لێبکە بە ڕاستەو قەڵەم ڕەساسەکەیان بە دووری دوو سانتیمەتر کاغەزەکە نیشانە بکەن و پاشان تاڵ تاڵ کاغەزەکە بە مقەست بڕن، دواتر بە شێوەی کەزی، یان حەسیر بیچنن و ڕاست و چەپ بە ڕەنگەکان بکەن، بەم جۆرە شێوەیەکی جوانی ڕێکوپێک دەردەچێت. وێنەی (٤– ٧). دوای لێبوونەوە کۆتایی حەسیرە چنراوەکە بە تیێبی ڕوون توند بکەن، تا لێکهەڵنەوەشێتەوەو لە کۆتاییدا چوارچێوەیەکی خاوێنی بۆ بڕن ، تا وەك کارێکی هونەری جوان و پاك و خاوێن دەرکەوێت.



وێنەی (٤– ٧) چنین بە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ

## ئەرکی ماڵەوە:

زۆر گرنگە مامۆستا ئەرکی ماڵەوە بدات بە قوتابییەکان، تا ئاست و توانا کارامەییەکانیان تاقیبکەنەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە، کە لە ماڵەوە قوتابییەکان کاتی زۆرتریان لەبەردەستەو توانای خەیاڵکردن و دنیابینیان فرەوانتر دەبێت و دەتوانن باشتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. پاشان دوای کۆتایی وانەکە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکان بکەو بزانە چی ڕووی داوە؟

## هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندن بەمەبەستی دیاریکردنی ئاستی توانستە هونەرییەکان و کۆمەڵایەتییەکان

| جێبەجێکردن | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|
| ماسولکەکانیان گەشەیان کردووە. | | | |
| توانای بیرکردنەوەو خەیاڵکردنیان گەشەیان کردووە. | | | |
| هاوسەنگی لەنێوان گەشەی لەشەکی و ئەقڵیدا هەیە. | | | |
| دەتوانن بێ هاوکاری مامۆستا کاربکەن. | | | |
| لەگەڵ هاوڕێکانیان هاوکاری پێشکەش بە یەکتر دەکەن. | | | |
| کارەکانیان پاکو خاوێنە. | | | |

# وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی.

بابەت: هەویرکاری

کاتی دیاریکراو: ٦ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بەپێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)

# هەویرکاری



منداڵ زۆر حەز بە هەویرکاری دەکات، هۆکارەکەشی ڕوونە، کە نەرمەو ئاسان بەدەستەوە دێت و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەرەستەیەدا ئاسان و خۆشە و جەستە پیس ناکات و بە ئاسانی قوتابییەکان دەتوانن چیان بوێت و حەز لەچی بکەن پێی دروست بکەن، هەروەها هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسانەو لە نرخدا گران نییە. توانای گەشەپێدان و خەیاڵکردنی منداڵ بەرەو پێشەوەدەبات و گەشە بە تواناکانی دەدات.

## سەرچاوە فێرکارییەکان

**کەرەستەو پێداویستییە سەرەتاییەکان:** هەویری ڕەنگاو ڕەنگ، پارچە نایلۆنێکی جۆری (سلیڤان)، ڕاستە، ڕۆڵە، قاڵبی جۆراوجۆر ئەگەر پێویستی کرد.

**هۆکاری ڕوونکاری:** مامۆستا هەوڵدەدات کۆمەڵێك نموونەی دروستکراوی ئامادە بخاتە بەرچاوی قوتابییەکان، تا لە مەبەستی کارکردنەکە تێبگەن، یان مامۆستا چەند نموونەیەك دروست دەکات، تا قوتابییەکان لە مەبەستی داواکارییەکانی مامۆستا تێبگەن.

## پلانی فێرکاری پێشنیارکراو

### ١. وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ

مامۆستا دەتوانێت کۆمەڵێك کاری ساڵانی ڕابردوو پیشانی قوتابییەکان بدات، پاشان شێوازی کارکردن و جۆری شێوەکان لەگەڵ قوتابییەکان گفتوگۆ بکات و زانیاری ڕاست و دروستییان پێبدات لەبارەی بەکارهێنانی هەویرە ڕەنگاوڕەنگەکان و چۆن بیشێلن و ڕەنگەکان تێکەڵی یەکتر بکەن، یان بە کەمەر یەکەوە ڕەنگەکان دابنێن و پارێزگاری لە ڕەنگەکان بکەن و بە پاکی بیان هێڵنەوە. دواتر قوتابییەکان دەستدەکەن بە کارکردن و مامۆستاش چاودێری قوتابییەکان دەکات و ڕێنمایی پێویست لەبارەی هەڵەو کەموکورتییەکان بە قوتابییەکان دەدات، پێش ئەوەی مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ وانەکە، ئینجا بۆ قوتابییەکان بکات.

### ٢. کاری فێرکاری بە گرووپ

- مامۆستا گرووپەکان ڕێکدەخات لە (٤ تا ٦) قوتابی پێکبێت و ڕایان دەسپێرێت، کە کارێکی جوانی هونەری لەخەیاڵیاندا بگرن.
- مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت هەویرە ڕەنگاوڕەنگەکان ئامادەبکەن و بیان شێلن، تا خۆشبکرێن بۆ کارکردن. چونکە سەرەتا هەویرەکە تۆکمەو توندوتۆڵە.وێنەی (٤– ٨).



وێنەی (٤– ٨) هەویری ڕەنگاوڕەنگ

- هەرگرووپێك لە گرووپەکان، ئەو پلانەی دایانڕشتووە بۆ کارکردن جێبەجێی دەکەن و بیرۆکەی هەموو قوتابییەکان تێکەڵ بە یەك دەبن و ئاستی لێکتێگەیشتنیان بەرزدەبێتەوە و ئاستی بەکۆمەڵایەتی بوونیان باشتر دەبێت.
- مامۆستا سەرپەرشتی کارە هونەرییەکان دەکات و قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بۆ کارکردن و تێبینی و سەرنجی خۆیان پێدەڵێت.
- پێویستە قوتابییەکان لەناو گرووپەکانیاندا لەکاتی کارکردندا زانیاری بگۆڕنەوەو گفتوگۆ لەبارەی بەرهەمە هونەرییەکەیان بکەن، تا باشترین و جوانترین و پاکترین شێوە نمایش بکەن.
- پێویستە مامۆستا بابەتی وانەکە لەگەڵ قوتابییەکان ڕاڤە بکات و پاشان کارە هونەرییەکان لە نمایشێکی بەکۆمەڵدا پیشان بدات.

## ٣. فێربوون لەڕێگەی چالاکییەوە

قوتابییەکان هەریەکەیان بە تەنیا کارێکی هونەری ئەنجام دەدات و پاشان قوتابییەکان لەنێوان یەکتردا ڕاڤەی کارە هونەرییەکەی خۆیان دەکەن بە سەرپەرشتی مامۆستا. لێرەدا مامۆستا گوێهەڵدێری گفتوگۆکان دەبێت و جار جارەش بیروبۆچوونی خۆی تێکەڵ بە گفتوگۆکە دەکات و زانیاری زۆرتر بە قوتابییەکان دەدات. لێرەوە قوتابییەکان زانیاری زۆرتر بەدەستدێنن و پاشان ئاستی بەکۆمەڵایەتی بوونیان پێشدەکەون، دواتر لە ڕێگەی ئەم چالاکییەوە قوتابییەکان ئاستی فێربوونیان بەرزدەبێتەوەو پەروەردە و ئامادە دەکرێن بۆ قۆناخێکی تری کارکردن. جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر وتە بەنرخەکە، کە دەڵێت: ((ئەزموون فێرمان دەکات))، قوتابییەکان لەڕێگەی ئەم چالاکییانەوە ئەزموون دەکەن و زانیاری و کارامەیی نوێ بەدەست دەهێنن و هاوتەریب لەگەڵ گەشەی زانیارییەکاندا، گەشەی لەشەکی و ئەقڵیان هاوسەنگ دەبێت و لە هەمان کاتدا قوتابییەکان دەتوانن ئاستی بینین گەشە پێبدەن لەگەڵ توانا لەشەکی و ئەقڵییەکانییاندا.

## چالاكی ١:

مامۆستا قوتابییەكان ڕادەسپێرێت، كە لە هەویرەكان ڕەنگێك بە ئارەزوی خۆیان دەستنیشان بكەن و بیشێلن، پاش شێلان بیكەن بە تۆپێكی خڕ بۆنموونە ڕەنگی زەرد. دواتر ڕەنگێكی تر بشێلن و ڕەنگە زەردەكەی پێبپێچنەوە بۆنموونە ڕەنگی سور، بەم شێوەیە ڕەنگ لەسەر ڕەنگ دابنێن، تا تۆپەكە پڕ بە مشتەكۆڵەیان دەبێت. لە كۆتایی كارەكەشدا بە چەقۆیەك بیكەن بە دوو بەشی یەكسان و كارێكی زۆر جوان دەردەچێت، وەك وێنەی (٤– ٩).



وێنەی (٤– ٩)

## چالاكی ٢:

مامۆستا قوتابییەكان ئاراستە دەكات بۆ ئەنجامدانی هەمان چالاكی یەكەم، بەڵام تۆپەڵەكە بچووكتربێت. بۆ ئەنجامدانی كارەكەش پێویستمان بە لاسكەدارێكی ئایسكرێم دەبێت، تا تۆپە بەرهەمهاتووەكەی پێوە گیربكەین. پاشان قاشێكی لە شێوەی گۆشە بە چەقۆ لێدەكەینەوە (هاوشێوەی قاشە پرتەقاڵ)، دواتر بە پەنجە جوانكاری بۆ ئەنجامدەدەین و دواتر وەك نوقلێك دەردەكەوێت. وێنەی (٤– ١٠).



وێنەی (٤– ١٠) نوقلۆكەی دەستكرد

## لێكبەستن و پێكگرتن:

پێویستە مامۆستا سەرجەم ئەم چالاكییانە ببەستێتەوە بە وانەی زانست بۆ هەمووان ٢، بابەتی ڕێگەكانی گۆڕانی مادده، لاپەرە ١٢١.

## چالاکی ٣:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە شێوەی ئەو میوەیە دروست بکەن، کە حەزیان لێیەتی. هەر بۆیە پێویستە ئەوە بزانیت منداڵ لەم تەمەنەدا زۆر حەز بە خواردن دەکات و دەمەکوتەی میوەو شیرینی زۆر دەکات، بۆیە جوڵاندنی ئارەزوی منداڵ بۆ ئەو بوارە، هەستی قوتابییەکان دەجوڵێنێت و حەز دەکەن شێوەی جۆراوجۆری میوە دروست بکەن. وێنەی (٤– ١١).



وێنەی (٤– ١١) میوەی جۆراوجۆر

## چالاکی ٤:

بەهەمان شێوەی چالاکی سێیەم، مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە شێوەی ئەو خواردنانە دروست بکەن، کە زۆر حەزی پێدەکەن، منداڵ لەم تەمەنەدا زۆرخۆرە، چونکە گەشەی لەشی لە برەودایەو پێویستی زۆر بە خۆراکەو هەروەها بۆ پڕکردنەوەی داواکارییەکانی لەشی، زۆر دەخوات. هەر لەبەر ئەوەشە قوتابییەکان زۆر حەز بەو جۆرە چالاکییانە دەکەن، کە خۆراك لەخۆبگرێت. وێنەی (٤– ١٢).



وێنەی (٤– ١٢) شێوەی چەند خواردنێك

## چالاکی ٥:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە شێوەی گیانلەبەر دروست بکەن، بەتایبەتیش شێوەی ئەو گیانلەبەرانەی زۆرترین کات دەیانبینن. بۆ ئەو مەبەستەش با قوتابییەکان هەوڵبدەن زۆرترین ڕەنگ بەکاربێنن. وێنە (٤– ١٣).



وێنەی (٤– ١٣) گیانداری جیاواز

## چالاکی ٦:

لەم چالاکییەدا مامۆستا قوتابییەکان سەرپشک دەکات، بۆ دروستکردنی هەرشێوەو بابەتێك، کە خۆیان ئارەزووی دەکەن. لەبەر ئەوە قوتابییەکان دەتوانن چێوەو قاڵب بەکاربهێنن بۆ دروستکردن و پاشان لێکبەستن و تێکەڵکردنی بابەتە بەرهەمهاتووەکە، وێنەی (٤- ١٤). جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستا بوار بە قوتابییەکان بدات، تا خواست و ویست و داخوازییەکانی خۆیان لە ڕێگەی دروستکردنی ئەو بابەتانەی خۆیان ئارەزووی دەکەن ئەنجام بدەن..



وێنەی (٤- ١٤)

## جیاوازی کارکردنی هەردوو ڕەگەزی کوڕو کچ

پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت و هەست پێ بکات، کە جیاوازی شێوازی کارکردن هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە هەریەکەیان، ئەوا بە ئاسانی هەست بەو تایبەتمەندیانە دەکەین، کە کاری هەریەکەیانی پێدەناسرێتەوە، وەك:

### کاری کوڕانە:

کوڕان ئارەزوو دەکەن کارەکانیان تایبەت بن بە ڕەگەزی خۆیان و لە حەزو ویستی خۆیانەوە نزیك بێت، وەك دروستکردنی شێوەی: خواردن، پایسکیل، ئۆتۆمۆبێل، چەك و تەقەمەنی، فڕۆکە، تۆپی دووگۆلی... هەروەها لەکاتی کارکردنیشدا ئاستی تاوگیریان بەرزەو خۆگرنین و زوو لەکارەکە دەبنەوە. لەبەر ئەوە لەسەر مامۆستا پێویستە نەرم ونیانی بنوێنێ لەکاتی چالاکییەکانداو ئەگەر قوتابییەکە زوو لەکارکردن بووە، ئەوا ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەری بێت و پێشنیارو بیرۆکەی نوێی بخاتە بەردەم، تا کارەکە باش و ڕێك و جوان دەربچێت و ئاستی جوانناسی بەرزبێت.

### کاری کچانە:

کچان لە بواری کاری هونەریدا بەسەلیقەو پشودرێژترن لە کوڕان. توانای مانەوەیان زۆرە لەسەر کارە هونەرییەکان و ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە لە ژینگەی مێیینەی خۆیانەوە نزیکە وەك: موتو مورو، ڕازاندنەوەو نەخشەسازی، کاری ڕەنگاوڕەنگ و بەدیقەتەوە کارە هونەرییەکە ئەنجام دەدەن.

## هەڵسەنگاندن

ئامانجی هەڵسەنگاندن: سەرنجدان و تێبینیکردن.

ئەنجامی فێرکاری: دروستکردنی شێوەی جیاواز بە هەویر و کەرەستەی جیاواز.

کەرەستەی هەڵسەنگاندن: کارکردنی قوتابییەکان

پەسندە (بەڵێ)/ پەسندنییە (نەخێر)

| کارامەیی | نرخاندن | |
|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر |
| کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان ئامادە دەکات. | | |
| کۆمەڵێك بابەت و شێوەی هەمەجۆر دروست دەکات. | | |
| لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | |
| کارەکە لە کات و ساتی خۆیدا تەواو دەکات. | | |

## ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە ئاستی جێبەجێکردن دەبەستێت

ئەنجامی فێرکاری: دروستکردنی شێوەی جیاواز بە هەویری ڕەنگاوڕەنگ

کەرەستەی هەڵسەنگاندن: خشتەی هەڵسەنگاندن

| پێکهاتەکانی هەڵسەنگاندن | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|
| کەرەستەو پێداویستییەکان بۆ بابەتەکە ئامادە دەکات. | | | |
| بەشێوەیەکی دروست هەویرەکە بەکاردەهێنێت. | | | |
| شێوەو پێکهاتەی جیاواز دروست دەکات. | | | |
| شێوەکان بە یەکسانی لەسەر ڕووبەرەکە دابەش دەکات. | | | |
| فرە ڕەنگی لە کارە هونەرییەکەدا بەکاردەهێنێت. | | | |
| هاوکاری و پشتیوانی پێشکەش بە هاوڕێکانی دەکات. | | | |
| لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆی دەبەستێت. | | | |
| لەکاتی کارکردندا پارێزگاری لە پاکوخاوێنی دەکات. | | | |
| وابەستەی کاتی کارکردن دەبێت. | | | |

## چالاکی: ئەرکی ماڵەوە

### دروستکردنی هەویری کاغەز

مەبەست لەم چالاکییە ئەوەیە، کە قوتابییەکان ڕادەهێنرێن لەسەر تاقیکردنەوەی کەرەستەی جیاواز بەمەبەستی ئاشنابوون و تێگەیشتن و کۆکردنەوەی زانیاری زۆرتر لەبارەی کاری هەویرکاری. هەر لەو بوارەدا ئاستی کارامەیی و توانا خۆییەکانی قوتابییەکان بەرەو پێشەوە دەچن و هەنگاوی نوێ هەڵدەگرن. کەواتە لەسەر مامۆستایە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی هەویری کاغەز بۆ قوتابییەکان ڕوون بکاتەوەو پاشان قوتابییەکان لەماڵەوە ئامادەی بکەن و ڕاهێزانی لەسەر بکەن.

### هەنگاوەکانی دروستکردنی هەویری کاغەز:



١- ڕۆژنامەی بەسەرچوو کۆبکەرەوەو بە مقەست پارچە پارچەی بکە. وێنەی (٤- ١٥).



٢- ڕۆژنامەکە لە قاپێکی قوڵ بکەو پاشان ئاوی بەسەردا بکەو لێبگەڕێ دواتر بە مشتەکۆڵە بیشێلە. وێنەی (٤- ١٦).



٣- پاشان، کە ڕۆژنامەکە لێکهەڵوەشاو بووبە هەویر، دواتر لە سوزگەیەکی دەکەین و دەیچۆڕێنینەوە، تا ئاوەکەی لێ دەتکێ. (وێنەی (٤- ١٧).



٤- بە مەبەستی توندوتۆڵبوون دەتوانین هێلمی تێبکەین و پاشان بە دڵی خۆمان لە بری قوڕ، یان هەویری تر، شێوەی جوان و سەرنجڕاکێشی پێدروست بکەین و دواتر لە بەر هەتاوی دادەنێین، تا وشک بێتەوە، لە کۆتایشدا ڕەنگی دەکەین. وێنەی (٤- ١٨).

# وانەی سێیەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت: بەکارهێنانەوە** Recycling

**کاتی دیاریکراو: ٥ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بەپێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)**

---

# بەکارهێنانەوە Recycling



**قوتابییان ئارەزووی کاری نوێ و ئەزموونی تازە دەکەن، بە کاری دووبارە هەراسان دەبن و نیگەرانی بەنێوچاوانیانەوە بەدەردەکەون، بۆیە ئەم شێوازی کارکردنە (بەکارهێنانەوە) دەبێتە هەوێنی خەیاڵکردن و داهێنانی نوێ لای قوتابیان لە قۆناخی دووەمی بنەڕەت. ئێمەش لێرەدا وردەکاری شێوازی کارکردن و بەرتەکی کار دەخەینە ڕوو.**

## شێوە Form

**شێوە Form: شێوە لەو هێڵە پێکدێت، کاتێك سەری هێڵەکە پێکدەگاتەوەو یەك دەگرێتەوە لە خاڵی دەستپێکدا، پاشان شێوەو قەبارەو ڕووی جیاواز پێکدەهێنێت. هەندێك جار ئەم شێوەیە دوو ڕەهەندییە Shape وێنەی (٤– ١٩)، یان شێوەی سێ ڕەهەندییە، یان زیاترە.**

**شێوەکان چەندین جۆرن: ڕێك، وەك شێوەی ئەندازەیی هەمەجۆر، ناڕێك، وەك شێوەکانی ناو سروشت، وەك: گەڵای درەخت و بەردو چەندانی تر... وێنەی (٤– ٢٠).**





**وێنەی (٤– ١٩) پێکگەیاندنی هێڵ**

**وێنەی (٤– ٢٠) شێوەی ناڕێك**

## پلانی فێرکاری پێشنیارکراو

### ١. وانەگوتنەوەی ڕاستەوخۆ

**أ– مامۆستا سەرنج و تێبینی لەسەر کەرەستەو شتە فڕێدراوەکان دەداتە قوتابییەکان و زانیاری پێویستیان لەسەر بابەتەکە بۆ ڕووندەکاتەوە.**

**ب– دوای ئەوەی مامۆستا زانیاری تەواو لەبارەی شتە فڕێدراوەکان دەداتە قوتابییەکان، پاشان ئەم پرسیارانە لە قوتابییەکان دەکات:**

**١. بۆچی گرنگە دووبارە کەرەستە لەکارکەوتووەکان بەکاربهێنینەوە لە کارێکی هونەریدا؟**

**٢. باشترین ئەوکەرەستانەی بەخەیاڵدادێن بۆ کارکردن چین؟**

**٣. پێت باشە چی دروست بکەیت؟**

### ٢. فێربوون لەڕێگەی چالاکییەوە

**أ– قوتابییەکان کار لەسەر یەك شێوە دەکەن و پاشان هەموو هاوشێوەکان پێکدەگرن، وەك: (قوتوی شامپۆ، قوتوی خواردنەوە گازییەکان...).**

ب- مامۆستا گفتوگۆ لەگەڵ قوتابییەکان دەکات لەسەر ئەو شێوە لێکچوانەو جیاوازەکان، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیبینن.

ت- مامۆستا شێوەیەك پیشانی قوتابییەکان دەدا، کە خۆی ئامادەی کردووە، تا بیرۆکەی جوان و شێوازی کارکردنەکە بۆ قوتابییەکان ڕوون بێتەوە، بۆ نموونە: دروستکردنی خانوو لە قوتوی شامپۆ، یان دروستکردنی ئۆتۆمۆبیل لە قوتوی خواردنەوە گازییەکان...

## ٣. کاری فێرکاری بە گروپ

أ- مامۆستا قوتابییەکان دەکات بە چەند کۆمەڵەیەکی (٤ بۆ ٦) کەسی.

ب- هەر کۆمەڵەیەك پلانی کار بۆ خۆیان دادەڕێژن بۆ ڕۆژی دواتر.

ت- ڕێکدەکەون لەسەر کەرەستەیەك و پاشان نەخشەسازی بۆ شێوەیەك دەکەن، تا لە پۆلدا ئەنجامی بدەن، یان لە ماڵەوە کەرەستە و پێداویستییەکان ئامادە بکەن و تەنها لەپۆلدا لێکی بدەن و لێکی ببەستن.

پ- قوتابییەکان گفتوگۆ لەبارەی کارە بەرهەمهاتووەکەیان دەکەن و ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەی بەرهەمە هونەرییەکە دەخەنە ڕوو، دواتر گوێڕادێری ڕاوو سەرنجی مامۆستاو هاوڕێکانیان دەبن.

ج- ئەگەر مامۆستا پێشوەخت پلانی کار بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوە باشترە، بۆنموونە: مامۆستا پێشنیار بۆ قوتابییەکان دەکات، کە کاری داهاتوو لەسەر قوتوی خواردنەوە گازییەکان بێت، بەڵام پێویستە مامۆستا لێرەدا ڕاوەستێت و لێگەڕێ قوتابییەکان خۆیان خەیاڵبکەن و توانای داهێنانی خۆیان بخەنە گەڕو بیر لە بیرۆکەی جیاوازو نوێ بکەنەوە. پاشان دەبینین قوتابییەکان بیرۆکەی داهێنەرانەی خۆیان دەخەنە کارو داهێنان لە کارە هونەرییەکەدا دەکەن.

ئەرکی مامۆستایە ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەری قوتابییەکان بکات و لە هەر کوێیەك پێویستی کرد بەهانایانەوە بچێت و هاوکارییان پێشکەش بکات، بەومەرجەی کار نەکاتە سەر ئاستی خەیاڵکردن و بیرۆکەی قوتابییەکان.

## سەرچاوەی فێرکاری

- **کەرەستەو پێداویستییە خاوەکان:** هەموو ئەو کەرەستە فڕێدراوانە، یان بێکەڵکانە لەخۆدەگرێت، کە دەتوانین دووبارە بەکاریان بهێنینەوە بۆ کارێکی هونەری جوان و ڕەنگین، وەك: (کارتۆن، شووشەو قوتوی هەمەجۆر، شووشەی شەربەت، شووشەی ئاوەتەماتە، تێل، پەت، خوری، قوماش، قاپی یەکبار، مقەست، ستیك، کاغەزی لەزگەی ڕەنگاوڕەنگ، بۆیەی ئاوی، ماجیك...). وێنەی (٤- ٢١).
- **هۆکاری فێرکاری:** زۆر گرنگە مامۆستا چەند نموونەیەك لەبەرچاوی قوتابییەکان دروستبکات، بەمەبەستی ڕاهاتن و دروستبوونی متمانە بەخۆبوون، پاشان قوتابییەکان دەتوانن بیرۆکەو داهێنانی نوێ لە خەیاڵیاندا بگرن. هەروەها گرنگە مامۆستا چەندین وێنەی ڕوونکاری پیشانی قوتابییەکان بدات لەبارەی چۆنییەتی کارکردن و ئەنجامدانی لە کاری هونەریدا.

گەڕان و سەردانی کردنی پێشانگە هونەرییەکان چاوی قوتابییەکان دەکاتەوەو بەرچاوڕوونیان دەکات و ئاستی کارامەیی زانیاریان بەرز دەکاتەوە.




وێنەی (٤- ٢١) کەرەستەو پێداویستی بۆ دووبارە بەکارهێنانەوە.

**چالاكی ١:** مامۆستا داوا له قوتابییەكان دەكات پرگاڵەكەیان بەدەستەوە بگرن و لەسەر قاپە یەكبارەكەی دابنێن و گۆشەیەكی (٦٠) پلەیی دەستنیشان بكەن و پاشان بە مقەست لێی بكەنەوە. ئەو پارچەیەی، كە لێكراوەتەوە بینێن بە پشتەوەی قاپەكەوە، وەك لە وێنەی (٤– ٢٢) دا ڕوون و دیارە، دواتر قاپەكە ڕەنگ بكەن، بەو ڕەنگەی خۆتان مەبەستانە و بەشەكانی ڕووی ماسییەكە دیاری بكەن.






وێنەی (٤– ٢٢) هەنگاوەكانی دروستكردنی شێوەی ماسی بە قاپی یەكبار.

**چالاكی ٢:**

مامۆستا قوتابییەكان ڕادەسپێرێت، تا شووشەو قوتوی بەتاڵ هەڵبژێرن، دوای شۆردن و پاككردنەوەی لە پیسی، ڕووپۆشی بكەن بە قوماش، یان خوری، یان قردێلە، یان هەر كەرەستەیەك، كە خۆیان ئارەزووی دەكەن، گرنگ ئەوەیە بیڕازێننەوەو ئاستی جوانییەكەی دەربخەن، تا جارێكی دی بۆ كارێكی تر بەكاربهێنرێتەوە. وێنەی (٤– ٢٣).



وێنەی (٤– ٢٣) كۆمەڵێك كاری هونەری دروستكراو لە شوشەو قوتوی بەتاڵ.

## چالاکی ٣:

بووکەڵەی شادی، بۆ دروستکردنی ئەم بووکەڵەیە پێویستمان بەم کەرەستانە دەبێت: (هێلکە، پەرداخی یەکبار، کەوچکی یەکبار، مقەست، ماجیك)، سەرەتا هێلکەکە ڕەنگ دەکەین هاوشێوەی کەللەسەری مرۆڤ، پاشان پەرداخەکە هاوشێوەی گوێکەروێشك دەبڕین و ژێری پەرداخەکە لێدەکەینەوە، تا هێلکەکەی تێدا جێگیربکرێت، وەك ئەوەی لە وێنە ڕوونکاریەکەی (٤– ٢٤) دا دیارە.



وێنەی (٤– ٢٤) هەنگاوەکانی دروستکردنی بووکەڵەی شادی.

## چالاکی ٤:

دوای ئەوەی مامۆستا چەند نموونەیەکی کاری ڕازێنراوە بە قۆپچە پیشانی قوتابییەکان دەدات، پاشان ڕایاندەسپێرێت، تا کارێکی هونەری جوان لەماڵەوە ئەنجام بدەن. وێنەی (٤– ٢٥).



وێنەی (٤– ٢٥) چەند کارێکی دروستکراوی ڕازێنراوەی هونەری بە قۆپچە.

## چالاکی ٥:

وەك مامۆستا چەند پێشنیارێك بخە بەردەم قوتابییەکان، بەمەبەستی دروستکردنی گوڵی جۆراوجۆر لە کەرەستەی وەك: (کلینکس (دەسماڵکاغەزی)، پەرداخی یەکبار، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ) وێنەی (٤– ٢٦). بزانەو ببینە قوتابییەکان چی دەکەن؟ و چۆن دەکەن؟



وێنەی (٤– ٢٦) چەند هەنگاوێکی سادە بۆ دروستکردنی گوڵ.

## چالاکی ٦:

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا لە ڕێگەی بەکارهێنانی قاپی یەکبارەوە چەند ئاژەڵێك دروست بکەن، بەتایبەت ئەو ئاژەڵانەی زۆر ئارەزوی دەکەن و خۆشیان دەوێت. بۆ ئەوەش پێویستە مامۆستا لەکاتی پێویستدا هاوکاری پێشکەش بە قوتابییەکان بکات و هەندێکجاریش هەنگاوەکانی کارکردنیان بۆ ڕۆشنترو ڕوونتر بکاتەوە. وێنەی (٤– ٢٧). بۆ دروستکردنی ئەم شێوەیە پێویستمان بە: قاپی یەکبار، ستیك، مقەست، قردێلە، کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دەبێت.



وێنەی (٤– ٢٧)

## چالاكی ٧:




مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا بۆ ڕۆژی دواتر ئەم کەرەستانە لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ قوتابخانە، وەك: کارتۆنێکی بەتاڵ، بەرگە کتێب، ستیك، مقەست، پەت وێنەی (٤– ٢٨)، پاشان قوتابییەکان بەرگە کتێبەکە وەردەپێچن لە کارتۆنەکەو پەتەکەش دەکەن بە دەسك، بەم شێوەیە کارتۆنێکی دیاری، یان عەلاگەیەکی جوان بەرهەم دەهێنن.

وێنەی (٤– ٢٨)

## چالاكی ٨:



مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا لەگەڵ خۆیان قوماشی بێکەڵك و پێنەویست لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ قوتابخانە، پاشان لەپۆلدا پارچە قوماشەکان لێکدەدەن و گیرفانی پێدروست دەکەن، بەمەبەستی هەڵگرتنی کەرەستەو پێداویستییەکان، یان بۆ مەبەستی جوانی. وێنەی (٤– ٢٩).

وێنەی (٤– ٢٩) گیرفانی ڕەنگاوڕەنگ

## چالاكی ٩:



پێویستە مامۆستا کەرەستەو شتی جیاواز تاقیبکاتەوە، تا بەشێوەیەکی کاریگەر سەرنجی قوتابییەکان بۆ کاری هونەری ڕابکێشێت، بۆنموونە بەکارهێنانی (تەپەتۆر) لە کاری هونەریدا. بەکارهێنانی ئاسانەو قوتابییەکان دەتوانن بەئاسانی بیبڕن و شتی جوانی پێدروست بکەن و پاشان ڕەنگی بکەن، یان لەتورەکەی ڕەنگاوڕەنگی هەڵکێشن. وێنە (٤– ٣٠)

وێنەی (٤– ٣٠)

## هەڵسەنگاندن

پێویستە مامۆستا تێبینی و سەرنجی قوتابییەکان بدات و لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان وردبێتەوە، بەتایبەت لەکاتی کارکردندا، بۆ ئەوەی ئەم تێبینی و سەرنجانە بەوردی تۆمار بکات و سوودیان لێوەربگرێت بۆ وانەکانی داهاتوو. لە هەمانکاتیشدا ڕەفتارە شڵەژاوەکان و قوتابییە نائارامەکان بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژێت بەرەو باشتر بەرێت، تا قوتابییەکان لە پڕۆسەی پەروەردەو فێرکردن دانەبڕێن.

**ئەنجامی فێرکاری:** ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان داون.

**کەرەستەی هەڵسەنگاندن:** **خشتەی کۆتایی کار**

**خشتەی کۆتایی کار: پەسندە (بەڵێ)/ پەسند نییە (نەخێر)**

| ڕەفتار | نرخاندن | |
|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر |
| کەرەستەو پێداویستییەکان بۆ بابەتەکە ئامادە دەکەن. | | |
| کەرەستەکان بەشێوەیەکی دروست بەکاردەهێنن. | | |
| جیاوازی دەکەن لە نێوان شێوە ڕێك و ناڕێکەکان. | | |
| پێش برین پلان بۆ کارەکەیان دادەنێن. | | |
| کاری هەمەجۆر ئەنجام دەدەن. | | |
| ڕەچاوی ڕێژەی کەرەستەکان دەکەن لەکاتی دروستکردنی شێوەدا. | | |
| هاوکاری پێشکەش بە هاوڕێکانیان دەکەن. | | |
| دوای تەواوبوونی کارەکەیان کەرەستەکان دەخەنەوە جێگەی خۆیان. | | |
| لەکاتی کارکردندا ڕەچاوی یاساکانی خۆپارێزی و ئاسایش دەکەن. | | |

## ئەم هەڵسەنگاندنە پشت بە ئاستی جیبەجێکردن دەبەستێت

**ئامرازی جێبەجێکردن:** خشتەی هەڵسەنگاندن

**ئەنجامی فێرکاری:** بەرهەمی ئەو چالاکییانەی ئەنجامی داوە.

| خشتەی هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کارامەیی لەکاتی کارکردندا | | |
|---|---|---|
| ناوی قوتابی: | | پۆل و لق: |
| تەوەر: | بابەت: | ڕۆژ: |

| ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|
| | باش | زۆرباش | نایاب |
| کەرەستەو پێداویستییەکان ئامادە دەکات بۆ کارکردن. | | | |
| نەخشەسازی دەکات بۆ ئەو شێوەیەی دەیەوێت. | | | |
| بەشێوەیەکی دروست مقەست بەکاردەهێنێت. | | | |
| ڕەنگ و کەرەستەی شیاو بەکاردەهێنێت. | | | |
| فرەجۆری لە بەکارهێنانی کەرەستەکان پەیرەو دەکات. | | | |
| ڕەچاوی ڕێژەی کەرەستەکە دەکات لەکاتی دروستکردنی شێوەدا. | | | |
| قوتابییەکان پشت بەخۆیان دەبەستن. | | | |
| ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکات لەکاتی کارکردندا. | | | |
| ڕەچاوی یاساکانی خۆپارێزی و ئاسایش دەکات. | | | |
| ناوی قوتابییەکەو ڕۆژی کارکردنی لەسەر کارەکە بنوسە. | | | |
| کارە هونەرییەکەی بەتەواوی تەواو کرد. | | | |

**لێکبەستن و پێکگرتن:** پێویستە مامۆستای هونەر ئەم وانەیە ببەستێتەوە بە وانەکانی تری خوێندنەوە.

١- بیرکاری بۆ هەمووان٢: (بەشی ٦) ئەندازەو کەرتەکان، لاپەڕە ٧٩.

٢- زانست بۆ هەمووان٢: (فێر دەبم) ڕێگەکانی گۆڕانی ماددە، لاپەڕە ١٢١

٣- خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی: لاپەڕەکانی (٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣).

# وانەی چوارەم

**تەوەر: کاردەستی.**

**بابەت:  خوری، دەزوو، داوکاری**

**کاتی دیاریکراو: ٤ وانە (دەتوانی بەپێی ئەو پلانەی دایدەڕێژیت، بەپێی کات چالاکییەکان درێژکەیتەوە)**

---

## خوری، دەزوو، داوکاری



ئەم چالاكییە بە یەكێك لە چالاكییە جیاوازەكان دادەنرێت لای قوتابییەكان، چونكە كەرەستەو پێداویستی جیاواز بەكاردەهێنن و شێوازی كاركردن لەگەڵ كەرەستەكان گۆڕانكاریان بەسەرداد‌ێن. لەبەر ئەوە قوتابییەكان هەست بەو جیاوازییە دەكەن و ئەمەش بە یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی ئەم وانەیە دادەنرێت، چونكە قوتابییەكان توانستی خۆیان تاقیدەكەنەوەو ئاستی خەیاڵكردن و توانای داهێنانیان زیاد دەبن.

كەواتە پێویستە مامۆستای هونەر باشتر خۆی ماندوو بكات لەگەڵ قوتابییەكاندا، تا بتوانن بیر لە بیرۆكەی تازە بكەنەوەو باشترین و جوانترین شێوە دروست بكەن. خوری، كەرەستەیەكی نەرمەو بە گشتی منداڵ حەزی پێ دەكات، چونكە بەدەستەوەدێت و جەستە پیس ناكات و مامەڵەكردن لەگەڵیدا خۆشە.

## كەرەستەو پێداویستییەكان

١. خوری
٢. داو
٣. مقەست
٤. كەرەستەی فڕێدراو، یان بێكەڵك
٥. هێلم، یان سیكۆتین
٦. كارتۆن، یان كاغەزی سپی
٧. موروو

## ئاڕاستەكردن

پێویستە مامۆستا پێشوەختە بیرۆكەی كاركردنەكەی لە خەیاڵیدا گیركردبێت، واتە پلانی بۆ كاری داهاتوو دانابێت، بۆ ئەوەی بزانێت چی دەكات؟ چۆن دەكات؟ ئەگەر مامۆستا بێ پلان بچێتە پۆلەوە، ئەوا كارەكەی بێبەرهەم دەبێت و وانەكە بێئەنجام بەڕێ دەكات. قوتابییەكان پێویستیان بە ئاڕاستەكردن هەیە، چونكە ئەو قوتابییانە وانەیەكی نوێ دەخوێنن و پێویستیان بە ورووژاندن هەیە، تا لە وانەكە تێبگەن. دوای ئەوەی قوتابییەكان لە مەبەستی مامۆستا تێدەگەن، پاشان مامۆستا قوتابییەكان سەرپشكی كاركردن دەكات و ئەگەر پێویستی كرد مامۆستا هاوكارییان پێشكەش دەكات.

## چالاکی ١:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات، کە پەرداخی یەکبار ئامادە بکەن و لە کەمەری لێوی سەرەوەدا خوری تێبئاڵێنن و پاشان مورو بە داوەوە بکەن و بیکەن بە دەسکی پەرداخەکە. وەك وێنەی (٥- ٢).




(وێنەی (٥- ٢)

## چالاکی ٢:

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، کە چەند لولەکێکی کاغەزی گیربخەن و پاشان بە خوری ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆشی بکەن و خوریەکەی تێوەربپێچن. قوتابییەکان سەرپشك بکە لەو ڕەنگانەی هەڵی دەبژێرن بۆ کارەکەیان. وێنەی (٥- ٣).



وێنەی (٥- ٣) ڕووپۆشکردن بە خوری

## چالاکی ٣:

لەم چالاکییەدا مامۆستا شێوەی لکاندن بەکاردەهێنێت و تێکەڵی دەکات بە کاری چنین بە خوری، دوای ئەوەی قوتابییەکان بە لکاندن شێوەیەکی جوان ئامادە دەکەن، پاشان بە خوری شێوەکە دەچنن، یان لەڕێگەی بەکارهێنانی سیکۆتین، یان هەر گیرەیەکی تر خورییەکە دەچەسپێنن بە شێوەکەوە. وێنەی (٥- ٤).



وێنەی (٥- ٤)

## چالاکی ٤:

مامۆستا قوتابییەکان ڕادەسپێرێت، تا شووشـەی بەتاڵ، یـان شووشـەی فڕێدراو بەکاربهێنن بۆ کارێکی جوان و بە قوماش، یان بە خوری، یان بە قردێلـەی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆشـی بکەن. پاشان دەتوانن بەکاری بهێننەوە بۆ کارێکی تر. وێنەی (٥– ٥).



وێنەی (٥– ٥) ڕووپۆشکردنی شووشەی بەتاڵ



وێنەی (٥– ٦)

## چالاکی ٥:

مامۆسـتا لەبەرچـاوی منداڵـەکان بـە خـوری چـەند گوڵێلکەیـەك دروسـت دەکـات و پاشـان قوتابییـەکان ڕادەسـپێرێت، کـە ئـەوانیش بەهەمان شێوە، یان بەو شێوازەی خۆیان مەبەستییانە گوڵێلکە دروست بکەن، با قوتابییەکان خۆیان جۆری ڕەنگەکان دیاری بکەن. وێنـەی (٥– ٦).

## چالاکی ٦:



وێنەی (٥– ٧)

پێویســـتە قوتابییـــەکان قوتـــوی بـــەتاڵی خواردنەوە غازییەکان بێرنـەوە و پاشـان بە قردێلـە، یان بـە قوماش، یـان بـە خـوری ڕووپۆشـی بکـەن، دواتر دەسکێکی بە خوری یان بە داو بۆ دروست بکەن. وێنەی (٥– ٧)

# تەوەری سێیەم



## ڕەنگکردن

**تەوەر: ڕەنگکردن.**

**بابەت: ڕەنگکردن بە کەرەستە جیاوازەکان**

**کاتی دیاریکراو: ٤ وانە**

---

**ڕەنگکـردن بـە یـەکێك لـە بابەتـە زۆر گـرنگ و هەسـتیارەکان دادەنرێـت و پێویسـتە مامۆسـتا فەرامۆشـی نـەکات و چـەند تاقیکردنەوەیـەك لەگـەڵ قوتابییـەکان ئـەنجام بدات. ئـەو قوتابییانـەی لـە زارۆخانـەوە هـاتوون باشـتر لـە کارەکـە تێدەگـەن و دەزانـن چـی دەکـەن. بـەڵام ئـەو قوتابییانـەی زارۆخانەیان نەبڕیوە کەمێك کاتیان پێویستە، تا لە بابەتەکە تێدەگەن .**

## کەرەستەی پێویست:

**١- ڕەنگی ئەکریلیك، یان ڕەنگی ئاوی.**

**٢- فڵچەی ئاوی، یان فڵچەی ڕۆنی (فڵچەی ئاوی لە فڵچەی ڕۆنی نەرمترە).**

**٣- کاغەزی سپی (١٠٠×٧٠سم)، یان کارتۆن، یان کەرەستەی جۆراوجۆر.**

**٤- بەروانکە.**

**٥- پارچە قوماشێك بۆ سڕینەوەو پاککردنەوەی فڵچەو کەرەستەکانی تر.**

**٦- پالێت.**

**٧- ئەگەر مێز، یان ستاندێك هەبێت بۆ جێگیرکردنی کارتۆنەکە خراپ نییە.**

**٨- کانڤاس (٥٠×٥٠سم) یان (٧٠×٩٠سم). ئەگەر گەورەبوو بە گروپ کاری لەسەر بکەن باشترە.**

**٩- کاغەزی کانسن، ئەگەر ئەم کاغەزەش نەبوو ئەوا کاغەزێکی زبر هەڵبژێرە.**

## ئاڕاستەکردن:

**پێویستە بۆ ئاڕاستەکردنی قوتابییەکان، مامۆستا هەنگاو بە هـەنگاو لەگـەڵ قوتابییـەکان بێـت و لەگـەڵیان بمێنێتـەوە، تـا کارەکـەیان بـە سـەرکەووتویی ئـەنجام بـدەن. پاشـان دوای تێگەیشـتن لـە هـەنگاوەکان قوتابییـەکان خۆیـان کارەکـە ئـەنجام دەدەن و تـەنها پێویسـتییان بـە چـەند تێبینـی و سەرنجێکی مامۆستا دەبێت.**

## شێوازی کارکردن

### ١- گرووپکاری:

پێویستە سەرەتا قوتابییەکان بەدڵی خۆیان و لەسەر خواستی خۆیان کۆمەڵەکە هەڵبژێرن، تا ڕووبەڕووی سەرکێشی نەبنەوە لەگەڵ یەکتر.

أ- مامۆستا قوتابییەکان ڕێکدەخات لە کۆمەڵەی (٤ بۆ ٦) کەسیدا، پاشان ئەرک و مافەکانییان و شێوازی کارکردنەکەیان بۆ ڕووندەکاتەوە.

ب- هەر کۆمەڵەیەك لەناوخۆیاندا پلان دادەڕێژن بۆ شێوازی کارکردن و هەڵبژاردنی بابەت. پاشان کارەکان دابەش دەکەن بەسەریەکدا و هەریەکەیان ئەرك و کاری خۆی ئەنجامدەدات.

ت- کۆمەڵەکە ئەرکی خاوێنکردنەوەو کۆکردنەوەی کەرەستەکانی لەسەرشانە.

پ- بۆ کاری بە کۆمەڵ، پێویستە مامۆستا کاغەزی ڕۆڵ، یان قەبارە گەورە بەکاربهێنێت، تا قوتابییەکان بە ئاسوودەیی کاری لەسەر بکەن و شانیان بەریەك نەکەوێت.

### ٢- تاککاری:

أ- هەر قوتابییەك کاری خۆی بەتەنیا ئەنجام دەدات و دەربڕی هەست و نەستی خۆیەتی.

ب- خۆی پلان بۆ خۆی دادەنێت و داڕێژەری کارەکانی خۆیەتی.

ت- هەوڵدەدات ئاستی خەیاڵکردن و توانا خۆییەکانی بخاتە گەڕو مامۆستاش لەکاتی پێویستدا هاوکارو پشتیوانی پێشکەش دەکات.

## ئامانجی وانەکە:

١- ناسینەوەو لێدوان لەبارەی ڕەنگەکان.

٢- پێکگرتنی ڕەنگەکان بە سروشت و ژینگەی دەوروبەی خۆی.

٣- شارەزابوون لەسەر جۆری ڕەنگەکان و شێوازی ئامادەکردنیان.

٤- توانای خەیاڵکردن بەهێز دەکات و کارامەیی نوێ بە دەستدەهێنێت.

٥- ئارامی و ئۆقرەیی بە قوتابییەکان دەبەخشێت و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن.

٦- وا لە قوتابییەکان دەکات، کە ڕەنگەکان لە شوێن و جێگەی خۆیدا بەکاربهێنن.

## ئەركی مامۆستا:

١- پێویستە مامۆستا سەرەتا كەرەستەو پێداویستییەكان بە قوتابییەكان بناسێنێت.

٢- ڕێی كورت و ئاسان بە قوتابییەكان پیشان بدە لەكاتی كاركردندا.

٣- قوتابییەكان فێری بەراوردكاری بكە، واتە ئەو ڕەنگەی بەكاری هێناوە شیاوە بۆ ئەو شوێنەی دیاریكردووە.

٤- پێویستە مامۆستا لەكاتی سەرنجدان و تێبینی كردندا زۆر نەچێتە ناو وردەكاری كارە هونەرییەكەوە، چونكە قوتابییەكە زیاتر ویست و خواستی خۆی بەلاوە گرنگەو هەندێكجاریش بەمەبەست ڕەنگ دادەنێت و دەزانێت ئەم كارە تەواو نییە، بەڵام ئارەزوو دەكات كارەكە بەم شێوەیە ئەنجام بدات، لەسەر تۆش پێویستە ڕێز لەو ویستە بگریت، پاش ئەوەی دڵنیابویەوە لەوەی كە قوتابییەكە بەمەبەست وای كردووە، بۆنموونە گەڵای درەختەكەی سوور كردووە، بەڵام دەزانین، كە گەڵای درەخت سەوزە، نەك سوور. بەڵام قوتابییەكە بەمەبەستی جوانكاری ئەم شێوازی كاركردنە بەكاردەهێنێت و دەیهەوێت كارێكی جوان بەرهەم بهێنێت ، نەك شێوەكە كت و مت وەك خۆی كۆپی بكاتەوە، وەك ئەوەی لەسروشتدا دیتویەتی.

كەواتە پێویستە مامۆستا ئارەزوی قوتابییەكان فەرامۆش نەكەن و هەوڵبدەن پەرە بە توانای خەیاڵكردنیان بدەن و ئاستی كارامەییان بەرەو پێشەوە بەرن. نابێت فشاری دەروونی لەسەر قوتابییەكان دروست بكەن بەهۆی هەڵە بەكارهێنان، یان نەشیاوی بەكارهێنانەكە، چونكە ( منداڵ چی دەزانێت ئەوە دەكێشێت، نەك چی دەبینێت)، دواتر وردە وردە هەوڵدەدات پشت بە چاوەكانی ببەستێت و ڕەنگەكان لەجێگەو شوێنی خۆی دابنێت. ئەوە بزانە ڕەنگكردن كاریگەری گەورە لەسەر ڕەفتارو هەستەكانی قوتابی بەجێدەهێڵێت.

## چالاکی ١:

مامۆستا قوتابییـەکان لـە باخچـەی قوتابخانـە لـە شـێوەی کۆمەڵـەدا چالاك دەکات و ئـەرکیان پێدەسـپێرێت. لەسـەر زەوی کاغـەزی سـپی قـەبارە گەورە لە هاوشێوەی سفرەی نانخواردن ڕادەخات، پاشان قوتابییەکان سەرپشك دەکات بە کارکردن بە ڕەنگەکان، وێنەی (٦– ١) بەو مەرجەی قوتابییـەکان پارێزگـاری لـە پاکوخـاوێنی کـارە هونەرییەکـە بکـەن. مامۆستاش سەرپەرشتی قوتابییەکان دەکات و وەڵامی پرسیارو تێبینییەکانیان دەداتەوە، بەو مەرجەی دەست نەخاتە کارەکانیانەوە.



وێنەی (٦– ١)

## چالاکی ٢:

مـەرج نییـە مامۆسـتا هەمیشـە تـەنها کاغـەز بـەکاربهێنێت بۆ کـاری ڕەنگکـاری، بـەڵکو هەنـدێکجار پێویسـتە کەرەسـتەو پێداویستـی تـر بـەکاربهێنێت و قوتابییـەکان ڕابهێنێـت لەسـەر دووبارە بەکارهێنانەوە، هەروەك چۆن لە وانەی (بەکارهێنانـەوە) دا ئـەم کـارەی ئەنجامـداو ئـەزموونی وەرگـرت، بۆیـە لـەم چالاکییەدا قوتابییەکـە شووشـەی بـەتاڵ ڕەنـگ دەکـات و ئـەو نەخشـونیگارە هەڵدەبـژێرێت، کـە خـۆی ئـارەزووی دەکـات. وێنەی (٦– ٢)



وێنەی (٦– ٢) شووشەی ڕەنگکراو

## چالاکی ٣:

مامۆستا قوتابییەکان هاندەدات بۆ ڕەنگکردنی هێلکە، بە ڕەنگی جۆراوجۆر، بـەو مەرجـەی قوتابییـەکان پارێزگـاری لە بـەها ڕەنگییـەکان بکـەن و بـە پاکوخـاوێنی بیـان هێڵنـەوە. هـەروەها پێویسـتە وریـایی و ئـارامی لـەکاتی کارکردنـدا بـەکاربهێنرێت، چـونکە هێلکەکـە ناسـکەو دەشکێت. وێنەی (٦– ٣).



وێنەی (٦– ٣)

## چالاکی ٤:

پێویسته مامۆستا (کانڤاس)ـی ئاماده بخاته بەردەستی قوتابییەکان، تا بە ویستی خۆیان کۆمەڵێك نەخشونیگار لە خەیاڵیاندا هەڵبژێرن و پاشان بە ویست و ئارەزووی خۆیان دایبڕێژنەوە، دواتر ڕەنگی بکەن. گرنگە سەرەتا قوتابییەکان بە قەڵەم ڕەساس نەخشونیگارەکان بکێشن و دواتر ڕەنگکارییەکە ئەنجام بدەن، تا پێشوەختە پێش بە هەڵەکان بگرن و پلانیان هەبێت لەسەر ئەوەی دەیکەن و ئەنجامی دەدەن. کەواتە پاکوخاوێنی کارەکە مەرجی سەرەکییەو پێویستە قوتابییەکانی لێئاگادار بکرێتەوە، تا فەرامۆشی نەکەن. ئەگەر کارەکە پاکوخاوێن نەبێت، ئەوا بەهای جوانی لەدەست دەدات. وێنەی (٦– ٤).



وێنەی (٦– ٤) نەخشونیگار لەسەر کانڤاس (٥٠×٥٠سم)

## چالاکی ٥:

وەك پیشەی پێش هەموو کارێك، پێویستە مامۆستا نموونەی چەند کارێك پیشانی قوتابییەکان بدات، تا لەمەبەستی مامۆستا تێبگەن، ئەگەر مامۆستا پێشوەختە ئەم کارە بکات، ئەوا کاری ئاسان دەبێت و کەمترین سەرئێشەی بۆ دروست دەبێت لەکاتی جێبەجێکردندا. کەواتە قوتابییەکان سەرپشك بکە لەسەر کێشان و ڕەنگکردنی ئەو گوڵەی کە زۆر حەزی پێدەکەن لەسەر کاغەزی کانسن بە بۆیەی ئاوی. وێنەی (٦– ٥).



وێنەی (٦– ٥) نیگارکێشان لەسەر کاغەزی کانسن.

## هەڵسەنگاندن

لە کۆتایی کارکردندا، پێویستە مامۆستا هەڵسەنگاندن بۆ تواناو ئاستی کارامەیی قوتابییەکان ئەنجام بدات، چونکە لە کۆتاییدا بەرچاوڕوونییەکی باش دەداتە مامۆستا لەسەر چالاکییەکان. ئەم هەڵسەنگاندنە ئاستی توانستی قوتابییەکان دیاری دەکات و لەهەمانکاتیشدا ئاستی هونەری و پەروەردەیی مامۆستاش دەستنیشان دەکات، بەهۆی ئەوەی، تا چەند توانیوییەتی کاریگەری لەسەر قوتابییەکان بەجێبهێڵێت.

**ئەنجامی فێرکاری:** بەکارهێنانی کەرەستەو پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ڕەنگکردن، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی تابلۆی هونەری.

**کەرەستەی هەڵسەنگاندن:** خشتەی نرخاندن

**خشتەی نرخاندن بەمەبەستی هەڵسەنگاندن لەڕێگەی دیاریکردنی ئاستی جێبەجێکردن**

| ڕەگەزەکانی جێبەجێکردن | نایاب | باش | پەسەند |
|---|---|---|---|
| کەرەستە گونجاوەکانی بۆ نیگارکێشان بەکارهێناوە. | | | |
| فرەشێوەیی بەکارهێناوە بۆ نیگارکێشان. | | | |
| کاری هونەریی بەرهەمهێناوە. | | | |
| لەکاتی کارکردندا پرسیاری کردووەو بیرۆکەی نوێی لابووە. | | | |
| بەشێوەیەکی کارامەیی و لە کاتی دیاریکراودا کارەکەی ئەنجامداوە. | | | |

**تێبینی:**

مەرج نییە تەنها مامۆستا پشت بەم چالاکییانە ببەستێت، کە بۆی دیاریکراوە، بەڵکو دەتوانێت بیرۆکەی خۆی تێکەڵ بە کارە هونەرییەکان بکات بەو مەرجەی چالاکییەکە لەئاستی توانا لەشەکی و ئەقڵییەکانی قوتابییەکاندا بێت و زیادەڕەوی نەکات لە ئەنجامدانی چالاکییەکاندا، چونکە سنوری کارکردنی منداڵ لەم قۆناخەدا دیاریکراوە. بۆیە پێویستە مامۆستا ڕەچاوی کاری کچانەو کوڕانەش بکات و جار جارە چالاکییەکان هاوبەشی پێ بکات.

# تەوەری چوارەم



## کردنەوەی پێشانگە

## پێشانگە

**پێشانگە، چالاکییەکی هونەری فرە ڕەنگی هەمەلایەنەیەو کۆی کارە هونەرییەکانی تێدا نمایش دەکرێت، کە لەسەرەتای ساڵەوە، تا کۆتایی ساڵ قوتابییەکان لەڕێگەی ئەنجامدانی چالاکیی ڕۆژانەدا کاریان تێدا کردووەو کاری هونەرییان بەرهەم هێناوە .**

**بۆیە لێرەدا ئەرکی فێرگەیە لە کۆتایی هەر وەرزێکی خوێندندا چالاکییەك بۆ قوتابییەکان ڕێکبخات، تا ئاستی تاوگیری و شڵەژان و شلۆقی قوتابییەکان، کە لە بواری خوێندن و پەروەردەکردندا تووشیان هاتووە، لەڕێگەی ئەم چالاکییەوە دەروونیان ئارام بکاتەوەو قوتابییەکان بخاتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، کە بەهۆی خوێندن و ماندووبوون بە دەست وانەکانەوە تووشی هاتوون. بۆیە پێویستە هەلێکیان بۆ بڕەخسێنرێت، تا بتوانن کەشێکی خۆش بەسەربەرن و کەمێك دووریان بخەنەوە لە جەنجاڵی و فشاری وانە تیۆرییەکان. ئەرکی مامۆستای وانەی هونەریشە، خۆی ئامادە بکات بۆ چالاکییەکی لەم جۆرە، کە پێویستە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ قوتابییەکاندا ڕێکی بخات، تا قوتابییەکانیش نەخشیان هەبێت لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی پێشانگاکەدا.**

## سوودەکانی سازکردنی پێشانگە:

**١- قوتابییەکان ڕەنجی کارکردنی خۆیان دەبیننەوە.**

**٢- قوتابییەکان هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکەن.**

**٣- فێری کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ دەبن.**

**٤- زمانی گفتوگۆو دانوستانکردنیان بەهێز و فرەوان دەبێت.**

**٥- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نوێ دەکاتەوە لە نێوان (قوتابی و مامۆستا)، (مامۆستاو دایی و بابی قوتابی)، (ستافی فێرگە بەگشتی).**

**٦- قوتابی لە چەقبەستوویی ڕزگار دەکات، کەشێکی نوێ دەسازێنێ.**

**٧- کەسانی دەرەوەی فێرگە کارەکان دەبینن و هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ:**

**أ- توانای هونەری و زانستی فێرگە دەبینن.**

**ب- ئاست و توانای کارکردنی مامۆستای هونەر ڕۆشن دەبێت.**

**ت- دایی و باب و کەسانی نێزیکی قوتابی هەست دەکەن کارێك ئەنجامدراوە.**

## جۆرەکانی پێشانگە

### ١- پێشانگەی پۆلێك:

کاتێك مامۆستا کۆتایی بە وانەکە دێنێ، هەوڵ بدات کاری منداڵەکان لە پۆلدا نمایش بکات، تا هەست بە خۆیان بکەن و کارەکانی خۆیان ببینن. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، تواناکانی خۆی هەست پێ بکات و کاری یەکتر ببینن و هەڵسەنگاندن بۆکاری یەکتر بکەن. هەروەها بەرچاوڕوونیان هەبێت، تا بزانن ئەمڕۆ کاتیان بەچی بەسەربردووەو بەرهەمیان چی بووە؟ (مامۆستا تەناف هەڵدەخات لە پۆلدا و بە فاقە وێنەی منداڵەکان هەڵدەواسێ، یان لەسەر مێز کارەکان دادەنێت بۆ نمایش).

### ٢- پێشانگەی قوتابخانەیەك:

مامۆستا کاری هەموو پۆلەکان کۆدەکاتەوەو ڕێکیان دەخات و لە پێشانگەیەکی ساڵانەی قوتابخانەدا نمایشیان دەکات، تا منداڵەکان کاردەستی پۆلەکانی تر ببینن. لێرەدا توانای پۆلەکان دەردەکەوێت (پۆلەکان، وەك گروپ دەردەکەون و هەر پۆلێك شانازی بە گروپەکەی خۆیەوە دەکات). ئیدی لێرەوە، تێکەڵاوی و هاوبەشی یەکترو گروپبەندی دروست دەبێ لەنێوان منداڵەکاندا.

### ٣- پێشانگەی شارێك:

یەکەی چالاکی قوتابخانەکان، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێشانگەی سەرجەم قوتابخانەکانی شارەکەو کۆکردنەوەی کارە هونەرییەکان لە پێشانگەیەکی هاوبەشداو هەموو قوتابخانەکانیش لە هۆڵێکدا نمایشی خۆیان دەکەن. لێرەدا:

یەکەم: توانای گرنگپێدان و پێشکەوتوویی هەر قوتابخانەیەك دەردەکەوێت.

دووەم: توانست و ئاستی هونەری و پەروەردەیی مامۆستاکە بەناڕاستەوخۆیی دەردەکەوێت لەناو پرۆژە هونەرییە گەورەکەدا.

### ٤- پێشانگەی پارێزگا:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی پێشانگەی سەرجەم شارو شارۆچکەکانی ئەم پارێزگایەو پێشانگاکە لە ناوەندی پارێزگاکەدا دەکرێتەوە، یان هەڵبژاردنی شارۆچکەیەك لە پارێزگاکە. لەم پێشانگەیەدا ئاستی هونەری و چێژی هونەری شارەکە دەردەخات

لەناو شارەکانی تری پارێزگاکەدا، بۆیە زۆر پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەکەو چالاکی قوتابخانەکەی زۆر بە گرنگییەوە لەم چالاکییە بڕوانن و هەستی بەرپرسیاریەتی پیشان بدەن، یەکەم: بەرانبەر کارە هونەریەکان.

دووەم: بەرانبەر مامۆستاکانی پەروەردەی هونەر (شێوەکار، شانۆ، میوزیك...) لە ئەرك و کارەکەیان تێبگەن، فەرامۆشیان نەکەن.

### ٥- پێشانگەی وڵات:

وەزارەتی پەروەردە، لەرێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزشی و هونەر (بەڕێوەبەرایەتی چالاکی هونەر) کارە هونەریەکانی سەرجەم پارێزگاکان کۆدەکاتەوەو لە پایتەختی وڵاتدا نمایشیان دەکات. لێرەدا توانای هەر پارێزگایەك دەردەکەوێت لەبواری گرنگیدان بە بوارەکانی هونەر.

### ٦- پێشانگە لە سەر ئاستی جیهان:

ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەك: (ڕێکخراوی یونسکۆ، یونسێف، یان ڕێکخراوەکانی NGO). هەوڵدەدەن پێشانگەی نێونەتەوەیی ڕێکبخەن لەنێوان وڵاتاندا. هەر جارێك وڵاتێك میوانداری ئەم جۆرە پێشانگەیە دەگرێتە ئەستۆی خۆی. مەبەستی سەرەکی لە ڕێکخستنی ئەم پێشانگەیەش سازدانی کۆڕوکۆبونەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین کۆمەك بۆ وڵاتە هەژارەکان، کە توانای کۆمەکی منداڵی وڵاتەکانیان نییە، وەك دروستکردنی فێرگە، بواری تەندروستی منداڵان، یان گەشەپێدانی بواری ڕێکخراوەیی لە بواری منداڵان، یان پێشخستنی ئاستی پەروەردەیی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، سیاسی... تا زۆرترین پارێزگاری بۆ منداڵ دەستەبەر بکەن، چونکە دەزانین منداڵ قوربانی یەکەمە لە جەنگ و نەهامەتیەکاندا. ڕێکخستنەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان، کە لەبواری منداڵاندا کاری پێدەکرێت و هەموارکردنەوەی بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ ڕۆژو داخوازی ڕۆژ. بۆ دروستکردنی فشاری زۆر، تا ئاستی ملکەچپێکردنی وڵاتان بۆ دان نان بە یاسای مافەکانی منداڵان و جێبەجێ کردنی وەك خۆی.

## بنچینەکانی کردنەوەی پێشانگە

١. پێویستە ئامانجێك، یان چەند ئامانجێك هەبێت لە کردنەوەی پێشانگەدا.

٢. پێویستە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ئاستەکانی قوتابییان بێت .

٣. چاپكراوێكی بچووكی هەبێت.(دەليل)

٤. پێويستە مامۆستاو قوتابييەكان هاوكاری يەكتر بكەن لە كردنەوەيدا.

٥. پێويستە هەنگاوەكانی كاركردن پيشان بدرێ.

٦. شێوازێكی ڕێكوپێك و جوانی پێوە دياربێت. وێنەی (٦- ٢).

٧. دايك و باوكی قوتابييەكان داوەت بكرێن بۆ پێشانگەكە، تا كاری منداڵەكانيان ببينن.

٨. هەڵبژاردنی شوێنێكی شياوو گونجاو بۆ كردنەوەی پێشانگەكە.

٩. هەڵبژاردنی وێنەپاك و شياوەكان، بۆ نموونە: (ساكار، ٢٠ وێنەی كێشاوە لەم چل وێنەيە تەنها يەك، يان دوو لە باشترين و پاكترين وێنە هەڵبژێرە، تا بەيەكسانی بوار بۆ منداڵەكانی تريش بڕەخسێت).

١٠. پێويستە هەڵواسين و ڕێكخستنی وێنەكان، پۆل پۆل بێت، يان بابەتەكان بەپێی كەرەستە بەكارهاتووەكان بێت.

١١. پێويستە بەپێی كارە هونەريەكان، باكگراونديان بۆ هەڵبژێردرێت.

١٢. پێويستە كارە هونەريەكان، لە شوێنی لاچەپ و نەشياو هەڵنەواسرێت، تا هەمووان لە بينينی بێبەش نەبن. وێنەی (٦- ٣).

١٣. پێويستە هەموو چاوەكان بخرێنە سەر توانست و ئاستی ڕۆشنبيری قوتابييەكان.



وێنەی (٦- ٣)



وێنەی (٦- ٢)

## ئامانج لە کردنەوەی پێشانگەی هونەری چییە؟

١. دەرخستنی توانا هونەرییەکانی قوتابییەکان.

٢. متمانە بەخۆبوون زۆردەکات لای خاوەن کارەکە.

٣. هێزی ململانێ زۆر دەکات لە نێوان بەشداربووان و پەرەپێدانی هێزی کێبڕکێ.

٤. ئاراستە جیاوازەکانی قوتابییەکان، داهێنانەکانیان، بیرتیژیان، خەیاڵکردنیان، هەستیان دەبینین.

٥. گەشەکردنی هەستی جوانناسی و چێژی هونەری قوتابییەکان، شیکردنەوەو شرۆڤەکردنی ئەم هەستە لە لایەن ڕەخنەگرانەوە.

٦. ئاگاداربوونی دایکان و باوکان لە توانستی داهێنەرانەی منداڵەکانیان، لێرەوە دایی و باب لە سوودی چالاکییە هونەرییەکان تێدەگەن.

٧. بەشداربووان لەوچالاکییە ئەزموون وەردەگرن بەپێی سروشتی بابەتە نمایشکراوەکان، باشتر لە ئامانجە پەروەردەییەکان تێدەگەن.

٨. دۆزینەوەی توانا هونەرییە شاراوەکانی قوتابی لەسەرجەم بوارەکاندا.

٩. هانی قوتابییە چالاك و گورجوگۆڵەکان دەدات، تا بەردەوامبن لە داهێنان و کاری هونەری.

١٠. ئەم پێشانگەیە ڕۆڵ دەبەخشێتە فێرگە، تا بتوانێت ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی خۆی پیشانی ئامادەبووان بدات. کەواتە پێویستە ئەوە بزانین هەموو چالاکییەك، توانای زانستی و پەروەردەیی فێرگە دەردەخات، دواتریش توانای مامۆستاکە پیشاندەدات (خراپ یان باش).

## پلاندانان بۆ کردنەوەی پێشانگە:

١- دوای ئەوەی مامۆستا دڵنیابوو لە دانان و دەستنیشانکردنی ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییەکانی کردنەوەی پێشانگە.

٢- پێویستە مامۆستا ئەو بابەتانەی یەکلاکردبێتەوە، کە بەنیازە بەشداریان پێ بکات لە پێشانگەدا بۆ زیاتر بەئەنجام گەیاندنی کارە پلان بۆ داڕێژراوەکە.

٣- دەستنیشانکردنی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی جێبەجێکردن. ئەم کەرەستانە بخرێنە بەردەستی منداڵەکان، تا بە ئازادی ئەو کەرەستە هەڵبژێرن، کە کارە هونەرییەکەی پێ ئەنجام دەدەن.

٤- دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك یاساو ڕێسا، وەك چۆنیەتی دەست نیشانکردنی جۆری کارە هونەریەکان، دیاریکردنی پێوانەی کارە هونەریەکان (چەند بە چەندە؟ - درێژی × پانی)، هەرمنداڵێك بەچەند کار بەشداری دەکات؟ کاتی وەرگرتنی کارەکان، چۆنیەتی بردنەدەرەوەی کارەکان و ئامادەکردنیان بۆ نمایش، تۆمارکردنی هەموو ئەو داواکاریانە (بەنووسراوبێت).

٥- دروستکردنی لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن بۆ کارە هونەریە پێشکەش کراوەکان (کام کارە هەڵدەبژێردرێت)، هەڵبژاردنی کارە باش و پاکوخاوێنەکان، کە بەهای هونەرییان تێدایە (پێویستە لیژنە ڕەچاوی تەمەنی قوتابییەکان بکات)، هەڵبژاردنەکە هەموو بوارو شێوەو جۆرەکان بگرێتەوە.

٦- دەستنیشانکردنی باشترین کاری هونەری، کە ئامانجە پەروەردەیی و هونەریەکەی پێکاوە لە پێشانگەدا.

٧- پێویستە کارە هونەرییە هەڵبژێردراوەکان، بەشێوەیەکی گونجاوو شیاو گرنگیان پێ بدرێت و لە بەها هونەریەکەیان کەم نەکاتەوە (لە کاتی هەڵواسین و دیاری کردنی شوێنی هەڵواسینەکە).

٨- پێویستە مامۆستاو لیژنەی هەڵبژێردراوی تایبەت بە ئامادەکردنی پێشانگە، گرنگی زۆر بەکارە هونەرییەکان بدەن، تا ئەو ئامانجە پەروەردەیی و هونەرییە بێتە دی، کە پێشانگەکەی لە پێناودا کراوەتەوە. نەك تەنها پێشانگە ببێتە نمایشێکی هونەری و بەس. هەروەها دووربێت لە بەها پەروەردەیی و هونەریەکان (پێشانگە لەپێناو خۆنماشکردنێکی ڕووت -چالاکی لەپێناو چالاکیدا نەبێت)، بڵێن تەنها پێشانگەیان کردۆتەوە ئەوە بۆچوونێکی باش نییە.

# فەرهەنگۆك

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Stability | استقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | اخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Tendency | مَيل، اسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| Imagination | خيال، تصور | ئەندێشە، خەیاڵ |
| Envy, Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Self conscious | واع ذاته | بەخۆزان |

| | | |
|---|---|---|
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەك |
| Voluntary Reaction | لاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، بەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، إحداث، تقليد، تخليق | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Inspiration | الهام | بەهرە، سرووش |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعلم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | الوان بوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | الوان جواش | بۆیەی گواش |
| Water color | الوان المائية | بۆیەی ئاوی |

| | | |
|---|---|---|
| Acrylic color | اللون اكريليك | بۆیەی ئەکریلیك |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Idias | أفكار | بیرۆکە |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری، (هەڵچوون بۆ ئەم دەستەواژەیە بەکارنایەت چونکە مرۆڤ هەڵناچێت بەڵکو تاوێك گیر دەبێت) |
| Emotions | انفعالات | تاوگیریەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Translation | ترجمة | تەرجومە، (وەرگێڕان) |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Fear | خوف | ترس |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای ڕاهاتن، توانای خۆگونجاندن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینیەکان، پێکهاتە بەرببینیەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |

| | | |
|---|---|---|
| Observation | مراقبة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعًن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Rivalry | تناحر | تێك بەربوون |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێکگەیشتن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن، گەشەکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعميق | پتەوكردن، بەهێزكردن |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية ديناميكية | پڕجووڵە، كەسێتی پڕجووڵە، جرپن |
| Program | برنامج | پڕۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برامج تعليمية | پڕۆگرامی فێركاری |
| Plan, policy, project, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، مشروع، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Classification | تصنيف | پۆلێنكردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسكردن |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلانە |
| Artisan | حِرَفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزو نزم |
| Identical | مطابق | پێكچوو |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێكهاتە ڕووتەڵەكیەكان |
| Artistic elements | العناصر الفنية | پێكهاتە هونەریەكان |
| Structure | تركيب، بُنية | پێكهاتە، پێكهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیولۆجیەكان، زیندەكی |

| | | |
|---|---|---|
| Body | جسم | جەستە، لەش، بەدەن |
| Physical | جسدي | جەستەیی، لەشەکی، تەنیەتی |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم جمال | جواناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| Desire, inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الأحلام | خەون، خەونبینی |
| Self realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص من الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان |

| | | |
|---|---|---|
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسك) |
| Self acting | ذاتي الفعل آلى | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self denial | انكار الذات | خۆنایاندن، نکۆڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | انانية | خۆویستی، (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الأسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریك کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Invention | ابداع | داهێنان |

| | | |
|---|---|---|
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Stupid (Moron) | الغبي، (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژك، كەودەن، گەوج |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيء في باطن الذات | دەروونزا |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| body | هيئة | دەستە |
| Handmade | يدوي | دەستكرد |
| Artificial | إصطناعي | دەستكرد، دروستكراو |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | غنى، إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندكردن |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستكردنی هێما |
| Mental bygiene, Psychological health | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، دروستی دەرونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانە (خۆبەخش) |
| Mental retardation | التاخر العقلي | دواكەوتنی هۆشەكی |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |

| | | |
|---|---|---|
| Phenomenon | ظاهرة | دیارده |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، حضارة | ژیاری، ڕۆشنبیری |
| Environment | البيئة | ژینگه |
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕا ڕا، دوودڵ |
| Ornament | زينة، زخرفة، ديكور | ڕازاندنەوە |
| Ornamentation | تزيين، تزين، (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | واقعي، حقيقي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێك |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين، توجيه | ڕاهێنان |
| Integration | تكامل | ڕەخسکان |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتار بڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behavior | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتاریەتی، ڕەوشتایەتی |

| | | |
|---|---|---|
| Instinct | غريزة | ڕەمەك |
| Paint, colour | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ |
| Daltonism<br>Achromatism | عمى الالوان<br>عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Cool colours | الألوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary colours | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |
| Colouring, colouring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بە شێوەی هونەری |
| Tempra colours | الألوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Pastel colour | الوان باستيل | ڕەنگی پاستیل |
| Oil colour | الوان زيتية | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass colour | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Gouache colours | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Fresco colours | الوان الفريسكو، الألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صَبَغَ، صبِغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Water colours | الألوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic colour | الوان اكريليك | ڕەنگی ئەکریلیك |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەك، (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |

| | | |
|---|---|---|
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Labial | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان زارۆك: بە کرمانجی یانی منداڵ خانە: بە هەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. (زارۆخانە) کتومت لە بڕی وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمان گرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زمانناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Queruous | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، لێوردبونەوە |
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |

| | | |
|---|---|---|
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیی، لێزانی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Agitation, disturbance | اضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Style, method, manner, way, mode, technique | أسلوب، نمط، سلوك، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگا |
| style, pattern, type, fashion, manner, modality | نمط | شێواز، چەشن، بابەت، شێوە |
| Direct style | الاسلوب المباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال هندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمك، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق، (تذوق الفني) | چێژ |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |

| | | |
|---|---|---|
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Hummour, Funny mock | سُخرية، سخرَ | گاڵتە: بەبابەتێکی هونەری یان ئەدەبی کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناك، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجوڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Ceramic | سيراميك، فخار | گڵێنەکاری، سیرامیك |
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێك پەنگدەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | انعزال اجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ |

| | | |
|---|---|---|
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Learning | تعليم | فێربوون |
| Education | تعليم | فێربوون |
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Pyramid | هرم | قوچەك |
| Gulp | بلع | قووتدان |
| Touching | مؤثر | كارتێكەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | كاردانەوە، پەرچەكردار |
| Interaction | تفاعل | كارلێككردن |
| Metal | معدن | كانزا |
| Glue | صمغ | كەتیرە |
| Raw material | مواد خام | كەرەستەی خاو |
| Person | شخص | كەس |
| Personality | الشخصية | كەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | كەش، بارودۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | كەڵك وەرگرتن، بەكارهێنان |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجراءات، عملية، طريقة، أسلوب | كردار، كرداری، پراكتیكی |
| Short | قصير | كورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | كۆسپ، بەربەست |
| An example | مثال | نموونە |
| Society | مجتمع | كۆمەڵ، كۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | كۆمەڵەكردن، كەڵەكەكردن |

| | | |
|---|---|---|
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Skewness, deviation | انحراف | لادان |
| Aberration | جنوح، انحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێژپەر |
| Imitation | تقليد، المحاكاة | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفاءة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتویی |
| Proceedings, procedure, steps | إجراءات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Skilful | بارع، مُتفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولکە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەت بوون |
| Mongolism | المنغولية | مەنگۆلی |
| Backward child | طفل متخلف | منالّی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Brain | دماغ | مێشك، دەماغ |
| Agnosticism | اللاأرادية | نازانمکاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناکۆکی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | اغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشرۆیشتووە |

| | | |
|---|---|---|
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری (بێ بەهرە) |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Embroidery | تطريز | نەخشکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Mores | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت)، عورف |
| Habit | عادة | نەریت، خوو |
| Dissonant | مُتنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز، نەگونجاو |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Projection | اضفاء، الاسقاط | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Assessment | التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرك |
| Oil painting | رسم بالوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الأطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدیرن، نوێ |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆ نەکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Feelings | الأحاسيس | هەستەکان |
| Consciousness | احساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | احساس | هەستکردن |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Educational bags | حقائب تعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Cavalletto, Stand. | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، اتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Attitudes | اتجاهات | ئاڕاستەکان |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Art | الفن | هونەر |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Artistic | فني | هونەری |
| The art is the language of communication | الفن لغة اتصال | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | الفن التجريدي | هونەری ڕووتەڵەك |
| Graphic arts | فن جرافيك | هونەری گرافیك |
| Modern art | فن معاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆك، کرۆك |

| | | |
|---|---|---|
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | اثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | استجابة مرجأة | وڵامدانەوەی دواخراو، بەرتەکی دواخراو |
| Conscience | وجدان | ویژدان |
| Imagingation | الخيال، تخيل | وێناکردن، ، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ |
| Image | صورة | وێنە |
| Image mental | صور ذهنية | وێنەبیریەکان |
| Illustration | رسوم إيضاحية | وێنەی ڕونکاری |
| Assistant | مساعد | یاریدەدەر |
| Lesson Vocabulary | مفردات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Lesson units | وحدات الدرس | یەکەکانی وانە |
| Vocabulary | مفردات | یەکەی زمان |

## سەرچاوە کوردییەکان


– جۆن، ستیڤن کلبەرت. زمانی جەستەی ڕەنگ، تێگەیشتن لە پەیامە نهێنییەکانی مرۆڤ. و: مینە – کەمال حەسەن. لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە. سلێمانی، ٢٠٠٧

– سەعید، فایەق. تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار – چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٤

– سەعید، فایەق، قوتابخانەکان ڕوویان لە قیبلە نییە – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر، ٢٠٠٨

– عەلی، خەلیل. بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦

– عەلی، خەلیل. پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناخی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤.

– سلێمان، حسن، سەرەتایەك بۆ تێگەیشتنی هونەری تەشکیلی – و. نەژاد عزیز سورمێ – چ١ – بەغدا ،١٩٨٦

– د. تاهر، عبدالستار. قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی– عەرەبی– کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٥

– مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی، کوردی، چ٢، لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

– عبداللە، مجید، فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤

– د.عمر، محمد، فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی–کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣

– محەمەد، مەسعوود، زاراوەسازی پێوانە، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١


## سەرچاوە عەرەبییەکان


– البسیوني، محمود. الفن و تربیة الوجدان: دار المعارف – ١٩٨٥.

– أبو شعیرة، خالد. مدخل الی التربیة الفنیة، ط١، دار جریر– عمان، الأردن، ٢٠٠٠.

– بدري، مالك. سایکولوجیة رسوم الاطفال – دار الفرقان للنشر و التوزیع ٢٠٠١.

– البسیوني، محمود. الرسم في المدارس الابتدائیة، ١٩٨٥.

– البعلبکي، منیر (المورد) قاموس انکلیزي – عربي، دار العلم للملایین، بیروت ١٩٧٥.

– التربیة الفنیة– دلیل المعلم، الصف الثاني، وزارة التربیة والتعلیم– ادارة المناهج والکتب المدرسیة، عمان ، ٢٠٠٧

– جاردنر، هوارد.کتاب نظریة الذکاءات المتعددة – مصدر: الملتقی التربوي – من قسم الکتب الکترونیة .٢٠١١

– خمیس، حمدي. طرق تدریس الفنون لدور المعلمین و المعلمات العامة – المرکز العربي للثقافة و العلوم، بیروت، لبنان.

– خمیس، حمدي. طرق تدریس الفنون، ط٣، .١٩٩٣

– دولة الامارات العربیة المتحدة، منهج التربیة الفنیة للتعلیم الأساسي، ط٣، ١٩٩٦.

– دیون، جون. الفن خبرة، ت: زکریا ابراهیم –دار النهضة العربیة – القاهرة – ١٩٦٣.

- ريد، هربرت. الفن اليوم، ت: محمد فتحي و جرجيس عبده –دار المعارف، مصر، ١٩٨٥.
- زكي، لطفي محمد. نظريات في السلوك الفني و تطبيقاتها التربوية – دار المعارف، قاهرة: ١٩٦٩.
- زهراء عاطف زكريا. تنمية قدرات الطفل –الدار الوطنية الجديدة، الرياض.
- سوزانا ميلر. سيكولوجية اللعب، ت: يسي، رمزي حليم، ط١، المكتبة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.
- صنورة، مصري عبدالحميد. سيكولوجية التذوق الفني – دار المعارف، القاهرة – ١٩٨٥.
- عاقل، فاخر. معجم علم النفس، (انكليزي– فرنسي– عربي) دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧١.
- عبدالمطلب أمين القريطي. مدخل الى سيكولوجية رسوم الاطفال – دار المعارف، مصر: ١٩٩٥.
- العشماوي، محمد زكي. فلسفة الجمال في الفكر المعاصر. دار النهضة العربية، بيروت: ١٩٨٠.
- فرج، صفوة. الذكاء و رسوم الاطفال – القاهرة – ١٩٨٦.
- لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه، ت: سامي جمال و يوسف قطف – مكتبة الاداب، مصر – ١٩٦١.
- مجاهد، عبدالمنعم. دراسات في علم الجمال. دار الثقافة، القاهرة: ١٩٩٠.
- محمد، علي عبدالمعطي. الابداع الفني و تذوق الفنون الجميلة، الأزرايطة: دار المعرفة الجامعية، ٢٠٠٠.
- مطر، أميرة حلمي. علم الجمال و فلسفة الفن –دار المعارف، القاهرة: ١٩٨٩.
- منال عبدالفتاح. المهارات الاساسية للفنون البصرية لطفل الروضة – مكتبة زهراء الشرق ٢٠٠٥.
- منال عبدالفتاح، عواطف ابراهيم. المهارات اليدوية بين النظرية و التطبيق – مكتبة الانجلو المصرية القاهرة، ١٩٩٥.
- المهنا، عبدالله. التخطيط لتدريس التربية الفنية –مكتبة الفلاح، الكويت: ١٩٩٣.
- هويمان، دنيس. علم الجمال، ت: أميرة حلمي طه. مراجعة أحمد فؤاد الأمواني. دار احياء الكتب العربية، القاهرة: ١٩٥٩.

## سەرچاوە بیانیەکان:

- Kackny; Jeffrery Quality in School Environments: Amultiple, Case Study.
A: 4963. 12, no, 57, DAL, ph.D, Milwaukee, 1996.
- Tuman Donna Marie. Subject Matter and the Fomal Artistic Characteristics of, Dal – a 59/07, Dissertation Abstract International, Childrens Drawing Colunbia University Teachers College, 1999.
- Charles Harrison and Paul Wood. Art in Theory (1990) an Anthology of Changing Ideas.
- Mcfee Degge &, June, Regent Art. Culure And Encironment Acatalyst for Teaching Kendall, UI.S.A Hunt publishing Company. 1980.
–Brt,C,the Structure of the mind,brit, J.Educ. Psychol.,19,1949,pp.100-112

-The international Encyclopedia of Education. Research and Studies V6 M-O, 1985
-Stewart, Eric Lane (1991). Using Music in the Classroom, Mathematics Teacher, V.84,N.8,Nov
-Kestrom, J.M. (1998) the Untapped Power of Music: Its red in the Curriculum and Its Effect on Acadmic Achievement. Nassp Bullentin, 82,34-43
–Petra Bosse: Salt Dough,Condon Newyork, Sydney, 1996
–Thomassina Smilh: Finger Puppet London, Newyork, 1996